## دەستوور رایەڵی هەرێمی کوردستانە بە عێراقەوە
# کە دەستوور کێشەکان چارەسەر بکات بۆ کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی دەکرێت








## کاتێک ئافرەت کار بۆ سڕینەوە و ناشیرینکردنی هاوڕەگەزی خۆی دەکات



هونەرمەند ئیسماعیل جومعە:
## ئاساییە سوود لە مۆزیکی بیانی وەربگیرێت

## ئەو یاریزانانەی کە لە یۆرۆی (٢٠٠٨) دوور بوون






## مامۆستا دەبێ قاچی قوتابی بشوات!

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
تەلەفون: ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)

# نەتەوەیەکی شاراوە: چۆن کورد بەشداری لە پێکهێنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات؟



**فەیسەڵ دەباغ**

بڕیار بوو پلانەکەی ئەمەریکا لە عێراقدا بەم شێوەیە بێت:
(لە ناوبردنی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر و، ڕزگارکردنی گەلانی چەوساوەی عێراق کە پاشان بە گوڵ و ڕەیحان و سوپاسبێژییەوە پێشوازیی لە هێزەکانی دەکرێ و، ئەمەریکاش هاوپەیمانێکی نوێی سەر بە ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەدەست دێنێ).

بەم پێشەکییە دانەری ئەمەریکی کۆیل لۆرەنس دەست بە کتێبە گرنگ و پڕ بایەخ و وروژێنەرەکەی
(نەتەوەیەکی شاراوە(INVISIBLE NATION) دەکات کە دەربارەی کوردی عێراقە، ئەو کوردەی کە هاوپەیمانێکی بەهێز و گرنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو لەو شەڕەی کە بۆ لە ناوبردنی ڕژێمی سەددام حوسێن ئەنجامی دا.

لە ڕاستیدا من ئینگلیزییەکەم زۆرباش نییە بەڵام ئەو برادەرەی کە دانەیەکی ئەو کتێبەی بۆ خۆی لە دەرەوە هێنابووی، زۆر ئیلحاحی لێکردم کە شتێکی لەسەر بنووسم و ئامادەیی خۆشیی نیشاندا بە زارەکی بابەتەکانی بۆم بکاتە کوردی.

ئیتر هەر وامان لێکرد و کەکۆتایشی بە یاداشت کردنیانم هێنا، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی من لەو برادەرە زۆر بە پەرۆشتر بووم.

دانەر لە کتێبەکەیدا ئەوە ڕاڤە دەکات کە چۆن پلانەکەی ئەمەریکا لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا سەری نەگرت و تەنیا سەرکەوتنیش کە بەدەستی هێنابێ لە هەرێمی کوردستان بووە، ئەو هەرێمەی کە تیایدا کورد بە ورەیەکی بەرز و ڕژد بوونەوەوە هەوڵی کۆمکرنی خۆی دەدات و خەونیشی بەراگەیاندنی سەربەخۆیی فیعلی خۆی و جیابوونەوەی لە بەشەکانی دیکەی عێراق دەبینێ.

لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئازار بەدەستی بەرهەڵستکارە دڕو و تیرۆریستان و داگیرسانی ئاگری دووبەرەی تایفییەوە دەچێژێ، بارەکە لە کوردستان بە تەواوی جیاوازە کە جۆرە ئارامی و جێگیری دەسەڵاتی پێوە دیارە و دەسەڵاتیش لەلایەن گەورە سەرکردە کوردەکانەوە بەڕێوە دەچێت کە توانیویانە تا رادەیەکی زۆر سوود لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەربگرن بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕۆژئاوا بۆ ناوچەکەیان و بەهێزکردنی قەوارە کوردییەکەیان.

کتێبەکە زۆر بە وردی ڕاڤەی مێژووی پەیوەندییەکانی کورد-ئەمەریکا دەکات، کە چۆن لە دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایی سەددام حوسێندا ئەو کوردە لەلایەن ئەمەریکاوە لە ناوچەیەکی دژە فڕیندا دەپارێزرا و هەرلە ژێر سەرپەرشتی ئەمەریکاش بوو بە خاوەن مزییەتێکی کارەکی کە ئەمرۆ لەسەر ئاستی عێراق و ئەقلیمی و جیهانیدا حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرێ.

کورد بە درێژایی ماوەی لکاندنی بە عێراقەوە. بەهۆی خەباتی بێ وچانی گشت ئەرکانی عێراقی هەژاندبوو، هەر جارێ تۆمەتی ئەوەیان دەدرایە پاڵ کە گوایە ئەو خەباتەی بە فیتی بێگانەوە بوو، بەڵام ئەوەی ئەمرۆ سەیری واقیعی کوردستان بکات بۆی روون دەبێتەوە کە ئەگەر ئەو گەلە تەشقەلەی پێ نەکرێ و وازی لێ بهێنرێ دەتوانێ بە شێوەیەکی ئازاد بژی و بەوپەڕی ئارامییەوەش ڕەفتار لەگەڵ دەورووبەریدا بکات.

ئەمەریکا رۆڵێکی هەبوو لە پێشخستنی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کە کورد پاش ڕاپەرینی ١٩٩١ وەدەستی هێنابوو، ئەو قەوارەیە لاگیری دیموکراتییەت و ئەمەریکایە، ڕاستە ناوچەیەکی موسڵمانە، بەڵام ثیوکرات نییە.

دانەر دەڵێ: لە هەرێمی کوردستاندا هەست بە هیچ یاخیبوونێك ناکەی و سەربازە ئەمەریکییەکانیش لەوێ ناکوژرێن، ئەمە سەرەڕای نەبوونی جیاوازیی تایفی، هەر کەسەو ئازادە لە پەیڕەو کردنی مەزهەب و ئایینی خۆی کە ئەمانەش گشتیان هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئەوەی ئەو هەرێمە ببێتە ناوچەیەکی سەرکەوتوو لە پرۆژەی بنیادنانی نەتەوە لە مێژووی ئەمەریکادا.

لۆرەنس ئەو پرۆژەیەی کردۆتە بابەتێکی سەرەکی کتێبەکەی و زۆر بە وردیش باسی ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و گلەیش لە میدیاکانی جیهان دەکات کە تا ئێستا بایەخێکی ئەوتۆیان بەو هەرێمە نەداوە و تەنیا بایەخ بەو ڕووداوە سلبیانەیان داوە کە لەو بەری باشووری عێراقدا ڕوودەدەن.

بە قسەی لۆرەنس ڕووداوە ئیجابییەکانی هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکە کە پێویستە بێنە باسکردن، ڕاستە ئەو پەیامنێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەردووکەناڵی PRI و BBC بەڵام دوور لە زمانی ڕۆژنامەنووسی ڕووداوەکان بەپێی کات ریزبەند دەکات و چاوێکیش بە مێژووی کورد دەخشێنێتەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی بێ لە زەتیش کە بە قسەی دانەر کەس ناتوانێ پشتی خۆی لێ بکات، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەناوی کوردەوە دەدوێن ئەوەیە: کورد کێیە؟ دانەر بەر لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن حکومەتێکی وەك تورکیا بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە چەند ملیۆنێکی کوردی خۆی پشتگوێ خستووە.

لە واقیعدا، دانەر لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەڵێ: کورد ڕەگەزێکی کۆنی ناسراوە، زمانیان کوردییە و لە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی جیاوازە و لەسەر خاکی خۆیان دەژین کە پێی دەگوترێ کوردستان .

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

# ڕێکخەری حکومەت بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتوەکان

## ڕاپورتێک سەبارەت
## بە یەکەم کونگرەی بەدواداچوونی ساڵانەی پەیمانی نێوەدەوڵەتی لەگەڵ عێراق



د.دیندار زێباری
ستوکهوڵم – ئایاری ٢٠٠٨

لە کۆتایی مانگی ئایاری رابردوودا، یەکەم کونگرەی بەدواداچوونی ساڵانەی پەیمانی نێوەدولەتی لەگەڵ عێراق لە ستۆکهوڵمی پایتەختی سوید بەڕێوەچو لەژێرچاودێری (فرێدریك رێنفێلتد) سەرۆك وەزیرانی سوید بە بەشداری زیاتر لە ٩٧ وڵات و رێکخراوی نەتەوەیککگرتووەکان و رێکخراوی دیکەی جیهانی. وەفدی عێراق لەم کونگرەیە بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی عێراق د. نوری المالکی بوو و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە وەفدەکە پێك هاتبوو لە بەرێزان وەزیری پلاندانان و رێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ نەتەوەیککگرتووەکان کە بە فەرمی بانگهێشت کرابوون لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە. ئامانج لە بەستنی ئەم کونگرەیە بۆ خستنەڕووی ئەو پێشکەوتنی عێراق بەدەستی هێناوە لە هەموو بوارەکان لە ماوەی ساڵێکدا لە دوای راگەیاندنی پەیمانی نێوەدوڵەتی لەگەڵ عێراق بۆ ماوەی پێنج ساڵ کە نیسانی ٢٠٠٧ لە شرم الشیخ راگەیندرا. پەیمانی نێوەدەوڵەتی لەگەڵ عیراق پێشنیارێکی عێراقیە بە ئامانجی کۆکردنەوەی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ بەدست هێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی و کارکردن بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی گەلی عێراق لە چەسپاندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراسی یەکگرتوو کە ئاسایش تیایدا بەرقرارە بێت و هاوڵاتیان لە ئەرك و مافدا یەکسان بن. هەروەها ئەم پەیمانە بناغەیەکیشە بۆ پتەوکردن و گەشەپێدانی باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دابینکردنی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی بەردەوام، بەگەرخستنی کەرتی تایبەت، وکرانەوەی ئابووری ووڵات بەرووی دەوڵەتە ئیقلیمی و دراوسێکاندا.



پوختەی وتە گرنگەکان

١. سەرۆك وەزیرانی عیراق د. نوری المالکی ئەم بابەتانەی خوارەوە خستە روو:

- عیراق پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە و دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای ئاشتەوایی نیشتمانی و سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنەکانی چەسپاندنی یاسا لە بەغدا، بەسرە، موسڵ، ئەنبار و گەراندنەوەی ١٠ هەزار ئەفسەری سوپای پێشوی عێراق و دەرکردنی لێبوردنی گشتی و تەرخانکردنی ١٩٥ ملیون دولار بۆ گەراندنەوەی راگوێزراوە ناوخوییەکان بۆ شوێنی خۆیان باشترین بەڵگەن بۆ ئەو پێشڤچونانە.

- بواری ئابووری گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینیوە و کەمکردنەوەی رێژەی هەڵاوسان و بێکاری و زیادکردنی بەرهەم هێنانی نەوت رەنگدانەوەی ئەو گەشەسەندنن.

- لە ماوی ساڵێکدا ٩٦ یاسا پەسەند کراوە وەکو یاسای کۆمسیونی سەربەخۆی هەڵبژاردن و یاسای باج و هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ پەسەندکردنی یاسای نەوت و غاز.

- لێبوردنی دەوڵەتانی دراوسێوە لە قەرزەکانی عێراق بابەتێکی تری وتەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو.

٢. جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق د. بەرهەم ساڵح:

- جەخت کردەنەوە لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراق.

- بەرزنرخاندنی رۆڵی نەتەوەیککگرتوەکان لە دابینکردنی یارمەتی بۆ ئەو مەسەلانەی کە ئەمرو عێراق رووبەرووی دەبێتەوە وەکو ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن و کێشەی ناوچە

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

دابراوەکان.

- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە کە گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ئەویش بە هۆی بوواردان و پاڵپشتی کردنی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان.

٣. سکرتێری گشتی نەتەوەیکگرتووەکان بان کی مون

- دووپات کردنەوەی پشتیوانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ حکومەت و گەلی عێراق لە جێبەجێ کردنی ئەو کێشە قورسانەی کە ڕووبەرووی دەبێتەوە وەکو مەسەلەی هەڵبژاردەکان و ناوچە کێشەدارەکان و چاوپێداخشانەوەی دەستور و سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ.
- دەستخوشی کردن لە حکومەتی عێراق بۆ پەسندکردنی چەند یاسایەکی گرنگ وەکو یاسای ئاشتەوایی و لێبوردن و بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ و جەختکردنەوە لە سەر پەسەند کردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای نەوت و غاز بە زووترین کات.
- جەخت کردنەوە لە سەر گرنگی یەکگرتنی عێراقییەکان بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو کێشانەی کە دووریان دەخاتەوە لەیەك بۆ ئەوەی وەکو پێکهاتێکی فیدراڵی بتوانن سوود لە سامانەکانی وڵاتەکەیان وەرگرن.

٤. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خاتوو کوندالیزا رایس

- داواکردن لە دەوڵەتان بۆ بەخشینی عێراق لە قەرزەکانی.
- بەرزنرخاندنی رۆڵی نەتەوەیکگرتووەکان لە پاڵپشتی کردنی عێراق بە تایبەتی لە مەسەلەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی و یارمەتیدانی ئاوارە ناوخوییەکان و کێشەی ناوچە دابراوەکان و هەڵبژاردنەکان.
- دەستخوشی کردن لە سەرکردایەتی عیراق بە تایبەتی سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق لە رۆڵی بەرچاویان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیمانی نێودەوڵەتی.

راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرە

- بەرزنرخاندنی ئەو پێشکەوتنی عێراق بەخۆییەوە بینیوە لە ماوەی ساڵێکدا بە تایبەتی لە بواری ئابووری و ئەمنی و سیاسی.
- دەستخوشی کردن لە حکومەتی عێراق بۆ ئەو دەستکەوتانەی بەدی هێناوە لە بواری یاساییەوە وەکو پەسەندکردنی یاساکانی لێبوردن و ئاشتەوایی نیشتمانی و دەسەڵاتی پارێزگاکان.
- داواکردنی عێراق لە هاوکارە نێودەوڵەتییەکانی بۆ وەبەرهێنان لە عێراق.
- بەرزنرخاندنی هەوڵەکانی عێراق بۆ بە ئەندامبوون لە رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی و دەستخوشی لێکردنی بۆ پەسندکردنی رێکەوتنەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە گەندەڵی و ئەشکەنجەدان.
- جەخت کردنەوە لە گرنگی چەسپاندنی سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مافی ئافرەتان و ژنان و کەمە نەتەوایییەتێکان.
- بەردەوام بوون لە پاڵپشتی کردنی هەوڵەکانی گەل و حکومەتی عێراق بۆ بنیاتنانی عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتی فیدراڵ لە سەر بنەماکانی سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.
- رێکەوتن لە سەر ئەنجامدانی کۆنگرەی بەدواداچوونی ساڵانە تا ساڵ ٢٠١٢.
- رچاوکردنی داواکارێکەی حکومەتی عێراق بەبەستنی کۆنگرەی ساڵی داهاتوو لە بەغدا.



# سەروەریی عیراق لە سنوورەکانی کوردستانەوە دەشکێنرێت، بۆیە پاراستنی گرنگە



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

کاتێك باس لە رێککەوتننامە ستراتیژیە چاوەڕوانکراوەکەی نێوان عیراق و ئەمریکا دەکرێت، زۆر لە ناوەندە سیاسیەکانی عیراق، بە تایبەتی ئەوانەی لە ناو حکومەت و پرۆسەی سیاسی دان، باس لە سەروەری (سیادە)ی عیراق دەکەن و جەغت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە یەکەم مەرجی ئەو سیادەیە لەوەدایە کە سنوورەکانی وڵاتەکەیان لە دەستدرێژی و هەڕەشەو مەترسیەکانی دەرەوە بپارێزرێت. لەو بوارەدا، ئەم ناوەندانە نایشارنەوەو دەڵێن وڵاتەکەیان، تا ئەمڕۆش، توانای پاراستنی سنوورە دەرەکیەکانی خۆی نیە. بۆیە وەك چۆن لە پاراستنی ئەمنیەتی ناوەخۆدا، تا ئێستاش، پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتیی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا هەیە، بە هەمان شێوەو بگرە زیاتریش، لە بواری پاراستنی سنوورەکانی دەرەوەی عیراق لە دەستدرێژی و تەماحەکانی دەوڵەتانی دراوسێ، پێویستیان بە یارمەتیی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا هەیە.

لە راستیدا ئەمریکیەکانیش، لە لایەن خۆیانەوە، نکوڵی لەو راستیانە ناکەن و پێیان وایە تا دوارۆژێکی دووریش رەنگە مەسەلەی پاراستنی سنوورەکانی دەرەوەی عیراق لە ئەستۆی ئەوان دا بێت. بگرە واشنتۆن، پێ دەچێت، زۆر بە روونی ئەوەیشی لەبەر چاو بێت کە چەند دەوڵەتێکی دەوروپشت، بە تایبەتی ئێران و تورکیا، هەمیشە مرخیان لەوە خۆش کردوە کە سنووری عیراق ببەزێنن. لەوەش زۆرتر، لە پانتایی مێژووی دوای شەڕی جیهانی یەکەمدا، هەمیشە چاویان لەوە بووەو ئێستاش چاویان لەوەیە لاپەڕە رەشەکانی مێژوو هەڵدەنەوەو هەر یەکەو پارچەیەك لە سنوورەکانی عیراق، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، بقرتێنن بۆ خۆیان. ئێران زۆر جار، بە رەسمی و غەیرە رەسمی باس لە پرۆتۆکۆڵی ساڵی ١٩١٣ و رێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ دەکات. تورکیاش زۆر جار لە ناوەندە غەیرە رەسمیەکانی خۆیدا، نایشارێتەوەو بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە ئێستاش چاوی لە خاك و نەوتی (ویلایەتی موسڵ)ە.

بێجگە لەو تەماحە کۆنینانە، هۆی دیکەش هەن پاڵ بەو دوو دەوڵەتەوە دەنێن کە ناوە ناوە سەروەریی عیراق پێشێل بکەن و بە سوپاو تۆپ و تەیارە زیان بەو سەروەریە بگەیەنن. راستە، لە رووکەش چەند هۆیەك بۆ ئەو دەستدرێژیانەیان باس دەکەن وەك جێگیر بوونی چەند پێگەیەکی (پی کە کە) و (پژاك) لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراقدا.

بۆ نموونە، تا ئێستا تورکیا، بەو بیانووە، بیست و پێنج جار سنووربەزاندنی کردوەو دەیان و بگرە سەدان هاوولاتیی کوردی عیراقی کوشتووە. بە دەیان جاریش هێزە ئاسمانیەکانی ئەنقەرە ناوچەکانی کوردستانی عیراقیان تۆپ باران کردوەو زەرەرو زیانیان بە دەیان گوندی ناوچەکان گەیاندوە. زۆر چاودێری سیاسی پێیان وایە مەبەستی سەرەکی سوپای تورکیا لەو هێرش و پەلامارە سەربازیانەی بۆ سەر سنووری کوردستانی عیراق، بە پلەی یەکەم، بەربەرەکانی کردنی حکومەتی کوردستان و پێشیل کردنی سنوورەکانی عیراق و یەکلا کردنەوەی هەندێك ناکۆکی و تەماحی مێژوویی خۆی بووە نەك مەسەلەی (پی کە کە).

لەولاوە، دەوڵەتی ئێرانیش کەمی دەرهەق بە سنوورەکانی عیراق نەکردوە بە تایبەتی لە کوردستانی عیراقدا. هەر کاتێك بۆی لوا بێت بە تۆپ و تەیارەو بگرە سەربازو پاسداریش دزەی کردۆتە ناو کوردستانی عیراق و پەلاماری ئێرەو ئەوێی کوردستانی داوە. ئەویش، وەك ئەنقەرە، مەبەستی لاواز کردنی عیراق و شکاندنی سنوورەکانی و یەکلا کردنەوەی ناکۆکیە مێژوویيەکانی بووە لە بواری خاك و سنووردا نەك راوەدوونانی (پژاك). لەو ناوەڕاستەدا، سەیرو سەمەرە، هەمیشە ئەوەیە کە سنوورەکان لە ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراق هەمیشە هێمن و بێ گیروگرفت بووەو لە هیچ خاڵێکی دا تووشی هیچ جۆرە سنوور بەزاندنێك نەهاتووە لە لایەن هیچ دەوڵەتێکەوە. راستە، ئێران، لێرەو لەوێی سنوورەکانەوە، لەو ناوچانەوە، دزەی کردۆتە ناو خاکی عیراق و چەکی بۆ ئەم گروپ و ئەو گروپ لە بەسرەو کوت و بەغداو عەمارە ناردوە. بەڵام تا ئێستاش لە شەڕی عیراق و ئێران (١٩٨٠ — ١٩٨٨) بترازێت، هیچ جۆرە هێرشێکی سەربازیی نەکردۆتە سەر ئەو سنوورانە. لەم ناوچانەدا، بە تایبەتی لە دوای رووخانی رژێمی پێشوو، هەمیشە تیرۆری ناوەخۆ مەترسیە گەورەکە بووە، نەك شکاندنی سەروەری و سنووری عیراق لە لایەن سوپاو تۆپخانەی ئێرانەوە. هەمان ئەو مەبدەئە راستە بۆ ناوچەکانی عیراق لەگەڵ کوێت و سەعوودی و ئوردوون و سووریاش. بەڵام بە نیسبەت ئەو بەشە سنوورانەی عیراق کە لەگەڵ ئێران و تورکیا هاوبەشن و دەکەونە کوردستان، ئەوا هەمیشە مەترسیی گەورە خەتەری هێرشی سەربازیی دەرەوە بووە. بۆیە، سنوورەکانی عیراق، لەوەتەی عیراق ئازاد کراوە تا ئەمڕۆ و تا دوارۆژێکی دووریش، ئەگەر پێویستیان

بە هەر جۆرە پارێزگاری کردنێکی سەربازیی ئەمریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبێت، ئەوا گومانی تێدا نیە، لەو بەشە سنوورانەدا پێویستیان پێی هەیە، کە کەوتوونەتە کوردستان.

راستە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دا بێت، عیراق لە دوو مەیدانی گرنگ دا پێویستی بە پاراستنە. رەنگە رێککەوتننامە ستراتیژیەکە باس لەو مەیدانە بکات: یەکەمیان، لە بواری ناوەخۆدا بە تایبەتی لە بواری روو بە روو بوونەوەی مەترسیەکانی تیرۆرو یاساشکێنان. دووەم، لە بواری سنوورەکانی دەرەوەو هێرش و دەستدرێژیی بۆ سەر عیراق. واتە لە بواری ئەو خەتەریاتە ناوچەییانەی روو بە رووی سنوورەکانی عیراق دەبنەوە. لە مەسەلەی یەکەمدا، هەق وایە لە ناو دەقی رێککەوتننامە ستراتیژیەکەدا، چەندین بنکەو ئۆردووی سەربازی لە ناوەڕاست و خوارووی عیراق هەبێت بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو ئۆردوو و بنکانە جێگیر بن و بتوانن یارمەتیی هێزە سەربازیەکانی عیراق بدەن لە بەرامبەر تیرۆریستان و یاساشکێنانی ناوەخۆ. بەڵام بە نیسبەت ئەو بەشە سنوورە عیراقیانەی کەوتوونەتە کوردستانەوە، ئەوا وێنەکە تەواو پێچەوانەیە. لەو سنوورانەدا سوپاکانی تورکیاو ئێران، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دا بێت، بەردەوام یاسادەشکێنن و سنوور دەبەزێنن و هێرشی سەربازی ئەنجام دەدەن و ناوچەکان تۆپ باران دەکەن. لەم ناوچانەدا، رۆژانەو بەبەر چاوی هەموو عیراق و جیهانەوە، سەروەریی عیراق دەخرێتە ناو زەلکاوی بێ حورمەتیەوە.

بەم پێیە، ئەگەر لە رێککەوتننامە ستراتیژیە چاوەڕوان کراوەکەی نێوان عیراق و ئەمریکا، ئەرکی پاراستنی سنوورەکان لە مەترسیی دەرەکی بخرێتە ئەستۆی ئەمریکیەکان، ئەوا مانای وایە دەبێت حکومەتی عیراق نەك هەر رازی بێت، بەڵکو هەوڵ بدات ئەمریکیەکانیش رازی بکات لەسەر ئەوەی چەند بنکەی ئاسمانی و ئۆردوویەکی ئەمریکی لە کوردستانی عیراق جێگیر بکرێن. ئەرکی ئەم بنکەو ئۆردووانەش پاراستنی میللەتی کورد نەبێت، بەڵکو ئەرکە گەورەکەیان پاراستنی سنوورەکانی عیراق بێت بەرامبەر بە هەر دەست درێژی کردنێکی دەوڵەتانی بێگانە.

خۆ ئەگەر حکومەتی عیراق حەقیقەتی مەترسیەکانی سەر سنووری کوردستانی لەبەر چاو نەگرت و بایەخی پێویستی بەو مەسەلەیە نەداو هەوڵی خۆ دزینەوەی دا لەو بابەتە گرنگە، ئەوا مانای وایە ئەم حکومەتە نە بە تەنگ سەروەریی عیراقەو نە خەمی سنوورەکانی خۆی دەخوات و نە دەیەوێت سنوورەکانی لە هێرش و دەستدرێژی و تۆپ باران و هەڕەشەی دەوڵەتانی بێگانە بپارێزێت. راستە، ئەرکی کوردە ئەم ناوچانە بپارێزێت. بەڵام کوردیش وەك عیراق رەنگە تا ئێستا توانای ئەوەیان نەبێت ئەم سنوورانە بپارێزن. هەروەها سوپای عیراقیش ئەو توانایەی نیە. بۆیە ئەمریکا وەك ئەمنیەتی ناوەخۆی عیراق لە ناوەڕاست و خوارووی عیراق دەپارێزێت، دەبێت بە هەمان شێوە سنوورەکانی عیراقیش لە کوردستان لە دەستدرێژی دەوڵەتانی دیکە بپارێزێت. ئەمەش بەشێکە لە پاراستنی سەروەریی عیراق.

لێرەدا، هەندێك ناوەندی سیاسی، چ لە بەغداو چ لە ئەنقەرەو تاران، رەنگە پرسیاری (پێ کە کە) و (پژاك) بێننە گۆڕێ. هەروەها ئیشارەت بەوەش بدەن کە ئێران و تورکیا رازی نابن هیچ جۆرە هێزێکی ئەمریکایی لە کوردستان جێگیر بکرێت. بەهانەی تاران و ئەنقەرەش، لێرەدا، رەنگە ئەوە بێت گوایە ئەوان خوازیاری شکاندنی سنووری عیراق نین، بەڵکو زۆر رێز لە سەروەری ئەو وڵاتە دەگرن و زۆر جار مەسەلەی راوەدوونانی جەنگاوەرانی ئەو دوو حزبە وایان لێ دەکات مەجبووری سنووربەزاندن ببن.

بێگومان، ئەم جۆرە قسانە لە بەهانە بەولاتر هیچی دیکە نین چونکە کاریگەرترین رێگەی نەهێشتنی جەنگاوەرانی ئەو دوو حزبە لە ناوچە سنووریەکاندا ئەوە نیە رۆژانە سەروەریی عیراق بخرێتە ژێر پێیانەوە، بەڵکو لەوەدایە ئەو سەروەریە بە کردەوە بپارێزرێت. کاتێك بە کردەوە ناپارێزن، ئەوا بلاو بوونەوەی چەند یەکەیەکی ئەمریکی لە کوردستان دەبێتە ئەرکێکی نیشتمانی لە عیراقدا. ئەو هێزو بنکانە، بە هاوکاریی پاسەوانانی سنووری هەرێمی کوردستان، دەتوانن رێگە لە دزە کردنی ئەو جەنگاوەرانە بگرن بۆ ناو خاکی تورکیا و ئێران. ئەم رێگە گرتنەش وەك مەعلومە قازانجێکی گەورە بە هەر دوو ئەو دەوڵەتە دەگەیەنێت چونکە ئیتر هێزەکانی ئەمریکا بەرپرسی ئەوە دەبن نەهێڵن هیچ جۆرە پشێویەك لەو ناوچە سنووریانەدا روو بدات.

ئەوەی زۆرتر لە راستی نزیك بێت ئەوەیە کە بەغداو ئەنقەرەو تاران ترسیان لەوەیە جێگیر بوونی چەند یەکەیەکی ئەمریکی لە کوردستان ببێتە هۆی بە نێودەوڵەتی کردنی مەسەلەی کورد. هەروەها ببێتە مایەی توندوتۆڵ بوونی هاوپەیمانێتی کوردو ئەمریکا. بۆیە، دوور نیە ئەوەی لە دەستیان بێت بیکەن بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەو رێککەوتننامە ستراتیژیە چاوەڕوان کراوەدا، مافی ئەوەیان نەبێت لە ناو کوردستانی عیراقدا جێگیر بکرێن. رەنگە شتێکی تازە نەبێت ئەگەر بڵێین، هەندێك لە ناوەندەکانی سیاسەت لەو سێ پایتەختەدا، بەتایبەتی ناوەندە شۆڤێنیست و بیرتەسکەکان، بەلایانەوە گرنگ نەبێت سەروەری عیراق دەشکێت یان ناشکێت. سنوورەکانی تووشی مەترسی دێن یان نایەن. بەڵکو گرنگی هەرە گرنگ بۆ ئەوان ئەوەیە کە کورد لەو پاڵپشتە ئەمریکیە دابڕێن کە لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا پەیدای کردوە. بەڵێ، وای بۆ دەچن. وای لێك نادەنەوە کە سەروەری و سنوور شکاندنی عیراق، تا ئەمڕۆش، لە لایەن تورکیاو ئێرانەوە، تەنیا هەر لە سنووری کوردستانی عیراقەوە دەکرێت.

**عیراق لە دوو مەیدانی گرنگ دا پێویستی بە پاراستنە. یەکەمیان، لە بواری ناوەخۆدا بە تایبەتی لە بواری روو بە روو بوونەوەی مەترسیەکانی تیرۆرو یاساشکێنان. دووەم، لە بواری سنوورەکانی دەرەوەو هێرش و دەستدرێژیی بۆ سەر عیراق**

**بەغداو ئەنقەرەو تاران ترسیان لەوەیە جێگیر بوونی چەند یەکەیەکی ئەمریکی لە کوردستان ببێتە هۆی بە نێودەوڵەتی کردنی مەسەلەی کورد. هەروەها ببێتە مایەی توندوتۆڵ بوونی هاوپەیمانێتی کوردو ئەمریکا**

# وەک خۆت بە!



سالار عوسمان

*پێم سەیرە مرۆڤ نەتوانێ خۆی پێناسە بکات، لەوە سەیرتر ئەوەیە پێناسەیەکی تر پێشکەش بە بەرامبەرەکانی بکات، لەهەردوو حاڵەتەکەدا زەرەرمەندی یەکەم خودی مرۆڤەکە خۆیەتی ئینجا بەرامبەرەکانی، چونکە:

- لەحاڵەتی یەکەمدا ناتوانێ خۆی پێناسە بکات کەواتە خۆی ون کرد و لەخۆ ونکردنیشدا مانایەک بۆ وجود نامێنێتەوە!
- لە حاڵەتی دووەمدا کەسێکی ترمان پێشکەش دەکات، کەسی دووەم کەسێکی دروستکراوی ناڕاستە و ژیان لەگەڵ کەسێکی ناڕاستی دروستکراو وەک لە نێوان ئەم دوو حاڵەتەدا نزیکییەک هەیە، نزیکییەک کە ڕەنگی مەوداکانی لە یەکتر دەچێ چونکە هۆکارەکانی حاڵەتی یەکەم وا لە مرۆڤ دەکات پەنا بۆ پێناسەیەکی تر ببات هەربۆیەشە حاڵەتی دووەم دروست دەبێت!

* بڕوا نەبوون بەخۆت، بڕوا نەبوون بە بیروڕا و جیهانبینینی خۆت وات لێدەکات نەتوانی بڵێی (ئەوە منم، ئەوە بیرکردنەوەکانم، ئەوە ڕەنگی هزر و ئەوە ئاسۆی بینین و ئەوەش مەودای ڕوانینەکانم!)... کە نەتتوانی ئەوە بکەیت، کە نەتتوانی خۆت پێناسە بکەیت بەر لەهەر شت ئازاری خۆت دەدەیت، خۆت دەکوژیت و بەدەم ئەو کوشتنەدا گینگڵ دەخۆیت!.. دەبێ ئەو حاڵەتە دەروونییە چەند ئەستەم و پڕ ئازار بێت کە مرۆڤ نەتوانێ گوزارشت لە بوونی خۆی بکات!.. بێگومان ئەو هۆکارە زۆرن کەوا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێ پێناسەی دروستی خۆی بکات بەتایبەت لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەی دواکەوتوویی ڕێگە ڕووناکەکانی گرتووە، هۆکارەکانیش بریتین لە (هۆکاری ئایینی- هۆکاری جڤاکی- هۆکاری کلتووری...) کە هەریەک لەو هۆکارانە باسێکە و لق و پۆپی تری لێ دەرسکێ!..

* حاڵەتی دووەم کە بە بڕوای من لە نێو زگی حاڵەتی یەکەم لەدایک دەبێ بریتییە لەوەی مرۆڤ پێناسەیەکی تر بۆخۆی دەدۆزێتەوە و کەسایەتییەکی تر بۆ خۆی دروست دەکات کە دژو ناکۆکە لەگەڵ خۆی، بەڵام کۆمەڵگا قبوڵیەتی!.. دیارە کۆکردنەوەی دوو کەسایەتی و هەندێ جار زۆرتریش لەیەک کەسدا نەخۆشییەکی دەروونییە و زانایانی ئەو بوارە دەتوانن باشتر قسەی لەبارەوە بکەن بەڵام ئەو گۆشەیەی من دەمەوێ ڕووناکی قسەی بخەمە سەر ئەوەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا ئەو کەسانە زۆرن کەوێنەی ڕاستەقینەی خۆیانمان لێ دەشارنەوە و وێنەی کەسایەتییەکی ترمان پێشکەش دەکەن، وێنەیەکی درۆ، وێنەیەکی زەیف!.. ژیان لەگەڵ وێنەی دووەم (وێنەی درۆ) ژیانێکی قورس و نادروست و پڕ سەر ئێشەیە هەربۆیەش لە کۆمەڵگەی وەک ئێمەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی گرژ و ناکۆک و پڕ گرفتن! خوێندنەوەیەکی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و جۆروچۆنییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و وردبوونەوە لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو خوێنە بەردەوامەی لە ئەنجامی شەڕو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ڕژاوە و دەڕژێ گەواهی ئەو ڕاستییەن کە وێنەی دووەم (وێنەی درۆ) هەمیشە کۆمەڵگە لە چەقبەستوویی و تاریکی دەهێڵێتەوە!!..

* گرنگ مرۆڤ وەک خۆی بێت!.. وەک خۆی بژی و وەک خۆی بیر بکاتەوە و وەک خۆی هەنگاو بنێ، ئاخر لەنێو درۆدا ژیان چۆن باڵا دەگرێ و هەنگاو چۆن بەرپێی خۆی دەبینێ!..

* گرنگە حکومەت هاوکاری تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بکات تا وەک خۆیان بن، وەک خۆیان بن ئەگەر ویستیان هاوار بکەن، وەک خۆیان بن ئەگەر ویستیان ڕەخنە بگرن چونکە لەو (وەک خۆبوونەدا) تاکەکان تاکی دروست و ساغڵەم و بێ گرفتیان لێ دێتە بەرهەم و کارکردن لەگەڵ تاکی ساغڵەم و بێ گرفتیش کۆمەڵگا بەرە و کرانەوە و پێشڤەچوون دەبات، لەم بوارەدا حکومەت دەبێ پلانی هەبێ، پلانێک کۆمەڵگا بەرەو کرانەوە و تاک بەرەو وێنەی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێتەوە، وێنەی یەکەم!!

پێویستە نێوەندەکانی کلتوور و زانست و میدیا لە کوردستان ئەو دیوارە ئەستوورانە بشکێنن کە زەمەنێکی زۆرە ڕووناکی لێ قەدەغە کردووین، چونکە مرۆڤ لە دیار ڕووناکیدا دەتوانێ وێنە ڕاستەقینەکانی خۆی نمایش بکات! ئەوەی ئێستا هەیە ترسە، تاریکییە، هەمیشە لەنێو ترس و تاریکیدا وێنە دروستەکان تێکدەشکێن، لە نێو شکانیشدا جوانییەک نامێنێتەوە بۆ ژیان، مانایەک نامێنێتەوە بۆ خەون!.. دەبێ میدیا و نێوەندەکانی دیکەی زانست و هزر و کلتوور پێشڕەوی شکاندنی ئەو دیوارە ئەستوورانە بن!..

* گرنگە تاکەکانیش لە وێناکردنی خۆیاندا ئازا و ئازادبن و خۆیان لە کوشتنی خۆیاندا ڕزگار بکەن، چونکە خۆ پێناسە نەکردن جۆرێکە لە خۆکوشتن!.. بۆیە دەبێ لەمەودوا خۆیان پێناسە بکەن تا بژین!!..

Salar osman@yahoo.com

# گرفتی رۆڵی رۆشنبیری کورد لە پرۆسەی دیموکراتی



د. کامەران سائحی

سەرەڕای ئەوەی لە رۆژگاری ئێستادا هزری سیاسی کوردی دەستی کردووە بە جۆرێك لە بەخۆداچوونەوە، کە ئەمەش وای کردووە جۆرێك لە رەخنەی عەقڵانی لە پێناو پیادەکردنی دیموکراتییەت لە کۆمەڵگای کوردستانی گەشە بکات، ئەمەش لەسەر بنەمای هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات و ئازادی وە کارکردن لە پێناو پێشکەشکردنی رۆشنبیرییەت و لێکدانەوەی ئەم رۆشنبیرییەتە لە پێناو گۆڕانکاریدا، وەکو دەردەکەوێ رۆڵی هەندێك لە رۆشنبیرانی کورد لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی دیموکراتی تەنیا لە چوارچێوەی تیۆری خۆی دەبینێتەوە ئەمەش وا دەکات پرسیار گەلێك دروست بکات لەسەر رۆڵی رۆشنبیری کوردی لە پرۆسەی گۆڕانکاری و بوونیادنانەوە و چاکسازی و هەموو رەهەندەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت رەهەندە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان.

نکۆڵی لەوە ناکرێ ئێستا پرۆسەی گۆڕانکاری بەرەو ئاقارێکی باشتر هەنگاو دەنێ بەڵام ئەوەی بۆتە رێگر لەبەردەم پێشکەوتنی ئەم گۆڕانکارییە ریشەییە بریتی یە لە نزمی ئاستی رۆشنبیرانی کوردی لە بیرکردنەوە و داهێنان و لێهاتوویی کە دواجار ناتوانن دەستنیشانی کێشەکان بکەن و بەهەمان شێوەش ناتوانن لە بەرامبەردا چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و هەروەها لە پێناو بەرجەستەکردنی کۆمەڵگایەکی سیاسی و مەدەنی ناتوانێ و نازانێ لە چ خاڵێکدا دەست پێبکات. رۆشنبیری کوردی تەنیا دەستی بەخۆی گرتووە بناغەی بیرکردنەوەشی لەسەر تێڕوانینێکی نێگەتیڤ دادەمەزرێنێ واتە دامەزراندنی لەسەر بناغەی پووچی و دارمان و لەدەست دانی متمانە بە کۆمەڵگا کەوا تێدەگات ئەو ناتوانێ گۆڕانکاری بەسەر ئەو کۆمەڵگایە دا بکات، ئەمەش وا دەردەکەوێ ئەو جۆرە رۆشنبیرە تەنیا سانسۆرێکی بەسەر خۆیدا سەپاندووە و هیچی دیکە لەمەشەوە خۆی بەرەو ئاراستەی نامۆبوون لە کۆمەڵگا دەبات، بە پێچەوانەی ئەم بەشە رۆشنبیرە هەندێك رۆشنبیری دیکە هەن تەنیا خۆیان وەکو پارێزەرێك لە دەستکەوتەکانی دەسەڵاتی سیاسی نیشاندەدەن ئەویش لە پێناو دەستکەوتە شەخسییەکان ئەم جۆرە رۆشنبیرانەش دواجار زیانێکی زۆر بەر یەکگرتوویی و یەکپارچەیی نیشتمانی دەگەیەنن، بەو رەفتارە کوێرانە و دەمارگیرانە و هەڵچوونانەیان بۆ یەك لایەن و رەتکردنەوەی لایەنی دووەم و بەرامبەر ئەمانە وا دەکەن کۆمەڵگا بەرەو گۆڕەپانی ململانە و پێکدادان پەلکێش بکەن.

ئەمانە بێجگە لەوەی زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنن بەڵکو زیان بەخودی دەسەڵاتی سیاسیش دەگەیەنن چونکە ئەوان وا تێدەگەن بەشێکن لە دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام ئەو رۆشنبیرەی کە خۆی دەرباز دەکات لە نامۆبوون و بەشدار دەبێت لە کێشەو ناخۆشییەکانی کۆمەڵگا و بەو پەڕی شەفافیەت پێشنیار ئاراستە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەو کات دەکرێ ناو لەو جۆرە رۆشنبیرە بنرێ رۆشنبیرێکی پابەند بە کێشەکانی گەل و نیشتمان و باوەڕبوون بە فرەیی سیاسی و هزری و بەسەربەخۆیی بیروڕا و دیالۆگ و خۆ دوور خستنەوە لە ئایدیۆلۆژییەتی حزبی ئەم جۆرە رۆشنبیرە دەکرێ لە بازنەی رەوتی نیشتمانی ئازادی دابنرێ کە تیایدا بەسەر هەموو گرێ کوێرەیەك و ترس و دڵەراوکێیەکدا زاڵ دەبێت هەر ئەوکات کۆششێکی زیاتر دەکات لە پێناو گرنگی دان بە باوەڕبوون بە خۆ و پتەوکردنی ئیرادەی شەخسی و کارکردن لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکانی بەردەم گەل و هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بەو پەڕی دڵسۆزی و خزمەتکاریەوە . بەم شێوەیە ئەم رەوتەی رۆشنبیر توانای هەیە بەسەر هەموو رووداو و گۆڕانکارییەك زاڵ بێت و دەتوانێت هاوسەنگییەك دروست بکات لە نێوان ناخۆشییەکانی رۆژانەی خەڵك و دەسەڵاتی سیاسی، ئەم رەوتە رەوتی راستەقینەیە کە باوەڕی بە تەواوی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەیە و داکۆکی کارێکی راستەقینەش دەبێت لە بنەماکانی دیموکراتی و رێزی تەواوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان دەگرێت هەر ئەو رەوتەیە دەتوانێت لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا هەڵبکات بەتایبەت چینی کرێکار و زەحمەتێکیش و ئاشنابوون بە ئازارەکانیان و دەستنیشانکردنی لایەنە پۆزەتیڤ ونێگەتیڤەکان لە ئەدائی دەسەڵاتی سیاسی کە لە حکومەت و پەرلەمان پێکدێت، هەروەکو دەشتوانێ دارمانی سیاسی و گەندەڵیە ئیداریی و داراییەکان لە ناو دام و دەزگاکانی حکومەت ئاشکرا بکات، نابێ ئەوەش لە یادبکرێ ئەم رەوتە دەبێتە هەڵگری بەرپرسارییەتی مێژوویی و دووبارە هەڵسەنگاندنی هزری سیاسی کوردی بەڵام لە چوارچێوەی شارستانی و سەردەمیانە، ئەوەی ئەمرۆ لەسەر رۆشنبیری کوردە پێویستە کاربکات لەسەر پرۆژەیەکی هزری کە دامەزراوە لەسەر پێوەر و بنەما مەعریفییەکان کە دواجار ئەم پێوەر و مەعریفانە پێویست بە فەزایەکی بەرفراوانتری سەردەمیانەی جیهانی هەیە پێویست دەکات جۆرێك لە وەزیفەی ئایدیۆلۆژی هزری قەرزبکات کە دەبێتە هۆیەك بۆ سڕینەوەی تاریکییەکان، ئەگەر دامەزراندنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دیموکراتی پرۆسەیەکی مێژوویی بێت ئەوا لەسەر رۆشنبیری کوردی کە پابەندە بە کێشەکانی گەلی کوردستان پێویستە ببێتە بەرپرسی دووبارە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و رۆشنبیری دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵگای مەدەنی هەروەکو لەسەری پێویستە داوای دووبارە هەڵسەنگاندنی هزری سیاسی کۆمەڵایەتی کوردی بکاتەوە ئەویش لەسەر بنەمای سەردەمیانە و ئازادی هەڵبژاردن و لێبوردەیی لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو پەڕی شەفافیەت لەبەردەم بەربەستەکان بۆ بوونیادنانەوەی کۆمەڵگایەکی سیاسی مەدەنی کوردی دەبێت رۆشنبیر خۆی لە پێناو داهێنان و بەگەرخستنی وزەی بیرکردنەوە تەرخان بکات لە پێناو بەفراوانکردنی بنەما دیموکراتییەکان و کردنەوەی دەرگا بەسەر شارستانییەتی مرۆڤایەتی و بەردەوام بوونی لەگەڵیاندا دەبێ ئەوەش بڵێین کە رۆشنبیری کوردی بەرپرسە لە هۆشیارکردنەوەی بەرپرسیاریەتی و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و دەبێت لەو پێناوەدا ئەوپەڕی توانا و کۆششی خۆی بخاتەکار و بەئومێدە وە سەیری داهاتوو بکات ئەویش لە ماوەی کارکردنە بەردەوامەکانی ئەو ئومێدە بەرجەستە دەبێت لە نێوەندەکانی جەماوەر و شەقامی کوردی و لەسەریەتی تموحاتەکانی خۆی رابگەیەنێ و رووبەڕووی هەموو دیاردەیەك بوەستێتەوە کە دەبێتە مایەی دارمانی سیاسی و ئیداریی و دارایی، گفتوگۆکردن و دیالۆگە بەردەوامەکان و ئالوگۆڕی هزری لە نێوان رۆشنبیرانی کورد بە جیاوازی جۆری بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژییەوە بە ئامانجی قوڵکردنەوەی هەستی هاووڵاتی کوردی و هۆشیارکردنەوەی لە چۆنییەتی پیادەکردنی دیموکراتی و هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان دەسەڵات و ئازادی، ئەمە باشترین رێگە چارەی نموونەییە بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان.

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**



# دەستوور رایەڵی هەرێمی

# کە دەستوور کێشەکان چارەسەر بکات

-١-

دەبێت ئەوانەی ئێستا لە بەغدا حکومڕانی دەکەن، ئەوەیان لە یادبێت کە ڕێگەی ئازادی بۆ بەغدا لە پیرمام و دوکانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، ئەو نەخشەیەش ئەوەی تێدا وێناکراوە کە کورد نابێتە پردی پەڕینەوە بۆ دەسەڵات و ئامادە نییە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بە دەسەڵاتێکی دیکەی هەمان شێوە قوربانی بدات، کورد کاتێك دەرگاکانی کوردستانی ئاواڵاکردو پێشوازی لەسەرجەم لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی لە کوردستان کرد، بۆ ئەوەبوو پێیان بڵێت کە کوردستان ماوەی ١٢ ساڵە سەربەخۆیەو بە ئەمری واقیع خۆی حکومڕانی خۆی دەکات، ئێستاش کە دەخوازێت بەشداری لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا بکات، دەبێت عێراقی ئایندە عێراقێکی ئازادو ئارەزوومەندانەو فرەیی و پەرلەمانی و فیدراڵی بێت و عێراق دەوڵەتی یاسا بێت و ئەو دەستوورەی عێراقییەکان پەسەندی دەکەن نەخشەی بونیادنانەوەی ئەو عێراقە ئازادە بێت.

## ئەو کێشانەی پێیان دەگوترێت کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر

تێگەیشتن لە سیستەمی حکومڕانی فیدراڵی کە دەستوورەکەی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ناوەند سنووردار بکات و دەسەڵاتی فراوان بداتە حکومەتە فیدراڵییە هەرێمییەکان، بۆ عێراقێك کە هەر لە سەرەتاوە بە هەڵە دروستکراوەو بە درێژایی ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵیش هەر بە هەڵەو بە زەبری ئاگرو ئاسن حکومڕانی بەسەردا سەپێنراوە کارێکی ئاسان نییە.

ئەرکی کورد لەم قۆناغەدا ئەرکێکی ئاسان نییە، لەوانەیە بەشێك لەم بارگرانییەش کە کەوتۆتە سەرشانی کورد، ئەو بڕیارە ناچارییە بێت کە کورد بۆ مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا داویەتی، بێگومان کورد لە خۆشیدا ئەو بڕیارەی نەداوەو سیاسەتی نێودەوڵەتی و گوشاری دەوڵەتە

گەورە ئیقلیمی و جیهانییەکان بەسەریاندا سەپاندووە، ئەگەرنا هیچ گەلێك نییە لەسەر ئەم زەمینە بواری سەربەخۆیی بۆ بڕەخسێت و بە فیدراڵی یان کۆنفیدراڵیش رازی بێت.

دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا کە ئێستا کۆمەڵێك مەرجی پێشوەختە بۆ گەڕانەوە بۆ فیدراڵی لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادا قبووڵ دەکەن. پەیوەندی بە پابەندبوونی دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتییەکە بەو دەستوورەی کە بۆ یەکێتی ئەوروپا دارێژراوە، خۆ ئەگەر دەوڵەتە گەورەکانی وەك فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا پابەند نەبن بەو دەستوورەوە هەوڵبدەن گەورەیی خۆیان بەسەر دەوڵەتە بچووکەکانی وەك ئیستوانیاو لاتیڤیا بسەپێنن، ئەوا چەند ئیستوانیاو لاتیڤیا لەو فیدراڵییەتە قازانج بکەن ئامادە نابن بچنە ناو یەکێتی ئەوروپاوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان داوا لە دەوڵەتە بچووکەکان و دەوڵەتە کاندیدکراوەکان دەکەن دەبێت پێش ئەوەی ببنە ئەندام لەم یەکێتییە، دەبێت ئەهلییەتی پابەندبوونتان بەو دەستوورەو بنەماکانی یەکێتی ئەوروپاوە هەبێت.



# کوردستانە بە عێراقەوە

# بۆ کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی دەکرێت؟!

هەربۆیەشە کاتێك دەوڵەتێکی کاندیدکراو وتووێژی بە ئەندامبوونی لەگەڵ دەکرێت، دانوستاندنی ئەوەی لەگەڵ ناکرێت کە لەسەر مەسەلەیەکی نیشتمانی خۆی سازش یان کۆمپرۆمایز بکات، ئەوەی داوای لێدەکرێت بریتی دەبێت لە:

١- ئەو وڵاتەی بە ئارەزووی خۆی دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، دەبێت ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و پابەند بێت بەو دەستوورەی یەکێتی ئەوروپا.

٢- ئەگەر لەو وڵاتەدا کەمینە هەبێت، دەبێت مافی کەمینەکان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەوە پارێزراوبێت.

٣- دەبێت ئەو وڵاتە بڕوای بە ئازادی ڕادەربڕین و چالاکی سیاسی پارتە سیاسییەکان هەبێت و نابێت ڕێگربێت بەرامبەر ئازادی ڕادەربڕینی تاك و گرووپەکان.

٤- ئەو وڵاتەی دەبێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا دەبێت دژایەتی ڕەگەزپەرستی بکات و هاوکاربێت بۆ نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی لە وڵاتەکەی خۆی و سەرانسەری جیهاندا.

٥- دەبێت دژی تیرۆربێت و هاوپەیمان بێت بۆ دژایەتیکردنی تیرۆرو توندوتیژی لە جیهاندا.

٦- دەبێت ئافرەت ئازاد بێت و مافە سیاسی و مەدەنییەکانی پارێزراوبێت.

ئەم بنەمایانە کە وتووێژی لەسەر دەکرێت، دانوستاندن نییە بەڵکو مەرجی پێشوەختەیە بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەی بۆ یەکێتی ئەوروپا داڕێژراوە، واتە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ڕەفتاری دەوڵەتەکانە لەگەڵ دەستووری یەکێتی ئەوروپا.

## لە حاڵەتی نێوان هەولێرو بەغدا مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە

ئێستا لە بری ئەوەی حکومەتی بەغدا داوا لە هەولێر بکات کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستووری عێراقەوە پابەند بێت، دەبێت لە ساڵێکدا دوو تا سێ جار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بچێتە بەغداو دەست بکات بە وتووێژو دانوستاندن، هەتا حکومەتی بەغدا بگەڕێتەوە بۆ سەر دەستوورەکە، ئەگەر سەیری ئەو کێشانە بکەین کە هەتا ئێستاش چارەسەرکردنیان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە بریتین لە:

١- بودجەی گاردی کوردستان(هێزی پێشمەرگە).

هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی ئێستا لە بەغدا حکومڕانی دەکەن، لە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بە هەرێمی کوردستانیان دەگوت بەشە ئازادەکەی عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش هێزی پارێزەری بەشە ئازادەکەی عێراق و ناوکی سوپای ئایندەی عێراق بوو.

ئێستا کە باسی ئەم هێزە سەربازییە نیزامییەی هەرێمی کوردستان دەکرێت کە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە دوو کۆلێژی سەربازی ئەفسەرو

●●●

**ئێستا لە بری ئەوەی حکومەتی بەغدا داوا لە هەولێر بکات کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستووری عێراقەوە پابەند بێت، دەبێت لە ساڵێکدا دوو تا سێ جار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بچێتە بەغداو دەست بکات بە وتووێژو دانوستاندن، هەتا حکومەتی بەغدا بگەڕێتەوە بۆ سەر دەستوورەکە**

●●●

فەرماندەیی بۆ ئامادە دەکات و هەردوو کۆلێژە سەربازییەکەی کوردستانیش هەموو مەرجێکی ئەکادیمی ستاندەریان هەیەو هەموو مەشقێکی کۆلێژە سەربازییەکانی جیهان ئەنجامدەدەن، کەچی باس لەوە دەکرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان نابێت بەشێك بێت لە سوپای عێراق و ناشبێت بودجەکەی لەسەر بودجەی سیادەی عێراق بێت وەك سەرجەم یەکەکانی سەربازی لە سەرانسەری عێراقدا.

مەسەلەی هێزی پێشمەرگە کە بەپێی دەستووری عێراق بۆتە گاردی کوردی کوردستان واتە پاسەوانی کوردستان، ئەو هێزەیە کە پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان دەکات و ئامادەشە لە هەر شوێنێکی عێراق پێویستیان پێی بێت بەشداری بکات و قوربانی بدات، هەروەك چۆن بەشداربوو لە هێورکردنەوەی شاری موسڵ و ساڵی پاریش لە دابینکردنی سەقامگیری لە بەغدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کاتێك مەسەلەکە قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە بێت ئەوا هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە سوپای عێراقی فیدراڵ، هەروەك چۆن عەلی دەباغ وتەبێژی حکومەتی عێراق لەکاتی ئۆپەراسیۆنی چەسپاندنی یاسا لە بەغدا لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵانی ڕاگەیاند:»ئەوانەی بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنی چەسپاندنی یاسا لە بەغدا، بەشێکن لە سوپای عێراق و ئەرکی نیشتمانی سەرشانیانە بەرگری لە بەغدا بکەن وەك کوردستان».

بێگومان هێزی پێشمەرگەی کوردستان درێغی نەکردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی بۆ قوربانیدان و ڕزگارکردنی عێراق، هێزی پێشمەرگە بەشێکی سەرەکییە لە سوپای عێراق، بەڵام کە دێتەسەر ئەوەی بودجەکەی لەسەر سوپای عێراق بێت، هەزار ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت؟

ئەمە لە کاتێکدا دەستووری عێراق ئەو مەسەلەیەی چارەسەرکردووە.

٢- مەسەلەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان

مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بە کەرکوکیشەوە، پێش نووسینەوەی دەستوور لە یاساکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا و لە ماددەی ٥٨دا، میکانیزمی جێبەجێکردنی بۆ دیاریکراوە، پاشان ماددەی ٥٨ بووە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.

واتە ئەوە ماوەی چوار ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا دەکات ئەو کێشەیە بە ڕێگەی یاسایی و دەستووری چارەسەربکرێت، بەڵام لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا چ بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق حکومەتی کوردستان داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کە پابەندبێت بە دەستوورەوەو ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێت.

بێگومان جێبەجێ نەکردنی دەستووری عێراق وەك یەك سەقفە، جارێکی دیکە عێراق دەگێڕێتەوە بۆ بازنەی توندوتیژی و ئاژاوە و ماڵکاولی سەرجەم گەلانی عێراق، هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق بەنیازە کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بە گشتی و ماددەی ١٤٠ بەتایبەتی بکات، ئەوا دەبێت ئەوەی لەبەرچاوبێت کە کورد ناتوانێت تا سەر لەسەر دواخستنی ئەم ماددەیە بێدەنگ بێت و لەوانەیە هەرجێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ ببێتە هۆکاری ئەوەی کورد پابەندبوونی بە عێراقەوە نەمێنێت، مەسەلەی نەمانی پابەندبوونی کورد بە عێراقەوە هەڕەشەیەك یان کارتێکی گوشار نییە لە دژی حکومەتی بەغدا بە کاری بهێنێت، بەڵکو سووربوونی حکومەتی عێراق لەسەر دواخستن و پشتگوێخستنی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق خۆی لە خۆیدا واتە لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی عێراق.

٣- یاسای گاز و نەوتی عێراق

یاسای گاز و نەوتی عێراق کەلە مانگی شوباتی ٢٠٠٧ و لەسەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ڕێککەوتنی لەسەرکراوە هەتا ئێستاش نەك هەر پەسەند نەکراوە، بەڵکو ئەو ڕەشنووسەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و دراوەتە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕێکبخاتەوە و پێشکەشی پەرلەمانی عێراق بکات، ناوەڕۆکەکەی شێوێنراوە و ئەسڵەن کەم تا زۆر پەیوەندی بەو ڕەشنووسەوە نەماوە کە حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزای لەسەر کردووە.

ساڵی پار یەك مانگ پێش ئەوەی یاسای نەوت و گازی کوردستان بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان وپەسەندبکرێت، حکومەتی کوردستانیش زۆر هەوڵیدا یاسای نەوت و گازی عێراق پەسەندبکرێت، بەڵام کاتێك حکومەتی عێراق ئامادە نەبێت ڕێز لەو ڕێککەوتنە بگرێت کە خۆی ئیمزای لەسەر کردووە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە بگەڕێتەوە بۆدەستوور کە سەرچاوەی هەموو شەرعییەتەکانی دەوڵەتی عێراقە.

وەزیری نەوتی عێراق لە زۆر بۆنەدا ڕەخنەی توندی ئاراستەی یاسای نەوت و گازی حکومەتی هەرێم کوردستان کرد و تەنانەت هەڕەشەشی لە زۆر کۆمپانیای جیهانی بۆ دەرهێنان و گەڕان بەدوای نەوت کرد، کە لە کوردستاندا وەبەرهێنانی نەوت دەکەن، بەڵام هەموو ئەو کۆمپانیانەی لە کوردستان بە دوای نەوتدا دەگەڕێن هەڵوێستی حکومەتی عێراقیان بە ناڕاست زانی و لەسەر وەبەرهێنانەکان خۆیانی مانەوە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەبەر ئەوەی لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیابوو، هەستا چەند پسپۆڕێکی یاسای نەوتی نێودەوڵەتی لە بەناوبانگترین زانکۆی بەریتانیای تەکلیف کرد کە بەراوردی یاسای نەوت و گازی کوردستان لەگەڵ دەستووری عێراقدا بکەن و لە هەر شوێنێکدا یاساکە سنووری دەستووری عێراقی بەزاندبوو ڕاستبکرێتەوە، بەڵام وەك سەرۆکی زانکۆ کە لە نامەیەکدا بۆ بەڕێزی نووسیوە دوای بەراوردێکی وورد و گرنگ دەرکەوت کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە هیچ خاڵێکدا سنووری دەستووری عێراق نابەزێنێت، هەرێمی کوردستان ئامادەباشی خۆشی پیشانداوە ئەگەر وەزیر نەوتی عێراق هەر ناگاتە قەناعەت، با ئەم مەسەلەیە دادگای فیدراڵی عێراق یەکلایی بکاتەوە.

ئەمەی ئێستا لە عێراقدا ڕوودەدات حاڵەتێکی شازە لە بری ئەوەی حکومەتی فیدراڵی ناوەند داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات پەبەندبێت بەو دەستوورە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە حکومەتی عێراق دەکات دەستوورەکە جێبەجێ بکات و پابەندبن پێوەی.

**وشکەساڵی و بەشی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە**

لە مانگی نیسانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان مەترسی وشکەساڵی لە کوردستان ڕاگەیاندووە، ئەو ناوچانەش کە ئەم مەترسییانە دیگرێتەوە ناوچەیەکی فراوان و بەربڵاوی کوردستانن و، ئەگەر زوو حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی بۆ دانەڕشتایە لەوانە بوو مەترسی وشکەسالی چەندین نەخۆشی ترسناکیشی لەگەڵ خۆیدا بهێنایە.

بێگومان یەکێك لەو خاڵانەی کە لەم سەردانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا باسی لێوەکراوە، مەسەلەی چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی هەرێمی کوردستان بووە وەك بەشێك لە وشکەساڵی هەموو عێراق دوای کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق وا بڕیارە کە لێژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر سەرۆکی حکومەتی عێراق نەچووبایە بۆ بەغدا ، ئایا کەی حکومەتی بەغدا هەڵوێستی بەرامبەر وشکەساڵی هەرێمی کوردستان دەبوو.

●●●

**کورد ناتوانێت تا سەر لەسەر دواخستنی ئەم ماددەی بێدەنگ بێت و لەوانەیە هەرجێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ ببێتە هۆکاری ئەوەی کورد پابەندبوونی بە عێراقەوە نەمێنێت**

●●●



پرۆفیسۆر مارک ریگستاد ئوستادی فەلسەفە و سیاسەت لە یاسا و لە زانکۆی ئۆکلاند بۆ گوڵان:

# ئەو کێشەیەی کە پێویستە بە خێرایی چارەسەر بکرێت، کێشەی کەرکووکە

**پرۆفیسۆر ریگستاد ئوستادی فەلسەفەی سیاسەت و یاسایە لە زانکۆی ئۆکلاند و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دەستوور و هەروەها لەسەر هەستی تیرۆریستانیش پسپۆڕە و کتێبی هەیە بەناوی هەستی تیرۆریستان، واتە تیرۆریستان کاتێك کارێکی تیرۆریستی ئەنجامدەدەن هەست بەچی دەکەن.**

**پرۆفیسۆر ریگستاد وەك بە گوڵانی راگەیاندووە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی دەستووری عێراقە و هەر لە یەکەم رۆژی پەسەندکردنی ئەم دەستوورەشەوە سەرنج و تێبینی خۆی لەسەری هەبووە سەبارەت بە چۆنییەتی پیادەکردنی دەستووری عێراق پرۆفیسۆر ریگستاد بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو:**

## پێویستە هەڵویستی کەمتەرخەمی حکومەتی عێراق بگۆڕێت بۆ هاوکاری نییەت پاکانە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور

***دەستووری عێراق نەخشەی رێگایە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە، بە گوزارشتێکی دیکە ئەگەر خوازیارین عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، دەبێت ئەم دەستوورە جێبەجێبکرێت، بەڵام حکومەتی ناوەندی جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە پشتگوێ دەخات، ئایا ئەم پشتگوێ خستنە مەترسی لە سەر ئایندەی عێراق دروست ناکات؟**

- بەڵێ و نەخێر. سەرەتا با لایەنە سلبییەکە باس بکەین. من دووچاری سەرسوڕمان بووم لەو سیاقەی کە چەند بڕگەیەکی دەستووری عێراقی تێدا نووسرایەوە کە وا دەکەن هێنانەدی یەکبوونێکی نەتەوەیی لە عێراقدا پرۆژەیەکی یەکجار دژوار بێت.

کاتێك دەستوورەکە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا پەسەند کرا، تێڕوانینی سەرەتای من ئەوەبوو کە ئەمە رێگە بۆ شەڕێکی ناوخۆی لەسەر خۆ و هەرەسهێنانی سیاسی خۆش دەکات. دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار دەبێتە ئاستەنگێك لەبەردەم هەر پرۆسەی یاسادانانێکی نیشتمانی، ئەمەش ئەوەندەی دیکە ئەو بە بنبەست گەیشتنە سەختتر دەکات کە حکومەتی ناوەندی دووچاری بووە. هەروەها بڕگەی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە هەرێمەکان ئەوەندەی دیکە ئەو مەسەلەیەی ئاڵۆز کردووە. بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی ناکۆکی سیاسی نێوان گرووپە ئایینییە جیاوازەکان و ناسنامە ئەتنی و کەلتورییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەمە بڕگەیەکی زۆر نائاساییە (نائاساییە بە بەراورد بە دەستوورە فیدراڵییە سەرکەوتووەکان) کە هێنانەدی یەکێتی نیشتمانی لە عێراقدا زەحمەت کردووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە

**هەر لە بنەڕەتدا ئەمەریكا مافی داگیركردنی عێراقی نەبوو. لەبەر ئەوە تاوەكو هێزەكانی ئەمەریكا زووتر بكشێنەوە، باشترە بەڵام هەروەک لە پرسیارەكەی ئێوەدا هاتووە، پێویستە ئەو كشانەوەیە بەرپرسیارانە بێت و نەبێتە هۆی ئاڵۆزتركردنی بارودۆخەكە بۆ خەڵكی عێراق**

(لایەنی ئیجابیش هەیە)، لەم قۆناغەدا هێنانەدی ئامانجەكە كە بریتییە لە بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونێكی سیاسی كارا و شەرعی، ئەوا دەبێت عێراقییەكان لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا كاربكەن كە هەیانە. هەروەك پرسیارەكەی ئێوە دەریدەخات ئەو دواخستن و هاوكاری نەكردنەی حكومەتی ناوەندی عێراق پێویستی بەوەیە گفتوگۆی نییەت پاكانە جێی ئەو هاوكاری نەكردنە بگرێتەوە كە ئامانجی راستەقینەی گفتوگۆكاران دۆزینەوەی زەمینەیەكی هاوبەش بێت لە ناو عێراقییەكاندا.

## دەبێت دەستوور رێبەری دابەشكردنی عادیلانەی داهاتی عیراق بێت

***یاسای گاز و نەوتی عێراقی گرنگترین یاسای وڵاتەكەن بۆ ئەوەی رێگە بە دابەشكردنی داهاتەكانی ئەو سەرچاوانە بە سەر پێكهاتە جیاوازەكانی عێراقەوە، بدات كە هێشتا پەسەند نەكراوە، هۆكارەكەشی بۆ ئەو گیروگرفتانە دەگەڕێتەوە كە حكومەتی عێراقی خوڵقاندوویەتی، ئایا دواخستنی پەسەندكردنی ئەم یاسایە هیچ مەترسییەك لە سەر ئایندەی عێراق دروست دەكات؟**

- من پێم وایە تا دوا رادده مەسەلەیەكی مەترسیدارە ئەگەر یاسای نەوت لە عێراقدا دانەڕێژرێت كە زەمینەی دابەشكردنی یەكسانی داهاتەكان لە نێو هەرێم و پارێزگاكاندا بڕەخسێنێت. بە دڵنیاییەوە ئامانجی هێنانەدی یەكێتی نیشتمانی دووچاری ئاستەنگ دەبێتەوە ئەگەر ئەو گرێبەستە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیمزای كردوون حكومەتی عێراقی پەسەندیان نەكات. بە داخەوە، گۆڕانكارییەكی زۆر لە باری دانیشتواندا دروست بووە، وادانراوە دەستوور ببێتە رێبەرێك بۆ دابەشكردنی داهاتەكانی نەوت، بەڵام ئێستا زانیاری ورد لەبەردەست نین بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی گونجاو دابەش بكرێت بەسەر دانیشتواندا. دەبێت ئەو كێشەیە بە شێوەیەكی سیاسی چارەسەر بكرێت. حاڵی حازر پەیوەندییەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی بە رەوتێكی باش بەرێوە ناچن بۆ بەدەستهێنانی سازشگەلێكی پراگماتیكی. رەنگە ئەم رەشبینەی منیش لە جێی خۆیدا نەبێت، هەروەها لە بەر خاتری بەرژەوەندی عێراقییەكان من ئومێد دەكەم هەڵەبم.

## دەبێت ئەمەریكا هاوكاری عێراقییەكان بێت بۆ رووبەروبوونەوەی وشكەساڵی

*** كێشەكانی عێراق تەنها كێشەی شەڕ و توندوتیژی نین، لەم ساڵەدا كێشەی ووشكەساڵیشی هاتەسەر، كە مەترسی بۆ سەر بەشێكی گەورەی كشتوكاڵی عێراق دروست كردووە، لە گەڵ بوونی كێشە سیاسییەكاندا، چۆن دەتوانین رووبەڕووی ئەم كێشەیە ببینەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە داهاتی گرێبەستەكانی نەوت یارمەتیدەر دەبن. ئەمەش هۆكارێكی دیكەیە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بە زووترین كات یاسای نەوت پەسەند بكرێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەمەریكا بەشی شێری بەرپرسیارێتی بكەوێتە ئەستۆ بۆ هاوكاری كردنی عێراق لە رووی خۆراكەوە ئەگەر ئەو وڵاتە دووچاری كێشەیەكی جیددی بووەوە لەو رووەوە، كە زۆریك لە وڵاتانی جیهان لەم هاوینەدا دووچاری ئەو كێشەیە بوونەتەوە.

## ئەو كێشەیەی پێویستە بە خێرایی چارەسەر بكرێت كێشەی كەركووكە

*** هەرێمی كوردستانی عێراق بەشێكی ئارام و سەقامگیری عێراقە، هەمیشە هەوڵیداوە هاوكاری لەگەڵ حكومەتی ناوەندیدا بكات، بەڵام حكومەتی ناوەندی هاوكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان ناكات، ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووردا بە كورد دراون حكومەتی ناوەندی ئامادە نییە رەزامەندییان لەسەر بدات، كەواتە ئایندەی وڵاتەكە چی دەبێت ئەگەر هاوكاری لە نێوان ئەو دوو حكومەتەدا نەبێت ؟**

- پێویستە هاوكاری كردن لە هەردوولاوە بێت. ئەو كێشەیەی پێویستە بە خێرایی چارەسەر بكرێت، كێشەی كەركوكە. ناتوانرێت یاسای نیشتمانی نەوت پەسەند بكرێت ئەگەر رێككەوتنێك لە سەر هاوبەشیكردن لە حكومڕانیكردنی شارەكەدا نەیەتەدی. دەكرێت رێككەوتنێك بهێنرێتەدی كە خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی هەموو لایەنەكان بكات لە ماوەی چەند رۆژێكی داهاتوودا. هەرچەندە ئەوە مەسەلەیەكە هاتنەدی زۆر زەحمەتە. كە پێویستی بە سازشی جیددی هەیە، بە تایبەتی كە حاڵی حازر متمانەی نێوان حكومەتی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ئاستی پێویستدا نییە.

## دانپێدانانی مالكی بەشەرعییەتی هێزی پێشمەرگە دانپێدانانێكی تەمومژاوییە

***بە پێی دەستووری عێراق، هەر هەرێمێك مافی ئەوەی هەیە ئاسایشی خۆی بپارێزێت، حاڵی حازر هەرێمی كوردستان هێزێكی یاسای هەیە بە ناوی پێشمەرگەوە، كە ئەم هێزە بەشداری لە رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێندا كرد، بەڵام ئێستا حكومەتی عێراق هەوڵدەدات وەك هێزێكی میلیشیا لە هێزی پێشمەرگە بڕوانێت، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی حكومەتی ناوەندی هێزێكی**



ياسايى بگۆڕێت بۆ هێزى ميليشيا؟

- بە لای کەمەوە مالیکی دانی بەوەدا ناوە پێشمەرگە «رواڵەتێکی شەرعی» هەیە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا. ئەوەش دان پێدانانێکی تەمومژاوییە. بەڵام دەرگا لە سەر ئەوە دەکاتەوە شەرعییەتی تەواو بدرێت بە هێزەکانی پێشمەرگە بەوەی لە یەکەکانی سوپای نیشتمانیدا ئاوێتە بکرێن. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە ئەو رواڵەتە شەرعییەتی نییە. لێرەدا دیسانەوە مەسەلەی کەرکوک دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیار. ئایا دەکرێت هێزی پێشمەرگە بخرێنە ژێر فەرماندەیی سوپای عێراقەوە لە کەرکوک؟ ئایا دەکرێت سەرکردایەتی هێزە ئەمنییەکان لە ناو شارەکەدا پێك بهێنرێت کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداوە متمانەی پێ بکرێت؟ لەبەر ئەوەی من دوورم لە بارودۆخەکەوە، ئەوا ناتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئاگاداری هەل و مەرجی شارەکەم بۆ ئەوەی باس لە ئەگەری چارەسەربوونی ئاشتییانەی ئەو کێشەیە بکەم. بەڵام تەنانەت لە دووریشەوە ئەمە روون و ئاشکرایە پشتگیری کردنی حکومەتی عێراقی بۆ پێشمەرگە کاریگەری دەبێت لە سەر دەسەڵاتی ئەو حکومەتە بە سەر هێزە ئەمنییەکاندا کە لە دەستووردا هاتووە. بەشێکی ئەو دژوارییە پەیوەستە بە بیرۆکەی «هاوبەشیکردن لە حکومڕانێتیدا» کە پێویستە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوک کە ناگونجێت لەگەڵ بیرۆکەی تەقلیدی فەرماندەی سەربازییەوە، کە پێویستی بە بونیادێکی فەرماندەیی مەرکەزی و هەرەمی هەیە.

**مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا**
**زەمانەتی ئاسایش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک**

*** حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراق سەرقاڵی گفتوگۆن بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێك، حکومەتی عێراق داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات، بەڵام زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە هێزەکانی عێراق لەو ئاستەدا نین، بتوانن بارودۆخێکی سەقامگیر و ئارام بۆ عێراق دابین بکەن، ئەگەر ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراقدا کشاندەوە، ئایا بارودۆخی عێراق دووبارە بەرەو توندوتیژی ناگەڕێتەوە؟**

- ئەمە سەختترین پرسیارە. بە دڵنیاییەوە ئەمە دەرئەنجامی داگیرکارییەك بوو کە نەخشەیەکی خراپی بۆ داڕێژرابوو. من پێموایە هەر لە بنەڕەتدا ئەمەریکا مافی داگیرکردنی عێراقی نەبوو. لەبەر ئەوە تاوەکو هێزەکانی ئەمەریکا زووتر بکشێنەوە، باشترە بەڵام هەروەك لە پرسیارەکەی ئێوەدا هاتووە، پێویستە ئەو کشانەوەیە بەرپرسیارانە بێت و نەبێتە هۆی ئاڵۆزترکردنی بارودۆخەکە بۆ خەڵکی عێراق. دانانی خشتەیەك بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کە پەیوەست بێت بە هێنانەدی چەند زەمانەتێکی ئەمنییەوە (بۆ نموونە، بۆ کێشەی کەرکوك)، باشترین ئامرازە بۆ ئەوەی عێراقییەکان بگەنە رێککەوتنێك بۆ حکومڕانیکردنی هاوبەش بە شێوەیەکی ئاشتیانە. لەبەر ئەوەی عێراقییەکان خوازیار نین کە لە ژێر سایەی داگیرکارییەکی هەمیشەییدا بژین، ئەوا دەبوو زووتر ئەو خشتەیە دابنرایە. ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا گۆڕا لە دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان، کە من هیوادارم (ئۆباما سەرکەوتن بە دەست بهێنێت)، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە گفتوگۆیەکی جیدی لە سەر کشاندنەوەی ئەو هێزانە بکرێت. بە پێچەوانەوە، ئەوا بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە باس لەو کشاندنەوەیە ناکرێت. لەبەر ئەوەی داگیرکاری هۆکاری سەرەکییە بۆ توندوتیژی سیاسی لە عێراقدا، لەبەر ئەوە دەرئەنجامەکە بە داخەوە باش نابێت.

**بەرەوپێشچوونی ئابووری ئیجابی**
**دەبێتە هۆی کەمکردنەوە سەرهەڵدانی ناکۆکی سیاسی**

*** پیادەکردنی بناماکانی فیدراڵیزم لە عێراقدا، پێویستی بە بوونی پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی عێراق ئومێدی فیدراڵیزم و دیموکراسی لە دەست نەدات، ئەو میکانیزمانە چین کە دەبنە بنەمای پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەو دوو حکومەتەدا؟**

- دووبارە، من پێموایە «هاوبەشیکردن لە حکومڕانیکردن»دا چەمکێکە دەبێت لە دەستووردا بچەسپێنرێت بۆ جێگیرکردنی سەقامگیرییەکی سیاسی درێژخایەن. بەرەوپێشچوونی ئابووری ئیجابی دەبێتە هۆی کەمکردنەوە و سەرهەڵدانی ناکۆکی سیاسی بە هۆی ناکۆکبوونی بەرژەوەندییەکانەوە بۆ نموونە، بەدەستهێنانی سازشێکی گرنگ لە یاساکانی نەوتدا، بۆی هەیە ببێتە میکانیزمێکی گرنگتر بۆ سەرکەوتنی فیدراڵییەتی عێراق. میکانیزمە گرنگەکان بۆ سەرخستنی فیدراڵیزم تەنها بونیادنانی بونیادێکی دامەزراوەیی رەسمی بۆ بڕیارسازی لە خۆناگرێت، بەڵکو بونیادی نارەسمیش لە خۆدەگرێت. بۆ نموونە دەزگاکانی راگەیاندن لە راستیدا هێنانەدی کەلتوورێکی سیاسی نیشتمانی هاوبەش لە ژێر هەلومەرجی داگیرکاری و قۆناغێکی سیاسی راگوزەری پڕ لە ناکۆکیدا کارێکی زەحمەتە بەڵام مەحاڵیش نییە.

**هێنانەدی کەلتوورێکی سیاسی نیشتمانی هاوبەش لە ژێر هەلومەرجی داگیرکاری و قۆناغێکی سیاسی راگوزەری پڕ لە ناکۆکیدا کارێکی زەحمەتە بەڵام مەحاڵیش نییە**





**کەریم ئەلیەعقوبی**
**سەرۆکی پارتی فەزیلە بۆ گوڵان:**

# عێراق پێویستی بە یاسایەک هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێمەکان رێکبخات

**بەڕێز کەریم ئەلیەعقوبی سەرۆکی پارتی فەزیلەیە، نفوزی سیاسی ئەم پارتە لە باشووری عێراق بەگشتی و شاری بەسرە بەتایبەتی هەیە، لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، پارتی فەزیڵە بەشێك بوو لە هاوبەندی عێراقی یەکگرتوو»ئیئتیلافی شیعە» بەڵام ئێستا لە ئیئتیلاف جیابۆتەوە.**
**خاڵی سەرەکی ئەم جیابوونەوەیەش لەسەر فیدراڵییەتی باشوورە کە لایەنی ئیئتیلافی شیعە پێی خۆشە پێی بڵێن فیدراڵییەتی باشووری بەغداو هەر ٩ پارێزگا شیعەکە لە خۆ بگرێت، بەڵام هەرچی حزبی فەزیلەیە حەز دەکات سێ پارێزگاکەی باشوور واتە بەسرە عەممارەو ناسریە هەرێمێك بێت یان بەسرە بە تەنها هەرێمێك، بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی عێراق پەیوەندیمان بە بەڕێز یەعقوبی کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

**ديموكراسی پێویستی بە سەپاندنی یاسا و هەیبەتی دەوڵەت و ئابوورییەکی بەهێز هەیە**

**هەتا ئێستاش هەلومەرجی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ جێبەجێکردنی فیدراڵییەت لەبارنییە**

*** ئامانج لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی و دیموکراسی و فرەیە، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، نەتوانراوە ئەو ئامانجانە لە عێراقدا بەدی بهێنرێت، هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە راستیدا زۆربەی کوتلە سیاسییەکان رێککەوتن لەسەر بنەمای فیدراڵییەت بۆ عێراق، یەکێك لەو کوتلە سیاسییانە بریتی بوو لە پارتی فەزیلەی ئیسلامی، کە ئێمە داکۆکیمان کرد لەسەر چەسپاندنی بنەمای فیدراڵییەت لە عێراقدا، بەڵام ئەو مەسەلەیە پێویستی بە کاتی زیاتر و سەقامگیری عێراق هەیە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە، حاڵی حازر ئەزموونی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتووە و دەکرێت بەشەکانی دیکەی عێراقیش سوودی لێوەربگرن. بەڵام ئەم ئەزموونە بۆ پێنج ساڵی رابردوو ناگەڕێتەوە، بەڵکو تەمەنێکی درێژتری هەیە کە نزیکەی دە بۆ پانزە ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، کە بە چەندین هەلومەرجی ناخۆشدا تێپەڕی، بەڵام ئێستا ئەزموونێکی سەرکەوتووە و بنەماکانی دیموکراسییەتی چەسپاندووە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاست و بەشەکانی دیکەی عێراقدا کێشەی ئەمنی و ناکۆکی سیاسی و بێ متمانەیی هەیە، ئەمەش رێگە لە سەرهەڵدانی فیدراڵییەت دەگرێت، هەر بۆیە لەو بەشانەدا پێویستی بە رەخساندن و خۆشکردنی زەمینەی گونجاو هەیە.

***ئێوە لە حزبی فەزیلە داکۆکی لە چەسپاندنی فیدراڵییەت دەکەن،**

**بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە لە خوارووی عێراقدا پیادە بکرێت؟**

- لە راستیدا هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد چەسپاندنی فیدراڵییەت، پێویستی بە سازکردنی زەمینەی گونجاو هەیە و پێویستی بە رەخساندنی کەش و هەوای پێویست هەیە، بۆ نموونە دەبێت بارودۆخەکە لە رووی ئەمنییەوە ئارام و ئاسایش بێت، بۆ ئەوەی سەرکردە سیاسییەکان و کوتلە سیاسییەکان بتوانن پێکەوە دابنیشن و گفتوگۆ بکەن لە بارەی شێوەی ئەو فیدراڵییەتەی لە باشووری عێراقدا پێك دەهێنرێت، بۆ نموونە، ئایا لەسەر ئەوە رێك دەکەون کە تەنها پارێزگایەك فیدراڵییەتی تایبەت بە خۆی پێك بهێنێت، یان چەند پارێزگایەك، حاڵی حازر جۆرێك لە نزیکبوونەوە بەدی دەکرێت لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بەڵام هێشتا هەلومەرجەکە کامڵ نەبووە بۆ ئەوەی ئەو رێککەوتنە بهێنرێتەدی.

## عێراق پێویستی بە یاسایەک هەیە
## بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێمەکان

***تاکە هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقدا، هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوە دەبێت پەیوەندی حکومەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە جیاواز بێت لە پەیوەندی ئەو حکومەتە بە پارێزگاکانەوە، بەڵام هەست بەم جیاوازییە ناکرێت، ئایا ئەمە ئاماژەی ئەوە نییە حکومەتی عێراقی بە شێوەیەکی دیموکراسی رەفتار ناکات؟**

- من پێم وایە حکومەتی عێراقی بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێت، بەڵام دیموکراسی پێویستی بە سەپاندنی یاسا و هەیبەتی دەوڵەت و ئابوورییەکی بەهێز هەیە، ئەوەش پێویستی بە کات و کۆششی زۆرە، ئەوەی پەیوەندی بە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەوا هەرێمی کوردستان جیاوازە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەدا، لەبەر ئەوەی کوردستان مەشمول نییە بە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا رێکنەخراون، هەروەها چەند دەسەڵاتێك هەیە کە لە دەستووردا زەمانەت کراوە، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان خۆی بڕیار لەسەر چۆنییەتی خەرجکردنی ئەو بودجەیە دەدات کە بۆی تەرخان دەکرێت، بەڵام پارێزگاکان پەیوەستن بە وەزارەتە مەرکەزییەکانەوە. وڵاتەکە پێویستی بە یاسایەك هەیە بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمەکان، هەرچەندە چەند بڕگەیەك لە دەستووردا هەیە، بەڵام پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر و تێر و تەسەلتر هەیە.

## هەتا ئێستاش ئەو دامەزراوانەی پێویستن
## بۆ چەسپاندنی یاسا بونیادنەنراون

*** ئیدارەی سەرۆك بۆش پێداگیری لەسەر بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەکات لە عێراقدا، بەڵام بە پێی رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی عێراق سێیەم گەندەڵترین و دووەم شکستخواردووترین دەوڵەتە لە جیهاندا، چۆن دەتوانرێت دەوڵەتێکی گەندەڵ و شکستخواردوو بگۆڕین بۆ دەوڵەتێکی دیموکراتی و سەرکەوتوو؟**

- لە راستیدا عێراق بە بارودۆخێکی نائاساییدا دەڕوات، عێراق بۆ ماوەی سی ساڵ لە ژێر دەسەڵاتێکی سەرکوتکار و داپلۆسێنەردا بوو، دواتر دامودەزگاکانی دەوڵەت و سوپای وڵاتەکە هەڵوەشێنرایەوە، تا ئێستاش دامەزراوەکانی دەوڵەت دانەمەزرێنراون، لە راستیدا ناکرێت لە هەلومەرجێکی ئاوادا عێراق بەراورد بکرێت بە دەوڵەتەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی هەروەك ئاماژەم پێکرد هێشتا دامەزراوەکان بنیات نەنراون، کە پێویستن بۆ سەپاندنی یاسا و هەیبەت و جێگیرکردنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی. لەبەر ئەوە تا ئەو بارودۆخە جێگیر نەبێت ئینساف نییە عێراق بە دەوڵەتانی دیکە بەراورد بکرێت.

## دەستوور کۆکەرەوەی هەموو عێراقییەکانە و دەبێت هەموو عێراقییەکان پێوەی پابەندبن

***لە دەستووردا باس لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی وەك کەرکووك و ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە کراوە لە مادەی ١٤٠ی دەستووردا، هەروەها باس لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکان و داهاتەکانیان کراوە، لە مادەی ١١١دا، هەروەها دامەزراندنەوەی سوپای عێراقی بەپێی دەستوور. بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێکردنی دەستوور نابینین، راو لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- لە راستیدا دەستوور کۆکەرەوەی هەموو عێراقییەکانە و دەبێت هەموو عێراقییەکان پێوەی پابەندبن، بەڵام عێراق لە قۆناغێکدایە کە پێویستی بە تەوافوقی سیاسی هەیە، لە پێناو ئەوەی بارودۆخەکە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە سەقامگیر بێت، چونکە دەبێت تێکڕای عێراق سەقامگیر بێت، نەك تەنها بەشێکی دیاریکراوی وڵاتەکە، ئەمەش هەموو کوتلە سیاسییە گەورەکانی عێراق لەسەری هاوڕان، ئەمە بەو مانایە نایەت کە باز بەسەر دەستووری عێراقیدا بدەین و پشتگوێی بخەین، راستە دەبێت دەستوور حەکەم و یەکلاکەرەوە بێت لە مەسەلەکاندا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەم قۆناغە پێویستی بەو تەوافوقی سیاسییە هەیە، دەبێت دەرەفەتێك بە رێککەوتنە سیاسییەکان بدرێت بۆ ئەوەی کێشەگەلێکی دیاریکراو یەکلابکرێنەوە، تەنانەت چەند بڕگەیەکی دەستووریش تەوافوقی سیاسی تێدا رەچاوکراوە، ئەمەش بە مانای فەرامۆشکردنی دەستووری نایەت.

## پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانییە و دژی رژێمی پێشوو شەڕی کردووە و بەشداری لە هێنانەدی ئەم ئازادییەدا کردووە

*** حاڵی حازر هەرێمی کوردستان هێزێکی یاسایی هەیە بە ناوی پێشمەرگەوە، کە ئەم هێزە بەشداری لە رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێندا کرد، بەڵام ئێستا حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات وەك هێزێکی میلیشیا لە هێزی پێشمەرگە بڕوانێت، بۆچی لەکاتی پرۆسەی ئازادیدا هێزێکی یاسایی بوو، بەڵام ئێستا بودجەی لە حکومەتی عێراق بۆ دابین ناکرێت، تێڕوانینی ئێوە چییە لەو رووەوە؟**

- هەموو لایەك دان بەو راستییەدا دەنێین کە پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانییە و دژی رژێمی پێشوو شەڕی کردووە و بەشداری لە هێنانەدی ئەم ئازادییەدا کردووە. دەبێت مەسەلەی چۆنییەتی رێکخستن و مووچەی ئەو هێزە بە یاسایەك رێکبخرێت بە شێوەیەك کە جێی رەزامەندی حکومەتی مەرکەزی و کوردستان بێت. من پێم وایە لە بودجەی ئەم دواییدا لە رێژەی لە سەدا ١٧ کوردستان حسابی ئەوە کراوە، بەڵام دەمێنێتەوە پاسەوانی هەرێم کە دەبێت سەرکردەکانی کوردستان و بەغدا لەو رووەوە بگەنە رێککەوتنێك، من پێم وانییە ئەو کێشەیە کێشەیەك بێت کە قابیلی چارەسەرکردن نەبێت.

*** هەمیشە کوردەکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە دەبێت داهاتەکانی نەوت بە سەر هەموو عێراقییەکاندا دابەش بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراقی رێگری دەکات لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە بواری دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتدا بکات، لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- لە راستیدا ئەوە زیاتر پەیوەستە بە تەفسیرکردنی دەستوورەوە، بۆ نموونە کاتێك دەستوور دەڵێت نەوت موڵکی خەڵکی عێراقە، ئایا ئەمە مانای وایە هەر ناوچەیەك نەوتی تێدابوو خەڵکی ئەو ناوچەیە دەتوانن خۆیان هەڵبستن بە بەڕێوەبردنی یاخود، حکومەتی مەرکەزی کۆنتڕۆڵی ئەو نەوتە دەکات. من پێم وایە دەبێت داهاتەکانی کوردستانیش بگەڕێتەوە بۆ مەرکەز، لەبەر ئەوەی کوردستان بەشی هەیە لە بودجەی عێراقدا، بە هەمان شێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق. هەروەها دەبێت ئەو گرێبەستە ئابوورییانەی کوردستان ئیمزایان دەکات بگونجێن لەگەڵ رێنمایی و مەرجەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی.

**عێراق لە قۆناغێکدایە کە پێویستی بە تەوافوقی سیاسی هەیە، لە پێناو ئەوەی بارودۆخەکە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە سەقامگیر بێت، ئەمەش هەموو کوتلە سیاسییە گەورەکانی عێراق لەسەری هاوڕان، ئەمە بەو مانایە نایەت کە باز بەسەر دەستووری عێراقیدا بدەین و پشتگوێی بخەین**

**دەبێت ئەو گرێبەستە ئابوورییانەی کوردستان ئیمزایان دەکات بگونجێن لەگەڵ رێنمایی و مەرجەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی**

پرۆفیسۆر کلارک لۆمباردی
ئوستادی قانونی دەستووری لە زانکۆی
واشنتۆن بۆ گوڵان:

# لە زۆر لایەنەوە دەکرێت دەستووری عێراق بە شێوازی جیاواز تەفسیر بکرێت، ئەمەش کێشە دروست دەکات



**پرۆفیسۆر لۆمباردی کە ئوستادی قانونی دەستوورییە لە زانکۆی واشنتۆن پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەسەر یاسای ئیسلامی ویەکێکە لەو پسپۆرانەی کە بەشداری کردووە لە بونیادی حکومەتی ئەفغانستان و لە نزیکشەوە ئاگاداری دارِشتنی دەستووری عێراقە.**
**سەبارەت بە کاریگەری ئەم دەستوورە و بایەخی هەماهەنگی و هاریکاری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر لۆمباردی کرد و بەرِێزیشی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان پێویستی بە وردبینی و هاریکاری هەمەلایەنە هەیە

*** ئەمڕۆ لە عێراقدا کێشەکان رێگەی چارەسەرکردنیان لە دەستووردا بۆ دەست نیشان کراوە، بەڵام کاتێك دێینە سەرچارەسەرکردنیان یان وتوێژبۆ چارەسەرکردنیان گرێدەدرێت، هەست دەکەین لەدەرەوەی چوارچێوەی دەستوور داوای سازش و کۆمپرۆمایز دەکرێت، ئایا هۆکاری ئەو لەدەستوور دەرچوونە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

- ئێوە باس لەوە دەکەن کە شتێکی ناواقیعییە مامەڵە لەگەڵ کێشە دەستوورییە گەورەکاندا بکرێت کاتێك وڵاتەکە رووبەڕووی کێشەگەلێکی عەمەلی دەبێتەوە. من پێموایە ئەوە کورتبینییە. رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە پێویستی بە پلانی ورد و هاوکاری هەیە لە نێوان هەرێمە جیاوازەکانی عێراقدا، تەنانەت پێویستی بە هاوکاری نێوان لایەنەکانی هەمان ناوچە هەیە. زۆر زەحمەتە بتوانین بە شێوەیەکی کارا مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکەین کاتێك ناسەقامگیری سیاسی، یاخود گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان حکومەتەکانی هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندیدا هەبێت. بە گوزارشتێکی تر، بوونی کێشەگەلێکی عەمەلی ئاڵۆز پاساو نییە بۆ دواخستنی بڕیاردان لە سەر بنیاتنانی دامەزراوەکان لە عێراقدا. بەڵکو

هۆکارێکە بۆ خستنەگەڕی هەوڵی زیاتر بۆ هاوکاری کردنی باشتر.

## لە زۆر لایەنەوە دەستووری عێراق بڕیارەکانی بە جێ هێشتووە بۆ تەفسیرکردنی داهاتوو و دەکرێت بە شێوەی جیاواز تەفسیر بکرێت

*** سەرکەوتنی فیدرالیزم لە عێراقدا، پێویستی بە بوونی پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەو میکانیزمانە چین کە دەبنە بنەمای پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەو دوو حکومەتەدا؟**

- تەنها یەك ڕێگا نییە بۆ بنیاتنانی بونیادێکی فیدراڵی کاریگەر، لە وڵاتە جیاوازەکاندا میکانیزمی جیاواز هەیە بۆ هێنانەدی هاوکاری و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی بە شێوەیەکی حەتمی لە سیستەمی فیدراڵیدا سەرهەڵدەدەن.

دەستووری عێراق مرونەتێکی بەرچاوی ڕەخساندووە بۆ گرتنەبەری بونیادێکی دامەزراوەیی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند/هەرێم کە بە باشترین شێوە لە سیاقی عێراقدا کاربکات. دەستوور لە زۆر ڕووەوە ڕوون نییە. لە زۆر لایەنەوە دەستوور، بڕیارەکانی بە جێ هێشتووە بۆ تەفسیرکردنی داهاتوو و لە هەندێ لایەنی ترەوە دەکرێت بە شێوەی جیاواز تەفسیر بکرێن. ئەو کەسانەی دەنگیان بۆ ئەو بڕگە تەمومژاویانە داوە هاوڕانین لەگەڵ ئەو تەفسیرەی بۆ ئەو بڕگانە دەکرێت. لەبەر ئەوەی هێشتا ڕێنماییەکی ڕوون نیە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە شێوازگەلێکی جیاوازی بونیادی فیدرالیزم سەرهەڵبدەن.

سروشتی ئەو دامەزراوانەی کە عێراق بە نیازە بنیاتیان بنێت بە پێی هاتنەدی کۆدەنگی لە سەر ئەم مەسەلانە دەکرێت:

(١) ئایا دەستوور داوای چی دەکات.

(٢) ئایا ئەو سیاسەت و نەریتانە چین کە پێویستە بگیرێنەبەر کە لە دەستووردا نەهاتوون.

(٣) ئەو میکانیزمە دامەزراوەییانە یان ئەو سیاسەتانە چین کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەو سیاسەتانە پیادە بکەین کە دەستوور داوای کردوون یاخود بۆ پیادەکردنی سیاسەتە «داوانەکراوەکان، بەڵام خوازراوەکان».

من پێموایە هێشتا حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێم لە سەرەتای پرۆسەی پێکهێنانی کۆدەنگیدان دەربارەی ئەوەی دەستوور دامەزراندنی چ بونیادێك دەخوازێت و دەربارەی ئەوەی کام سیاسەتە نەخوازراوانە سەرکەوتوون و کام سیاسەتە نەخوازراوانە سەرکەوتوو نین؟ پێویستە پێش بڕیاردان لە سەر جۆری دامەزراوە نوێیەکان و جۆری چاکسازییە دامەزراوەییەکان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. پێویستە دامەزراوەکان بەو شێوەیە بنیات بنرێن یان بەو شێوەیە چاکسازیان تێدا بکرێت کە پێویستن بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەو کێشانەی کە ئەم دامەزراوانە ناتوانن چارەسەریان بکەن.

پێدەچێت پرۆسەی دەستنیشان کردنی

(١) دەستوور داوای چی دەکات

(٢) لە چ بوارێکدا سەرکەوتووە

(٣) لە چ بوارێکدا سەرنەکەوتووە

دووچاری دژواری بۆتەوە لەبەر ئەوەی شەفافییەت و متمانە لە نێوان حکومەتەکانی هەرێم و حکومەتە ناوەندییەکان نیە.

پێویستمان بە چییە؟ حاڵی حازر پێویستمان بە دامەزراندنی ئەو میکانیزمانە هەیە کە دەبنە هۆی خوڵقاندنی شەفافییەت و متمانە لە نێوان ئەو دوو ئاستە حکومیەدا. دەبێت چەند هەنگاوێکی جیددی هەڵبگیرێت. ئەگەر نەریتی کارکردنی کۆمەڵە کەسێکی دەستڕۆیشتو و بە توانا هەبن کە هەندێ جار لە هەرێمەکاندا خزمەت بکەن و هەندێ جار لە حکومەتی ناوەندیدا، ئەوا دەبێتە هۆی دروست بوونی تێگەیشتن لە نێوان ئەو دوو حکومەتەدا، هەروەها ئومێدی ئەوە دەکرێت متمانەش دروست بێت. بە هەمان شێوە دەبێت دامەزراوەگەلێکی تایبەت بە ڕاوێژکردن لە نێوان هەردوو حکومەتدا هەبێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوانیاندا گەڵاڵەبێت. ئەمەش هەندێ جار گفتوگۆ دەخوازێت لە نێوان

(١) یاسا داڕێژەرانی حکومەتی ناوەندی ولە پەرلەمانی هەرێمدا،

(٢) دادوەرەکانی دادگای فیدراڵی و دادگاکانی هەرێمدا

بە دڵنیاییەوە لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمدا و، هێزە ئەمنیەکانی هەردوولادا.

پێویستە سەرکردەکانی هەردوولا پلانی پێش وەختەیان هەبێت بۆ ئامادەکردنی خەڵکەکەیان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی ناکۆکییەکان. شتێکی زۆر گرنگە کە سەرکردەکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان بە زووترین کات بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزمەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. دەبێت خەڵکی لەوە تێبگەن کە هەمیشە ئەو میکانیزمانە ئەو دەرئەنجامانەیان لێناکەوێتەوە کە خەڵکی دەیخوازن. لە زۆرێك لە وڵاتاندا، دادگاکان میکانیزمێکی گرنگن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ناوەند و هەرێمەکان بە چەشنێك بە لای هەردوولایانەوە قبوڵ بێت.

بەڵام نابێت دامەزراوەی سەرەکی بین بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە، ڕەنگە پەنا بۆ دامەزراوە سیاسییەکان ببەین، وەك دەسەڵاتی یاسادانان، یان لە ڕێی میکانیزمەکانی ترەوە. هەر دامەزراوەگەلێك کە هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێم متمانەی پێ دەکەن، دەبێت هەردوولا خەڵکەکەی خۆیان ئامادە بکەن (پێش ئەوەی هەر بڕیارێکی مشتومڕئامێز بدەن) بۆ ئەوەی ڕێز لە بڕیارەکانی ئەو دامەزراوانە بگرن، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشیدا هاوڕانەبن.

**بوونی کێشەگەلێکی عەمەلی ئاڵۆز پاساو نییە بۆ دواخستنی بڕیاردان لە سەر بنیاتنانی دامەزراوەکان لە عێراقدا. بەڵکو هۆکارێکە بۆ خستنەگەڕی هەوڵی زیاتر بۆ هاوکاری کردنی باشتر**

**دەبێت خەڵکی لەوە تێبگەن کە هەمیشە ئەو میکانیزمانە ئەو دەرئەنجامانەیان لێناکەوێتەوە کە خەڵکی دەیخوازن. لە زۆرێك لە وڵاتاندا، دادگاکان میکانیزمێکی گرنگن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ناوەند و هەرێمەکان بە چەشنێك بە لای هەردوولایانەوە قبوڵ بێت**



**پرۆفیسۆر جۆن مایكل گاری**
**ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانكۆی**
**كالیفۆرنیا بۆ گوڵان:**

# چوارچێوەی حكومڕانی عێراق ناتەواوە

**پرۆفیسۆر جۆن مایكل گاری ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی كالیفۆرنیا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر حكومەت و حكومڕانی و، یەكێكە لەئەندامانی گروپی نووسینەوەی دەستووری قیرقازیا،هەروەها لەسەر دەستوور حكومڕانی چەندین وڵاتیش توێژینەوەو دیراساتی ئەنجامداوە، سەبارەت بەكێشەكان دەستووری عێراق و ئەو بارودۆخە نائارامییەی رووبەڕووی عێراق بۆتەوە گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر جۆن گاری كردوو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

**لە پرۆسەكانی بنیاتنانی نەتەوەدا حاڵەتەكانی شكست لە حاڵەتەكانی سەركەوتن زیاتر و زۆرترن**

***بنیاتنانی نەتەوە پرۆسەیەكی گرنگ و ئاڵۆزە، مێژووی ئەمەریكا پێمان دەڵێت رێژەی سەركەوتنی هەوڵەكانی ئەمەریكا لەم رووەوە رێژەیەكی نزمە، تەنها دەتوانرێت ئاماژە بە یابان و ئەڵمانیا بكرێت، ئایا رێژەی سەركەوتنی عێراق لەو پرۆسەیەدا چەندە؟**

- راستە لە پرۆسەكانی بنیاتنانی نەتەوەدا حاڵەتەكانی شكست لە حاڵەتەكانی سەركەوتن زیاتر و زۆرترن، ئەم پرۆسەیە لە عێراقدا پێویستی بە دابەشكردنی دەسەڵاتە بە سەر پێكهاتە جیاوازەكاندا، لەگەڵ هێشتنەوەی دەسەڵاتێكی نیشتمانی كە دراوی وڵاتەكە و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكە كۆنترۆڵ بكات.

**یەكێک لە كێشە سەرەكییەكانی عێراق ئەوەیە كە چوارچێوەیەكی ناتەواوی هەیە بۆ پرۆسەی حوكمڕانیكردن**

***ئامانج لە دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی و دیموكراسی و فرەییە، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، نەتوانراوە ئەو ئامانجانە لە عێراقدا بەدی بهێنرێت، هۆكاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- یەكێك لە كێشە سەرەكییەكانی عێراق ئەوەیە كە چوارچێوەیەكی

**یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی عێراق ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی ناتەواوی هەیە بۆ پرۆسەی حوکمڕانیکردن، مەبەستم ئەوەیە عێراق پێویستی بە ڕێککەوتنێک هەیە لە سەر چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتەکانی سەرچاوە نیشتمانییەکان، بە تایبەتی نەوت**

ناتەواوی هەیە بۆ پرۆسەی حوکمڕانیکردن، مەبەستم ئەوەیە عێراق پێویستی بە ڕێککەوتنێک هەیە لە سەر چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتەکانی سەرچاوە نیشتمانییەکان، بە تایبەتی نەوت، مەبەستم ئەوەیە ئایا حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی ئەو سەرچاوەیە دەکات، یان حکومەتە هەرێمییەکان، هەروەها تا ئێستاش کێشەی دیاری کردنی سنووری جوگرافی هەیە، بۆ نموونە کێشەی کەرکوك، لەبەرئەوە ئەو ڕێککەوتنە دەبێتە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاددەی سەرکەوتن یان شکستی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە.

*** پرۆسەی فیدرالیزمی عێراق کە لەدەستووردا پێناسەیە بۆ عێراقی نوێ خەریکە ڕێگەی خۆی وون دەکات و هێندەی لە دەوڵەتێکی سەنترالی نزیك دەبینەوە، هێندە هەنگاو بۆ فیدرالیزم هەڵناگرین، ئایا ئەگەر ئەزموونی سەنترالی دووبارە بکرێتەوە ئایندەی عێراق بەرەو کوێ دەچێت ؟**

-لە ڕاستیدا هێشتا ڕوون نییە، ئایا ئەو فیدراڵییەتەی لە عێراقدا پیادە دەکرێت هەمان شێوەی ئەو فیدراڵییەتەیە کە لە ئەمەریکا و ئەڵمانیادا هەیە، کە لەو وڵاتانەدا هەموو یەکە فیدراڵییەکان بە پێی دەستوور یەکسانن لە بەردەم حکومەتی ناوەندیدا، یاخود بەو شێوەیە دەبێت کە لە ڕووسیادا هەیە، کە لە ڕووسیادا هەندێ لە هەرێمەکانی خاوەن ئۆتۆنۆمییەکی زیاترن لە هەندێکی دیکەیان، لە عێراقدا حاڵەتەکە وەك ئەو بارودۆخەیە کە لە ڕووسیادا هەیە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کوردستان ئۆتۆنۆمی بەدەست هێنا، بەڵام بە شێوەیەکی ڕەسمی دان بەم حاڵەتەدا نەنراوە و هێشتا ڕوون نییە، ئایا بەردەوام دەبێت یان نا.

## تۆماری پێنج ساڵی ڕابردووی عێراق مژدەبەخش نییە

***ئیدارەی سەرۆك بۆش پێداگیری لەسەر بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەکات لە عێراقدا، بەڵام هەموو چاودێران بە سەرکەوتووی لە قەڵەم نادەن ئایا ئەم جیاوازییە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

- من پێم وایە بارودۆخەکە لە چەند مانگی ڕابردوودا بەرەوپێشچوونی بە خۆوە بینیوە، بەڵام تۆماری پێنج ساڵی ڕابردووی عێراق مژدەبەخش نییە.

***لە دەستووردا میکانیزمی چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی وەك کەرکوك و ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە کراوە، هەروەها باس لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێڵگە نەوتییەکان و داهاتەکانیان کراوە، بەڵام لە سەر ئەرزی واقیع جێبەجێکردنی دەستوور نابینین، ڕا و لێکدانەوەی ئێوە چیە؟**

- من پێم وایە لە بەشەکانی تری عێراقدا ترس و نیگەرانی هەیە لە سەر ئەوەی ئەگەر ڕاپرسی لە کەرکوکدا ئەنجام بدرێت ئەوا بە دڵنیاییەوە بە زۆرینەی دەنگ خەڵکەکەی دەنگ بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك دەدەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەمەریکاش نیگەرانە لەوەی ئەو حاڵەتە توندوتیژی و ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە، من پێم وایە ئەوانە هۆکاری بڕیارنەدانن لە سەر چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

***هەمیشە کوردەکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە دەبێت داهاتەکانی نەوت بە سەر هەموو عێراقییەکاندا دابەش بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراقی ڕێگری دەکات لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا بکات، لێکدانەوەی ئێوە چیە؟**

- هێشتا کێشەیەکی دەستووری یەکلانەکراوە هەیە لە عێراقدا ، ئەویش ئەوەیە ئایا حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتی بە سەر گرێبەستەکانی نەوتدا هەیە، یان هەرێمە فیدراڵییەکان، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم، حکومەتی عێراق دەسەڵاتی بە سەر گرێدانی گرێبەستەکان و دانانی مەرجەکان بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکاندا هەیە. لە لایەکی دیکەوە نیگەرانی ئەوە هەیە ئەگەر هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی پێبدرێت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری نەوتدا ئیمزا بکات، ئەوا دەبێت هەمان ماف بە شیعەکان و بەشەکانی تری عێراق بدرێت.



# ئەمەریکا لە پرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتاندا تۆمارێکی باشی نییە ئایا ئایندەی عێراق بە کوێ دەگات؟

کاتێك باسی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق دەکەین، بەوەی عێراق لەسەر بنەمایەکی فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە دابمەزرێتەوە، یەکسەر بۆ سیماکانی سەرکەوتن ئاماژە بە ژاپۆن و ئەڵمانیا و هەندێك جار ئیتاڵیا دەکەین, بەڵام کاتێك رۆدەچینە ناو وردەکارییەکان، بەراوردی واقیعی عێراق لەگەڵ پێکهاتەی ئەو وڵاتانە دەکەین، دەبینین فاکتەری سەرکەوتن لە ئاستی فاکتەری شکست باڵادەست نییە، راستە روویەکی لێکچوو لەنێوان عێراق و ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئیتاڵیا هەیە کە ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو دەوڵەتانە شەڕیان دۆڕاندووە، بەڵام چەندین رووی جیاوازیش هەیە کە گەلێك جار ئێمە زۆر بە سادەیی بەسەریاندا باز دەدەین.

لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن، پاشخانێکی ناسنامەی نیشتمانی بوونی هەیە، ئەم پاشخانە فاکتەرێکی گرنگە بۆ دروستبوونی متمانەی نیشتمانی لە نێوان هاووڵاتیاندا بەڵام لە عێراقدا ئەم پاشخانە بوونی نییە، مێژووی حکومڕانی لە عێراقدا مێژوویەکی هەڵەیە و، گەلانی عێراق بەدەست حوکمڕانی عێراقەوە چەوساوەبوون نەك لە شەڕێکی دەرەکیدا تێکشکابن، هەربۆیە کاتێك لەم راستەوە سەیری عێراق دەکەین، دەبینین فاکتەرێکی بونیادنانەوە زیاتر لە دەوڵەتێکی وەك سۆماڵ یان غانا دەچێت نەك ژاپۆن و ئەڵمانیا.

ئەوانەی لەسەر دۆسێی عێراق پسپۆڕ و چاودێرن پێیانوایە ئەزموونی بونیادنانەوەی عێراق لە سیاسەتی ئەمەریکا لە بونیادنانەوەی وڵاتاندا دەچێتە خانەی ئەزموونە فاشیلەکان نەك سەرکەوتووەکانی بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە، گوڵان راوبۆچوونی کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزای نێودەوڵەتی وەرگرتووە کە ئەمە دەقی بۆچوونەکانیانە:





پرۆفیسۆر حەیدەر ئەلحەمودی کە ئوستادی یاسایە لە زانکۆی پیستبۆرگ و یەکێکە لە ئەکادیمییە ناسراوەکانی عێراق و لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٥ بەڕێوەبەری USAID بووە لە عێراق و هەروەها راوێژکاری یاسایی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراقیش بوو.
لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٧یش ئوستادی یاسا بووە لە زانکۆی کۆلۆمبیاو لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ یشەوە گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆی پیستبۆرگ.
پرۆفیسۆر حەیدەر ئەلحەمودی لەسەر ئاستی ئەکادیمی و کاری پراکتیکی واقیعی لەبەر ئەوەی خۆشی هاووڵاتییەکی عێراقییە زۆر شارەزایە لەسەر بارودۆخی عێراق و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان سەبارەت بە کێشەکانی عێراق لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

**پرۆفیسۆر حەیدەر ئەلحەمودی ئوستادی یاسا لە زانکۆی پیتسبۆرگ بۆ گوڵان:**

# بێجگە لە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا سەروەریی یاسا بوونی نییە، کە سەروەریی یاساش نەبوو حکومەتێکی گەندەڵ و دەوڵەتێکی فاشیل دروست دەبێت

### لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان سەروەریی یاسا بوونی نییە

*** لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بە ورەیەکی بەرزەوە دەستکرا بە بونیادنانەوەی عێراق، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بەشێکی بچووك لەو ئامانجە وەدی هێنراوە. بۆیە بەڕای ئێوە، بۆچی تاکو ئێستا عێراق هەنگاوی بەرەو ئەم ئاراستەیە نەناوە؟**

- بەڕای من گەورەترین گرفت خراپی رەوشی ئاسایشە و نەبوونی سەروەریی یاسایە، هەر وڵاتێك پشت بە سەروەریی یاسا ببەستێ سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام لە عێراقدا سەروەریی یاسا بوونی نییەو هەروەکو ئێوە ئاماژەتان پێکرد و جەختتان کردە سەر فیدراڵییەت و دیموکراسییەت و فاکتەرەکانی تر، ئەوانە هەموویان پێویستییان بە سەروەریی یاسایە، هەربۆیە بەڕای من، زۆربەی ناوچەکانی عێراق بێجگە لە هەرێمی کوردستان، کە سوپاس بۆ خوا کوردستان ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیرە، گرفتێکی روون و ئاشکراو ئاڵۆزی هەیە دەربارەی رەوشی ئاسایشی ناوچەکانی تری عێراق، بۆیە بەڕای من، بەبێ سەقامگیری و بەبێ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، بەتایبەتی رەوشی ئاسایش لە لایەنی حکومەتەوە، ئەوە زۆر زەحمەتە دەوڵەتێك بونیاتبنرێ لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا و بەبێ سەروەریی یاسا زۆر زەحمەتە دەوڵەتێکی دیموکراسی و فیدراڵی بونیاتبنرێ، کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێ و مافی هەموو هاووڵاتییەکان بپارێزێ.

**حکومەتی مەرکەزی عێراقی بە پێی پێویست ڕێز لە مافەکانی کوردەکان ناگرێ، بەڵام بەڕای من جیاوازییەک هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری عێراق لەبەر ئەوەی یاساو مەرجەکانی بەغدا جیاوازە لە یاساو مەرجەکانی هەرێمی کوردستان**

## لەپێناوی بونیاتنانەوەی عێراقدا زۆر پێویستە هەستی نیشتمانی عێراقییەکان درووست بێ

*** پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوە پرۆسەیەکی گرنگ و ئاڵۆزە، مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆمانی دەسەلمێنێ کە لەم بوارە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی نەبووە و پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوەکەی لە ئاستێکی نزم بووە. بەڵام تاکە ئەزموون و دیاریترین پرۆسەی سەرکەوتوو لە جیهان ئەڵمانیاو ژاپۆنە، هەر بۆیە، سەبارەت بە قسەکردن دەربارەی ئەڵمانیاو ژاپۆن و ئەزموونە سەرکەوتووەکەیان و لە بەراوردکردنی لەگەڵ عێراق، ئایا ئەگەرەکان چین بۆ عێراق بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ لەم پرۆسەیە؟**

- بەڕای من ئەو تەحەدیاتانەی کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە جیاوازە لەو تەحەدییاتانەی کە لە ئەڵمانیاو ژاپۆن هەبووە، پێش داگیرساندنی جەنگی جیهانی و بەشداریکردنی ئەڵمانیاو ژاپۆن لەو جەنگە، هەستێکی نەتەوایەتی بەرز هەبوو لە لایەن هاووڵاتییە ئەڵمانی و ژاپۆنییەکان بەرامبەر بە نیشتیمانەکەیان، بە تایبەتی گەر ئێستا بە وردی تەماشایەکی ژاپۆن بکەین دەبینین ژاپۆن بۆ هەزاران ساڵ وڵاتێکی سەربەخۆ بوو بۆ ماوەیەکی درێژ هەستێکی نەتەوایەتی بەرز و خۆشەویستییەکی زۆریان هەبوو بەرامبەر بە وڵاتەکەیان، بەشێوەیەك کە هەموو هاووڵاتییەکان خۆیان بە ژاپۆنی دەزانی، ئامادەن ژیانی خۆیان لەپێناوی ژاپۆن ببەخشن. هەمان شت دەربارەی ئەڵمانیا، بەڵام کە باسی عێراق دەکەی، حکومەتی پێشووی عێراق حکومەتێکی ستەمدار و دیکتاتۆر بوو دەرحەق بە کوردو شیعە زۆر تاوانی ئەنجامداوە، بەشێوەیەك کە وایکرد هەستی نەتەوایەتی لە لای هاووڵاتییەکانی نەمێنێ، گەر کورد یان شیعە یان بڕێك لە سوننەکان و زۆربەی کەمینەکانی تر کە چەوسابوونەوە، هەموو هاووڵاتییە عێراقییەکان هەستیان دەکرد نامۆن لە عێراق و هیچ پەیوەندییەکیان بەو وڵاتەوە نییە، بۆیە ئەم تێڕوانینە بوونی نییە لە ژاپۆن، جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوانی ژاپۆن و عێراق، بۆیە تەحەدایەکی گەورە لە پێش گەلی عێراق هەیە. من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە هەر گرووپێك یان هەر لایەنێك نەژادیی خۆی لەبیر بکا، بەڵام پێویستە هەستێکی گەورەتریان لا دروست بێ کە بەشێکن لە عێراق و هاووڵاتی عێراقین، دروست بوونی ئەم هزرو هەستە کاتێکی زۆری دەوێ تا دروست بێ لە لایەن هاووڵاتییە عێراقییەکان بۆیە، بەڕای من دروست بوونی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی لە ژاپۆن و ئەڵمانیا ئەم هەستە هەبووە بۆیە توانیویانە وڵاتەکانیان بونیات بنێنەوە و سەرکەوتوو بن، بۆیە لەپێناوی بونیاتنانی عێراق زۆر پێویستە ئەم هزرە لە عێراقییەکان دروست بێ.

*** حکومەتێکی مەرکەزی هەیە لە بەغدا لەگەڵ حکومەتێکی هەرێمی لە هەولێرو پێویستە میکانیزمی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر جیاواز بێ لە میکانیزمی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو پارێزگاکانی تری عێراق. بەڵام حکومەتی مەرکەزی هیچ جیاوازییەك پیشان نادا لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئایا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە حکومەتی عێراق نیازی نییە هەنگاو بەرەو دیموکراسییەت بنێ؟**

- هەرچەندە من ١٠٠٪ دڵنیانیم لەسەر ئەو پرسیارەی کە وروژاندووتانە، بەڵام وابزانم جۆرە جیاوازییەك هەیە لە مامەڵەکردنیان و وابزانم حکومەتی مەرکەزی عێراقی بە پێی پێویست ڕێز لە مافەکانی کوردەکان ناگرێ، بەڵام بەڕای من جیاوازییەك هەیە لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری عێراق لەبەر ئەوەی یاساو مەرجەکانی بەغدا جیاوازە لە یاساو مەرجەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها جیاوازی هەیە لە ڕووی بیرو تێڕوانینی هەردوو حکومەت لە بەغداو هەولێر سەبارەت بە نەوت و یاسای نەوت و مافەکانی کوردەکان لە ئەنجامدانی گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، بەڵام بەڕای من لە لای زۆربەی کەسایەتییەکانی حکومەتی مەرکەزی عێراقی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزێکی زۆر هەیە بەرامبەر بە دیموکراسییەت، بەڵام گرفتەکە بریتییە لەوەی کە سیستەمی فیدراڵییەت جۆرە جیاوازییەك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراقی دروستدەکات و، پێویستە لەسەر حکومەتی مەرکەزی عێراقی جۆرە ڕێزێکی هەبێ بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەرچەندە ڕێزەکە بوونی هەیە)، بەڵام پێویستە زیاتر ڕێز لە مافەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێ و هەوڵبدا بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی گرفتەکان چارەسەر بکاو مافەکانی هەرێمی کوردستان بدا.

## لەعێراقدا وەک پێویست ڕێز لە دەسەڵاتی دادوەری ناگیرێت

*** هەروەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کرد سەبارەت بە یاسای نەوت و غاز و کێشەکانی نێوانی هەردوو حکومەت، دەبینین لەنێوان حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند گرفتێك هەیە، هەروەکو دەزانین ڕێگاچارەکانی ئەو گرفتانە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ئاماژەی پێکراوە، لێرەدا پرسیارەکەمان ئەمەیە: ئایا کە دەستوور هەیە، ئیتر بۆ جێبەجێکردن و پابەندبوون نییە؟ بۆچی کێشەو گرفتەکان وەکو خۆیان ماون و چارەسەرنەکراون؟**

- من هۆکاری ئەو هاوکێشەیە بۆ دادگاو دەسەڵاتی دادوەری دەگەڕێنمەوە و ئەو ڕۆڵە لاوازەی کە دەیبینێ لە عێراق، لەبەر ئەوەی کاتێك هەر کێشەیەك یان گرفتێك دێتە کایەوە لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو سەبارەت بە شیکردنەوەی مادەیەکی یاسایی یان دەستووری، منیش دەمەوێ لێرە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکو نموونەیەك بێنمەوە،

لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێك لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و هەر ویلایەتێك، دەسەڵاتێکی دادوەری شەرعی هەیە کە لە هەردوو لایەنەوە پەسەندە، هەردوو لایەن دەگەڕێنەوە بۆ دادگاو شیکردنەوەی کۆتایی لێ وەردەگرن بۆ چارەسەرکردنی هاوکێشەکانیان. لەم حاڵەتەدا هەردوو لایەن و لەڕێگای دەسەڵاتی دادوەرییەوە ڕێز لە دەستوورەکەیان دەگرن. بەڵام گرفتی ئێمە لە عێراق ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری بوونی نییە، مەبەستم ئەوە نییە کە بە تەواوەتی ڕێزی لێ ناگیرێ، بەڵام ڕژێمی پێشوو نەیهێشت دەسەڵاتێکی دادوەری بەهێز دروست بێ لە عێراق، هەر بۆیە دروستبوونی دەسەڵاتێکی دادوەری بەهێز کاتێکی زۆر دەخایەنێ لە عێراق و پرۆسەیەکی درێژخایەنە.

## ئەگەر حکومەت گەندەڵ بوو لە تێڕوانینی هاووڵاتییانەوە دەبێتە حکومەتێکی ناشەرعی

***بەڕێزت ئاماژەت بۆ نەبوونی سەروەریی یاسا و ڕێزنەگرتن لە دەسەڵاتی دادوەریکرد، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری گەندەڵی حکومەتی عیراق و فاشیلی دەوڵەتی عێراق ئایا ئەم هاوکێشەیە چۆن ڕاستدەکرێتەوە ؟**

- بەڕای من پشتگیری کردن لە دامودەزگا حکومییەکان کارێکی گرنگە، ئەویش لەپێناوی کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشی ئاسایشی وڵاتەکە لەلایەن حکومەتەوەو بونیاتنانی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا. بۆیە پێویستە دامودەزگا حکومییەکان ڕێگاچارەی گەندەڵی نەگرنەبەر، لەبەر ئەوەی گەر بێت و دامودەزگا حکومییەکان گەندەڵ بن ئەوە لە تێڕوانینی هاووڵاتییەکانەوە حکومەتەکە دەبێ بە حکومەتێکی نا شەرعی. لەبەر ئەوەی بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی دادوەری شەرعی یان دامودەزگاکەلێکی شەرعی یان حکومەتێکی شەرعی کە لە لایەنی هەمووانەوە پەسەند بێ و بە شەرعی دابنرێ، ئەوە زۆر زەحمەتە دەوڵەتێکی سەرکەوتوو بونیات بنرێ، بەڵکو دەوڵەتێکی فاشلی لێ دەردەچێ بۆیە، بەڕای من، تاکە ڕێگا بریتییە لە پاڵپشتیکردنی دامودەزگاو وەزارەتەکان و دەسەڵاتی دادوەری و حکومەت و هتد.. من ناڵێم گەندەڵی بوونی نییە، لەبەر ئەوەی گەندەڵی لە هەموو شوێنێك هەیە بەڵام لە هەمانکاتدا دامودەزگاگەلێك هەنە کە ڕێژەی گەندەڵی کەمتر دەکەنەوە یان کەمترین شت دەتوانن دیاردەی گەندەڵی کەمتر بکەنەوە.

## زۆر پێویستە هێزی پێشمەرگە بە بەشێک لە سوپا دابنرێ و مووچەی خۆی لە داهاتە نیشتیمانییەکان وەربگرێ

*** هێزی پێشمەرگە تاکە هێزی عێراقی بوو کە بەشداریی کرد لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و کۆتایی پێهێنانی ڕژێمی سەدام،، لێرەدا پرسیارەکەمان ئەوەیە: بۆچی لەکاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق پێشمەرگە بە هێزێکی شەرعی دادەنرا و کاتێك باس دێتە سەر بودجەی ئەم هێزە بە بەشێك لە بودجەی سیادی دانانرێ؟**

- بەڕای من زۆر پێویستە هێزی پێشمەرگە بە بەشێك لە سوپا دابنرێ و مووچەی خۆی لە داهاتە نیشتیمانییەکان وەربگرێ. هەروەکو لە دەستووری عێراق هاتووە دەڵێ پێویستە هەموو میلیشیاکان پەیوەندی بە سوپاوە بکەن، بەڵام وابزانم ئەمە بەو واتایە نییە پێشمەرگەی کوردستان بەرەو باشوور بنێردرێ یان سوپای عێراقی بەرەی باکوور، بەڵکو هەر لە هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوەو لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە. گەر بێت و ئەم شتە ڕوویدا، ئەوە پێویستە لەسەر حکومەتی مەرکەزی عێراقی مووچەی ئەو هێزانە بدا، بەڵام لە حاڵەتی ئەو میلیشیا چەکدارانەی کە سەر بە پارتە سیاسییەکانن و ڕێز لە دەستوور و حکومەتی ناوچەکانیان ناگرن، گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ یان حکومەتی مەرکەزی عێراقی، ئەوکاتە هیچ مافێکیان نابێ بۆ داواکردنی مووچە لە حکومەتە باڵادەستەکەی ئەو ناوچەیە. هەروەکو لە دەستووریش ئاماژەی بەوە کردووە کە پێویستە ئەو میلیشیاتانە هەڵبوەشرێنەوە لەبەر ئەوەی سەر بە پارتی سیاسین و ڕێز لە دەستوور و حکومەتەکەیان ناگرن.

*** کورد دەڵێت نەوت و سەرچاوەکانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی عێراقییە. ئایا هۆکاری مەترسی و نیگەرانی حکومەتی مەرکەزی عێراقی چییە لە دۆزینەوەو بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان؟**

- لەڕاستیدا من بە تەواوەتی نازانم هۆکاری نیگەرانی حکومەتی مەرکەزی عێراقی بۆچی دەگەڕێتەوە، بەڵام هەروەکو ئاماژەت پێی کرد، دەستووری عێراقی باس لەوە دەکا کە سەرچاوە سرووشتییەکانی عێراق بۆ هەموو هاووڵاتییە عێراقییەکانەو پێویستە بە یەکسانی دابەش بکرێ لە نێوان هەموو هاووڵاتییە عێراقییەکان. بەڕای من پێویستە بە پێی دەستوور ئەو هاوکێشەیە چارەسەر بکرێ لەنێوان هەردوو حکومەت، لەبەر ئەوەی من لەو بڕوایەدام کە زۆر پێویستە لەسەر حکومەتی مەرکەزی عێراقی دەرفەتێك بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ببەخشێ بۆ دۆزینەوەی نەوتی هەرێم، لە هەمانکاتدا حکومەتی مەرکەزی عێراقی جۆرە مافێکی دەبێ بۆ چاودێریکردن، بۆ زانینی بڕی ئەو نەوتەی کە لە زەوی دەدۆزرێتەوەو ئەو بڕەی کە هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێ. لە هەمانکاتدا پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش ئاگادار بێ لە بڕی ئەو نەوتەی کە لە باشوور دەردەکرێ و ئەو بڕەی کە دەفرۆشرێت بۆ ئەوەی هەردوو لایەن شەففاف بن و ئاگاداری شێوازی دەرکردن و فرۆشتنی نەوتەکە بن بۆ ئەوەی مافی هەردوو لایەن دەستەبەر بکرێ و مافی هیچ لایەنێك فەرامۆش نەکرێ و دواتر بەشێوەیەکی یەکسانی بەسەر هەموو هاووڵاتییە عێراقییەکان دابەش بکرێ.

●●●

**گرفتی ئێمە لە عێراق ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری بوونی نییە، ڕژێمی پێشوو نەیهێشت دەسەڵاتێکی دادوەری بەهێز دروست بێ لە عێراق، هەر بۆیە دروستبوونی دەسەڵاتێکی دادوەری بەهێز کاتێکی زۆر دەخایەنێ لە عێراق و پرۆسەیەکی درێژخایەنە**

●●●



خاتوو فریدریكا بیندی كە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی رۆما لە ئیتاڵیا، تۆژەرو تایبەتمەندە لەسەر كێشەی ئەتنی و نەتەوەییەكان لە ئامۆژگای سیاسی ئەورووپا.

خاتوو فریدریكا سەركەوتن و هەستانەوەی ئەڵمانیاو ژاپۆن و ئیتاڵیا لە دوای شەڕی جیهانی دووەم دەگێڕێتەوە بۆ خواست و ئیرادەی خەڵكی ئەو وڵاتانە بۆ بونیادی دیموكراسی، هەربۆیە كاتێك لەگەڵ عێراقدا بەراوردیان دەكەین هەست دەكەین ئەم ئیرادەیە لای عێراقییەكان بوونی نییە.

سەبارەت بە هەرێمی كوردستانیش خاتوو فریدریكا پێی وایە هەرێمی كوردستان ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ سەربەخۆ بووەو گەلی كوردستان ئیرادەیان هەیە بۆ بونیادی دیموكراسی بۆیە پێویستە وەك بەشێكی جیاواز سەیر بكرێن، هەروەك هەرێمی كەتەلۆنیا لە ئیسپانیا، سەبارەت بەم پرسانەو لە هەڤپەیڤینێكی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

**پرۆفیسۆر فرید ریكا بیندی ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانكۆی رۆمای ئیتاڵی بۆ گوڵان:**

# خەڵكی ئیتاڵیا ئامانجیان بوو دیموكراسییەت بونیاد بنێن بۆیە پرۆسەی دیموكراسییەكە سەركەوتوو بوو

**هۆكاری سەركەوتنی دیموكراسی لە ئیتاڵیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خەڵكی ئیتاڵیا ئامانجیان سەرخستنی دیموكراسی بوو**

***بونیادنانەوەی وڵاتێك بەشێوەیەك رەنگدانەوەی پێكهاتەكانی بێت كارێكی گرنگ و ئاڵۆزە، مێژووی ئەمەریكا پێمان دەڵێت كە رێژەی سەركەوتن لەم بوارەدا زۆر كەمە، هەربۆیە كاتێك ئاماژە بۆ نموونەی سەركەوتن لە ژاپۆن و ئەڵمانیا دەكەین، دەیان نموونەی شكستیش دێتەبەرچاومان، ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری عێراق بكەین ئایا رێژەی سەركەوتنی بونیاتنانەوەی عێراق لەم بوارەدا چۆن دەبینن؟**

- لەكاتی باسكردنی سەركەوتنەكانی ئەڵمانیا و ژاپۆن هەروەها ئیتاڵیاش، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوەش بكەین كە لەم وڵاتانەدا خەڵك بە رێژەیەكی زۆر بەدوای بەدەستهێنانی ئاشتی و دیموكراسی بوون و هەروەها پاڵپشتی پرۆسەی بە دیموكراتیكردنی وڵاتی خۆیان بوون، ئەمە لە لایەك، هەروەها لایەنێكی تریش كە زۆر گرنگە بوونی رێككەوتن بووە لە نێوان سەركردە سیاسییەكان بۆ گەیشتن بە دیموكراسی، بەبێ هەبوونی ئەم دوو لایەنە زۆر ئەستەمە بتوانرێت لە عێراقدا دیمۆكراسییەت بە رێگایەكی سەركەوتووانە بە دەست بهێنرێت، هەروەها دەبێت ئاماژش بەوە بكەین كە سەركەوتنی ئەو ئەزموونانە بەتایبەتی ئیتاڵیا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئیدارەی ئەمەریكا هەلی رەخساند بۆ ئەوەی ئیتاڵییەكان رۆڵی خۆیان ببینن، ئەمەش بەو مانایەیە كە دەبێت عێراقییەكان بۆ خۆیان هەوڵبدەن رۆڵی خۆیان لە پرۆسەی

دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکەیاندا پیشـــان بدەن، ئەگەر هەر بەنیازی هێزی دەرەکی لێی بگەڕێن ئەوا زەحمەتە دیموکراسی سەرکەوتوو بێت .

**جێبەجێکردنی دەستووری عێراق**
**پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەکە**

*** دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن ئامانج لە بونیادنانەوەی عێراق، عێراقێکی نوێ بوو لەســەر بنەمای پێکەوە ژیان وفرەیی و دیموکراسی و پەرلەمانی، دەستووری عێراقیش هەر بەم نییەتە دارێژرا، ئایا بۆ نەتوانرا ئەم ئامانجە بهێنرێتە دی ؟**

-هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵانی رابــردوو، لەبەرئەوەی بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بەدەست بێت پێویست بوو لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەگەڵ دانیشــتوانی عێراق رێکبکەون و لە نووســینەوەی دەستووریشـــدا رەچاوی زۆر مەسەلەی دیکە بکرابایە و رەچاوی بارودۆخەکە بکرابایە .ئەم مەسەلەیە دەتوانرێت لە داهاتوودا هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کە هەر لەخۆوە بە ئۆتۆماتیکی چارەسەر نابێت .

**دەبێت هەرێمی کوردستان**
**وەک هەرێمی کەتۆلۆنیای ئیسپانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

*** لــە عێراقدا تەنهــا یەك هەرێمی فیدراڵــی هەیە کە ئەویش هەرێمی کوردســتانە لە باکــوور، ئەمەش واتــە حکومەتێکی سەنترالی لە بەغداو حکومەتێکی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە پەیوەندی نێوان حکومەتی بەغدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان حکومەتی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکانی تر پێویســتە جیاواز بێت، بەڵام حکومەتــی بەغدا ئەم جیاوازییە دەرناخات، پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایــا حکومەتی بەغدا نایەوێت عێراق بەرەو دیموکراتییەت هەنگاو بنێت؟**

- لێرەدا ئەم پرســیارە دوو بەشە، بەشی یەکەم لەم پرسیارە ئەوەیە کوردســتان لە ماوەی رژێمی ســەدام حوسێن ســەربەخۆ بووەو جیاوازییان لە نێوان باکگراوندی دەســەڵات و ئایینda کردووە، بە بۆچوونی خۆشــم پێم وایە ئەوان ئامادەن هەنگاو بەرەو فیدراڵی بنێــن، لێرەدا دڵێم حکومەتی بەغدا توانای ناســاندنی جیاوازی هەرێمی کوردســتانی نییە، لێرەدا چارەســەری ســەرەکی وەکو ئیســپانیا دەبێت، دەستووری ئیسپانیا ئاســتەکانی فیدراڵیزمی جیاکردۆتــەوە هەروەها رەچاوی شــیانی هەریەك لــە نەتەوەکان دەکات بــۆ زیادکردنی یاخود کەمکردنــی فیدراڵییەتیان، لێرەدا کوردســتان کە وەك هەرێمــی کەتەلۆنیایە لــە جیوگرافیادا کە هەرێمی کەتەلۆنیا مێژوویەکی جیاوازی هەیە یەکەمین هەرێمە کە دەســەڵاتی بە شــێوەیەکی فیدراڵی وەرگرتبێت و یەکێکە لەو هەرێمانەی کە دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئێوەش لە کوردستان ئامانجتان هەمان دەستکەوتە ئەوا پێویستتان بە رێککەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی عێراق هەیە.

**زۆر ئەستەمە بتوانرێت**
**شەڕ لەگەڵ گەندەڵی بکرێت**

***ئێســتا عێراق هەم دەوڵەتێکی فاشــیلە هەمیش گەندەڵی تا ئەوپەڕی پەرەیســەندووە، ئایا ئەو میکانیزمانە چین کە دەتوانێت وڵاتێکی وەك عێراق گەندەڵ و فاشــیل بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دیموکراتی سەرکەوتوو؟**

-گەندەڵی لایەنێکی زۆر ئەســتەمە کە بتوانرێت شەڕی لەگەڵدا بکرێــت، گەندەڵی لە هەندێك وڵاتدا و هەروەها لە وڵاتی منیش( ئیتاڵیا ) بەشــێکی زۆری دەســەڵاتی سیاسی گرتۆتەوە، بەڵام هەروەك ئیتاڵییەکان پیشانی دەدەن رێگا هەیە بۆ گۆڕینی، بەڵام دیســان ئەم شتە دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانی وڵاتەکە کە تا چەند دەتوان رێگە لە دەسەڵات بگرن بۆ ئەوەی بەرەو گەندەڵی هەنگاو هەڵنەگرێــت، ئەمــە لەوانەیە بە چەند قۆناغێکــدا تێبپەڕێت و کاتێکی زۆر بخایەنێت بەڵام لە زۆربەی کاتدا سەرکەوتنی جیاواز بەدی دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی حکومڕانی لەو وڵاتەدا.

**کە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند لاواز بوو**
**دەستوور ناتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت**

***هەندێك کێشە لە نێوان حکومەتی سەنترالی و حکومەتی کوردستاندا هەن، بەڵام رێگا چارە بۆ ئەم کێشــانە لە دەســتووردا ئاماژەی بۆ کراوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا کە دستوور لە عێراقدا هەیە بۆچی جێبەجێ ناکرێت و تا ئێستاش ئەم کێشانە لە ئارادان؟**

-لێرەدا جیاوازی ئەوەیە، ئەمە دەستوورێکی رەسمی و راستەقینەیە، بۆیە پێویستە رێز لە یاســاکانی ئەم دەستوورە بگیرێت، هەروەها بۆ ئەوەی رێزی بگیرێت پێویســتە بە دەســەڵاتی ناوەندە کەوا بکات رێزی لێ بگیرێت، بەڵام ئەگەر دەســەڵاتی ناوەند بێ هێز بوو ئەوا ناتوانێــت کۆنترۆڵی مەنتیق بکات بۆیە لێرەدا دەســتوورەکە خۆی ناتوانێت شوێنی خۆی بکاتەوە.من لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە، کاتێك حکومەتــی ناوەند بێهێز دەبێت، لە ململانێ دەترســێت، کەواتە هەتا حکومەتی عێراقی باوەڕ بە خۆی بەدەست دێنێتەوە هیچ ئومێدێك بۆ هەبوونی پەیوەندی باش لەنێوان هەرێم و بەغدا لە ئارادا نابێت، بۆیە لێرەدا مەســەلەکە ئەوەیە کاتێك تۆ بێهێز دەبێت هەمیشە هەڕەشەت لەسەرە گرنگ نییە بەرامبەرەکەت چۆنە.

**لە نەرویج داهاتی نەوت بۆ خەڵکە و**
**لە ڤەنزوێلا بۆ تاقمێک**

*** عێراق تەنها وڵات نییە خاوەنی ســەرچاوەی سروشــتی سامانی نەوتە، بۆچی مەسەلەی یاسای نەوت وگازی عێراق و دابەشکردنی داهاتەکەی بۆتە کێشە؟**

- کاتێك باسی سامانی نەوت و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی ئەم سامانە دەکرێت ئەوا چەندین شێوازی جۆراوجۆرمان لەبەر دەستە ئاماژەیان پێبکەین، وەك نەرویج و ڤەنزوێلا، لە نەرویج داهاتی نەوت بــۆ هەموو خەڵکەو خەڵك بە گشــتی ســوودمەندن لێی، بەڵام لە ڤەنزوێلا لایەنێك سوود لە داهاتەکان دەبینێت و کە لێرەشدا دانیشتوان بە گشــتی ســوودمەند نابن لە داهاتەکانی نــەوت، بۆیە بارودۆخ لێرەدا بەرەو خراپی دەڕوات، لە عێراقیشــدا پێویســتە عێراقییەکان توانــای بەکارهێنانی داهاتەکانیان هەبێت بۆ بەرژەوەندی گشــتی بۆ بەرزکردنی ئاســتی ژیان کە ئەمــەش تاکە ئامانجە، لە کاتێکدا ئاســتی ژیان و ئابــووری بەرز دەبێت ئەوا خەڵك توانیویانە ســوود لــە داهاتەکان وەربگرن بە چاکی بــەکاری بهێنن کە ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتن، بە پێچەوانەوە ئەگەر بە خراپی بەکاری بهێنن ئەوا دەبێتە فاکتەرێکی خراپ و پەتایەکی کوشــندە بۆ کۆمەڵگە.

●●●

**حکومەتی بەغدا توانای ناساندنی جیاوازی هەرێمی کوردستانی نییە، لێرەدا چارەسەری سەرەکی وەکو ئیسپانیا دەبێت، دەستووری ئیسپانیا ئاستەکانی فیدراڵیزمی جیاکردۆتەوە، لێرەدا کوردستان کە وەک هەرێمی کەتەلۆنیایە لە جیوگرافیادا کە هەرێمی کەتەلۆنیا مێژوویەکی جیاوازی هەیە یەکەمین هەرێمە کە دەسەڵاتی بە شێوەیەکی فیدراڵی وەرگرتبێت و یەکێکە لەو هەرێمانەی کە دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە**

●●●

●●●

**پێویستە عێراقییەکان توانای بەکارهێنانی داهاتەکانیان هەبێت بۆ بەرژەوەندی گشتی بۆ بەرزکردنی ئاستی ژیان**

●●●



پرۆفیسۆر مارك شوڵمان ئوستادی یاسایە لەزانكۆی نۆرس برۆدوەی و تایبەتمەندە لەیاسای شەڕو تاوانەكانی شەڕدا، هەروەها بوارێكی دیكەی تایبەتمەندی پرۆفیسۆر شۆڵمان كاروباری نێودەوڵەتییە و یەكێكە لەو ئەكادیمییانەی كە لەبواری سەربازی مێژووی دیبلۆماسیەتدا، پسپۆری هەیە.

سەبارەت بەبارودۆخی عێراق و چۆنییەتی مامەڵەكردن عێراقییەكان لەگەڵ دەستووری عێراق پرۆفیسۆر شۆڵمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

**پرۆفیسۆر مارك شوڵمان**
**ئوستادی یاسا لەزانكۆی نۆرس برۆدوەی بۆ گوڵان:**

# هۆكاری جێبەجێكردنی دەستووری عێڕاق نەبوونی متمانەیە لەنێوان پێكهاتە جیاوازەكانی عێراقدا

**دەستوری عێراق بە نییەتێكی باش داڕێژرا**
**هەربۆیە جێبەجێنەكردنی تەحەدایەكی گەورەیە**

***ئەگەر خوازیارین عێراق بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە، دەبێت ئەم دەستووره جێبەجێبكرێت، بەڵام حكومەتی ناوەندی جێبەجێكردنی ئەم دەستووره پشت گوێ دەخات، ئایا ئەم پشت گوێ خستنە مەترسی لە سەر ئایندەی عێراق دروست ناكات؟**

- من زۆر باش ئاگاداری چۆنییەتی مامەڵەكردنی حكومەتی عێراق نیم لەگەڵ دەستووردا، بەڵام پێم وایە پرۆسەی جێبەجێكردنی ئەو دەستووره دووچاری زەحمەت و دژواری زۆر بۆتەوە. ئەو دەستووره بە نییەتێكی باش نووسرایەوە و داڕێژرا، بە ئامانجی ئەوەی ببێتە نەخشەی رێگا بۆ ئەوەی عێراقییەكان بەرەو گەشەكردن و خۆشگوزەرانی ئاڕاستە بكات، بەڵام جێبەجێكردنی پرۆسەیەكی پڕ لە تەحەددایە.

***یاسای گاز و نەوتی عێراقی گرنگترین یاسای وڵاتەكەن بۆ ئەوەی رێگە بە دابەشكردنی داهاتەكانی ئەو سەرچاوانە بە سەر پێكهاتە جیاوازەكانی عێراقەوە بدات، كە هێشتا پەسەند نەكراوە، هۆكارەكەشی بۆ ئەو گیروگرفتانە دەگەڕێتەوە كە حكومەتی عێراقی خوڵقاندویەتی، ئایا دواخستنی پەسەندكردنی ئەم یاسایە هیچ مەترسیەك لە سەر ئایندەی عێراق دروست دەكات؟**

- لە راستیدا، ئەوە تەحەددایەكە بۆ هەموو عێراق، ئەمە مەسەلەیە پەیوەستە بە ئەگەری رێككەوتن لە سەر بەرژەوەندی

هاوبەش، واتە ئایا پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق چاو لە بەرژەوەندییە خێڵەکی و ئەتنی و ناوچەییەکانی خۆیان دەپۆشن لە بەر خاتری بەرژەوەندی گشتی. من پێم وایە مەسەلەکە زۆر پەیوەست نییە بە داراییەوە، بەڵکو ئایا تێکڕای عێراقییەکان دەگەنە ئەو ڕێککەوتنە یان نا. ئەو کاتە کێشەی دابەشکردنی ئەو داهاتانە چارەسەر دەبێت.

## سەرچاوەکانی ئاو بۆ عێراق هەمان گرنگی سەرچاوەکانی نەوتی هەیە

***بۆ ئەمساڵ کێشەکانی عێراق تەنها کێشەی شەڕ و و توندوتیژی نین، بەڵکو کێشەی ووشکەساڵیشی هاتەسەر، کە مەترسی بۆ سەر بەشێکی گەورەی کشتوکاڵی عێراق دروست کردووە، لەگەڵ بوونی کێشە سیاسییەکاندا، چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە ببینەوە؟**

- ئەمە کێشەیەکە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە پەیوەستە بە گۆڕانی ژینگەوە، بۆ عێراقیش سەرچاوەی ئاو هەمان گرنگی سەرچاوەی نەوتی هەیە، ئەگەر نەبێت دەبێت هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات. گرنگترین شت ئەوەیە کە عێراقییەکان ڕێگاچارەیەك بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بدۆزنەوە و جەخت لەسەر بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆیان نەکەنەوە، ئەو کاتە عێراقییەکان دەتوانن زەمینەیەکی هاوبەش بدۆزنەوە و دەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی سەرچاوە و داهاتەکان. ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی خۆراکەوە هەبێت، ئەوا لە تێکڕای جیهاندا نرخی خۆراك بەرزدەبێتەوە، من هیوادارام دەوڵەتە دۆستەکانی عێراق هاوکاری عێراق بکەن لەو ڕووەوە.

## حاڵی حازر لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا متمانە بوونی نییە

***پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لە هەڵکشان و داکشاندایە ئەگەر هەماهەنگی پێویست لە نێوان هەردوولادا نەبێت ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- من پێم وایە چەسپاندنی حوکمی یاسا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، نووسینەوە و داڕشتنەوەی دەستوور هەنگاوێکی تا دوا ڕادە گرنگە، بەڵام جێگیرکردن و چەسپاندنی حوکمی یاسا کات و کۆشش و هاوکاری و متمانەی دەوێت لە وڵاتە ئاشتیخواز و خۆشگوزەرانەکاندا. حاڵی حازر متمانە لە ناو پێکهاتە عێراقییەکاندا بوونی نییە، بنیاتنانی متمانەش پێویستی بە هەڵگرتنی هەنگاوی بچووکە بۆ هاوکاری کردنی یەکتری و گوێگرتن لە یەکتری، ئەوەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە.

## تەنها ڕێگە بۆ سەرکەوتنی فیدرالیزم بونیادی متمانەیە

*** بەڵام پیادەکردنی بناماکانی فیدراڵیزم لە عێراقدا، پێویستی بە بوونی پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا ئێمە بە دەست ئەم کێشەیەوە گرفتاربووین، زەحمەتە بەرژەوەندییە جیاوازەکانی هەرێمە جیاوازەکان و ئەتنیە جیاوازەکان پێکەوە بسازێنێت. بەڵام بوونی متمانە و پەیوەندی گرنگییەکی لە ڕاددەبەدەری هەیە، هەروەها بوونی تێڕوانینێکی هاوبەشیش بۆ ئایندەیەکی ئاشتی و سەقامگیر گرنگی خۆی هەیە. ئەگەر توانرا هاوسەنگییەك بهێنرێتەدی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا ئەوا داهاتی پێویست و دەرفەتی پەیوەست لە بەردەست عێراقدا دەبێت و دەبێت عێراقییەکان لە گرنگی هاوکاری کردنی یەکتری تێبگەن، من ئەزانم بە هۆی بوونی ئەزموونێکی مێژوویی پڕ لە ئازارەوە بۆ عێراقییەکان زەحمەتە متمانە بە یەکتری بکەن. شەڕ و سەرکوتکارییەکی زۆر هەبووە لە ڕابردوودا، هەر بۆیە زەحمەتە بە سەر ئاسەوارەکانیاندا زاڵ بین.

## مەککین حەزدەکات ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی ئەمەریکا بمێننەوە لەعێراقدا بەڵام ئۆباما پلانی کشانەوەی هەیە

*** لە شالاوەکانی هەڵبژاردنی ئەمەریکادا مەسەلەی عێراق کارتی بەهێزی هەردوولایە، ئایا تاچەند ئەم گەمەی هەڵبژاردنە کاریگەری لەسەر ئایندەی عێراق دەبێت ؟**

- من پێم وایە هەردوو سیناتۆر جۆن مەککین و باراك ئۆباما پلانی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە توندوتیژی و هێرشکردن بپارێزن، بەڵام هەموو هەوڵێك دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی عێراق ئارام و سەقامگیر بێت، ئەوەی ڕوونە مەکین خوازیاری هێشتنەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی هێزەکانە لە عێراقدا و ئۆباما خوازیاری دانانی خشتەیەکە بۆ کشاندنەوەی ئەو هێزانە. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا هەردوولایان دان بەوە ڕاستییەدا دەنێن کە دەبێت ئەمەریکا پابەند بێت بە هاوکاری کردنی عێراقەوە. من پێم وایە کشاندنەوەی پێش وەختە دەبێتە هۆی خولقاندنی پشێوی، هەروەها ئەو تێڕوانینەش هەیە کە هێشتنەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی هێزەکانی ئەمەریکا دەبێتە ئامانجی هێرشە توندوتیژەکان و پەیامێکی هەڵە بە حکومەتی عێراق دەدات، لەبەرئەوەی هەڵناستێت بە گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتییەکانی، من تا ڕاددەیەك هاوڕام لەسەر ئەوەی فشار خستنەسەر حکومەتی عێراق بە هۆی ئەگەری کشاندنەوەی هێزەکانی عێراق ناچار دەکات هەوڵی زیاتر بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان.

***دوا وتەت چیە بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- من تەنها ئومێدی ئەوە دەکەم بتوانین کاری زیاتر بکەین بۆ ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە سەقامگیرییەکی زیاتردا بژین و پتر ئازاد و ئاسودە بن.

●●●

**زەحمەتە بەرژەوەندییە جیاوازەکانی هەرێمە جیاوازەکان و ئەتنیە جیاوازەکان پێکەوە بسازێنێت. بەڵام بوونی متمانە و پەیوەندی گرنگییەکی لە ڕاددەبەدەری هەیە، هەروەها بوونی تێڕوانینێکی هاوبەشیش بۆ ئایندەیەکی ئاشتی و سەقامگیر گرنگی خۆی هەیە**

●●●

# تەنها پیادەکردنی دیموکراسی دەتوانێت تورکیا بکاتە دەوڵەتێکی گەورەی ئیقلیمی



**(١)**

چەند رۆژێکە گوێبیستی ئەوە دەبین کە بەرێز رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی عێراق دەکات و هەر لەم سەردانەشیدا ئەوجا لە بەغدا بێت یان لە هەولێر لەگەل سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە، ئەم هەواڵە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان وەك هەواڵیکی باش (Good News)پێشوازی لێدەکرێت و زۆربەی چاودێرانیش پێیانوایە تەنها بە دەستپێکردنی



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشوازی کوندالیزا رایس لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر

دیالۆگ لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاراستەی تێڕوانینەکان دەگۆڕێت، بێگومان مەبەستمان لە گۆڕینی ئاراستەکان بەو ئاستە نابێت کە بڵێین بە دەستپێکی دیالۆگ ئیتر لە هەردوولا هیچ کێشەیەك نامێنێت، نەخێر مەبەستمان لەوەیە لانیکەم دوای ئەم دیالۆگ و وتووێژانەی ئەردۆگان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمدا ئەنجامیدەدات چەند ئاماژەیەکی نوێی لە سەرکردایەتی کوردستانەوە گوێ لێدەبێت کە دەتوانێت بەدەنگی بەرز لە ناو پەرلەمان و حکومەتی تورکیا باسیان بکات.

**(٢)**

ئەوانەی لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی تورکیان یان دیراسەت و توێژینەوە لەسەر باردۆخی سیاسیی تورکیا ئەنجامدەدەن، ئەم هەنگاوەی ئەردۆگان بە هەنگاوێکی گرنگ (Important Step)دادەنێن، بەڵام ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان کە لەنزیکەوە بەدواداچوونی رۆژنامەوانی لەسەر باری سیاسیی تورکیا دەکەین هەر لەپێناوی ئەوەی حەقیقەتی هەرێمی کوردستان وەك خۆی بە توێژی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانی تورکیا بگەیەنین، بێجگە لەوەی هەفتانە دیمانەی هەمەجۆر لەگەل رۆژنامەنووس

**ئەم واقیعەی کوردستان کە ئەردۆگان لە نزیکەوە دەیبینێت دەبێتە فاکتەرێکی ئیجابی بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا شێوازێکی دیکەی مامەڵەکردنی سیاسی لەرێگەی هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا بگرێتە بەر**

و رۆشنبیر و ئەکادیمییەکانی تورکیا دەکەین، گوڵان بە تایبەتی و لە پێناوی ئەم مەبەستە سەردانی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ و دیاربەکر و چەندین شاری تورکیای کردووە و داوای لێکردوون سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و دەستپێشخەر بووە کە تێگەیشتنی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان وەك هەنگاوی یەکەم با لە رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانەوە دەست پێبکات و شان بەشانی پەیوەندی بەردەوامی ئابووری و بازرگانی زەمینەیەکی لەبار دەرەخسێت بۆ تێگەیشتنی سیاسیی و پەیوەندی نێوان هەردوولا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و رێزی هاوبەش .

هەربۆیە لای ئێمە ئەم هەنگاوەی ئەردۆگان گرنگ و بوێرانەیە، گرنگە لەبەر ئەوەی دەبێتە بنەمایەك بۆ پەیوەندی نێوان هەولێرو ئەنقەرە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و رێزی هاوبەش، هەروەها بوێرانەیە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی میلیتاری لە تورکیا لە دەسەڵاتی حکومەت بەهێزترە و بەم هەنگاوە ئەردۆگان بە سوپاسالارەکانی تورکیا دەڵێت دراوسێیەکی دیموکراسی لە چەندین فڕۆکە و زریپۆشی سەربازی باشترە.

**(٣)**

ئەم سەردانە بۆ ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان دەبێتە هۆکاری خاوبوونەوەی باری نائاسایی باشووری رۆژهەلاتی تورکیا واتە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا، بێگومان کاتێك دەبینن سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەشێك لەبەرنامەی سەردانەکەی بۆعێراق دەبێتە دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیرانی کوردستان، تێڕوانینی کوردەکانی باکوور بە ئاراستەیەکی ئیجابی دەگۆڕێت و ئەو بۆچوونە کاڵ دەبێتەوە کە حکومەتی تورکیا دژی هەموو ئەو خەڵکانەیە کە بە کوردی قسە دەکەن و کورد ئەگەر رێگەی دیموکراسیش بگرێت دەسەڵاتی تورکیا هەر بە دوژمن و تیرۆریستی دەزانێت، هەربۆیە کاتێك دەبینین سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە، هەست دەکەین تورکیا هەنگاوێکی دیکە لە دیموکراسی و دیالۆگ و ئاشتی نزیك دەبێتەوە، هەست دەکەین زەمەنی حوکمڕانی سەربازی و راگەیاندنی باری نائاسایی لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بەرەو نەرمی دەچێت و هەنگاوێك لە لێبوردەیی وپێکەوە ژیان نزیکدەبنەوە، هەست دەکەن کردنەوەی دەرگای لێکتێگەیشتن و باسکردنی مافەکانی کورد لە نێو پەرلەمانی تورکیا ئەگەر خەڵکانێکیش تورە بکات بەڵام خەڵکانێکیش هەن گوێی لێبگرن، دروست بوونی ئەم قەناعەتە لای کوردی تورکیا نەك هەربۆ پارتی داد و گەشەپێدان گرنگە بەڵکو لە دیاربەکرەوە رێگەی تورکیا بۆ یەکێتی ئەورووپا نزیك دەکاتەوە .

**(٤)**

ئەم سەردانەی ئەردۆگان بۆ عێراق و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان چەند راستییەکی گرنگ و سەرەکی بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەرجەستە دەکات، ئێمە نالێین

پێش ئەم سەردانە سەرۆك وەزیرانی توركیا لە بایەخ و گرنگی عێراق بەگشتی و هەرێمی كوردستان بۆ توركیا تێنەگەیشتووە، بەڵكو دەڵێین ئەو زانیارییە هەڵانەی لەسەر واقیعی كوردستان دەگەیشتنە توركیاو بریاری هەڵەیان پێدەدا لانی كەم كاڵدەبنەوەو كاتێك راستەوخۆ لە زاری بەرپرسانی كوردستانەوە گوێبیستی پرانسیپەكانی حوكمڕانی كوردستان دەبێت و ئەم پرانسیپانەش لە ژیانی رۆژانەی خەڵكی كوردستاندا رەنگیداوەتەوە، بە جۆرێك ئەو وەهمە لای سەرۆك وەزیرانی توركیا دەڕەوێنێتەوە كە لانی كەم ئەگەر بە تەواوەتیش ئاراستەی سیاسەتی توركیای بەرامبەر هەرێمی كوردستان پێنەگۆرێت ئەوا دەبێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی بە بەرنامەی خۆیدا بچێتەوەو لە سەر بنەمایەكی ئیجابی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی كوردستان بكات ...بەتایبەتی كە لەم چوارچێوەیەدا تێڕوانینی هەرێمی كوردستان بەرامبەر توركیا دەبینێت :

-١ دەبینێت هەرێمی كوردستان نەك هەر وەك دوژمن یان دراوسێیەكی خراپ سەیری توركیا ناكات، بەڵكو ئەگەر توركیا ئاراستەی سیاسیی خۆی بەرامبەر هەرێمی كوردستان ئاسایی بكات، ئەوا هەرێمی كوردستان خوازیاری ئەوەیە دراوسێیەكی دیموكراسی ئەوتۆی هەبێت كە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابووری و رێزی هاوبەش پەیوەندییەكی پتەویان هەبێت .

-٢ سەرۆك وەزیرانی توركیا لەنزیكەوە سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبینێت، كە ستراتیژییەتی ئەم حكومەتە هەرێمیە بۆ بونیادی ئابووری و بازاری ئازادەو هەموو هەوڵێكی بۆ ئەوەیە كە سەرنجی وەبەرهێنانی دراوسێ و بیانی رابكێشێت بۆ ئەوەی بێنە هەرێمەكە و سەرمایەكانیان بەگەڕ بخەن، بێگومان رەخساندنی ئەم كەشوهەوایە پێویستی بە ئاشتەوایی و رێزگرتنی دراوسێیەتی و دابینكردنی سەقامگیریی و ئارامییە، هەربۆیە ناكرێت حكومەتێك بەرنامەی بوژاندنەوەو پەرەپێدانی ئابووری پیادە بكات لە هەمانكاتدا سەرچاوەی هەڕەشەش بێت بۆ دراوسێكانی، ئەم واقیعەی كوردستان كە ئەردۆگان لە نزیكەوە دەیبینێت دەبێتە فاكتەرێكی ئیجابی بۆ ئەوەی حكومەتی توركیا شێوازێكی دیكەی مامەڵەكردنی سیاسی لەرێگەی هەرێمی كوردستانەوە لەگەڵ هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقدا بگرێتە بەر.

-٣ سەرۆك وەزیرانی توركیا كاتێك باردۆخی هەرێمی كوردستان دەبینێت، هەست دەكات لەم هەرێمە پرۆسەیەكی دیموكراسی دەستی پێكردووە، راستە ئێستا ئەم پرۆسەیە كامڵ نەبووە، بەڵام هەنگاوەكانی راست و دروستن و بەرەو كامڵ بوون هەنگاو هەڵدەگرێت، پێویستە ئەم واقیعە تەواوی سیاسەتی ئەنقەرە بەرامبەر هەولێر بگۆرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی كە مێژووی دەوڵەتانی دیموكراسی پێمان دەڵێت هەرگیز لەنێوان دوو دەوڵەتی یان دوو كیانی دیموكراتیدا شەڕ رووینەداوە و رووش نادات، یان دەبێت لایەك لەو دوو دەوڵەتە یان ئەو دوو كیانە وازیان لە بنەماكانی دیموكراسی هێنابێت، بۆ توركیا زۆر گرنگە پێش هەر دەوڵەتێكی دیكە رێز لەو پرۆسە دیموكراسییەی هەرێمی كوردستان بگرێت، لەبەر ئەوەی رێزگرتنی توركیا لەم پرۆسە دیموكراسییە توركیا دەكاتە هاوشانی ئەڵمانیا و تەواوی دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا كە بوونە چەتری پاراستنی دیموكراتییە ساواكانی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵات و ئێستا زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی كە چەند ساڵێك لەمەو پێش لەبەرەی دژی دیموكراسیدا بوون، ئێستا ئەندامی یەكێتی ئەوروپان و شانازی بەوە دەكەن لە ئیستۆنیا و تا پورتوگال زۆنی شنگنە و سنوورە دەستكردەكان بوونیان نەماوە، هەربۆیە ئەگەر توركیا ئەمجارەش دوانەكەوێت، وەك پێشتر لە ناردنی فڕۆكە بۆ



سەركۆماری ئێران لە پێشوازی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان

كوردستان و وەبەرهێنانی سەرمایە لەبواری گەڕان بەدوای نەوت لە كوردستاندا دواكەوت، پاش ئەوەی هەموو دەوڵەتانی جیهان فڕۆكەی خۆیان نارد بۆ كوردستان و كۆمپانیای خۆیان نارد بۆ ئەوەی بەدوای نەوتدا بگەڕێن لە كوردستان، ئەوجا توركیا بەخۆی كەوت و فڕۆكە و كۆمپانیاكانی نارد . ئەوا ئەگەر ئەم دیدارو كۆبوونەوانەی نێوان حكومەتی توركیا و حكومەتی هەرێمی كوردستان ببێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی توركیا پشتگیری لە دیموكراسییەتی كوردستان بكات و ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی حكومەتی عێراقیش هەنگاوی زیاتر بۆ جێبەجێكردنی دیموكراسی و فیدراڵی هەڵبگرێت، ئەوا پێگەی توركیا لەسەر ئاستی یەكێتی ئەوروپا بەهێزتر دەبێت، بەتایبەتی كاریگەری دەبێت لەسەر هەڵوێستی فەرەنسا و ئەڵمانیا كە دوو هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بە ئەندامبوونی توركیا لە یەكێتی ئەوروپا هەیە، لەلایەكی دیكە چەندین لیژنەی نێو پەرلەمانی توركیا بەتایبەتی لیژنەی چاودیری پەیوەندییەكانی نێوان كورد و توركیا، هەروەها لیژنەی مافەكانی مرۆڤ لە ناو پەرلەمانی ئەوروپا، لیژنەی داكۆكیكردن لە مافی كەمینەكان لە پەرلەمانی فەرەنسا هەیە، هەربۆیە بۆ توركیا زۆر گرنگە كە هەوڵبدات چاو بە پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ هەرێمی

**زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی كە چەند ساڵێک لەمەو پێش لەبەرەی دژی دیموكراسیدا بوون، ئێستا ئەندامی یەكێتی ئەوروپان و شانازی بەوە دەكەن لە ئیستۆنیا و تا پورتوگال زۆنی شنگنە و سنوورە دەستكردەكان بوونیان نەماوە**

**هەرگیز لەنێوان دوو دەوڵەتی یان دوو کیانی دیموکراتیدا شەڕ روونەداوە و رووش نادات**

کوردستاندا بخشێنێتەوە.

-٤ تورکیا ماوەی پەنجا ساڵ زیاترە ئەندامی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسییە (ناتۆ) دەبێت لە روانگەی ناتۆوە سەیری ئاسایشی نیشتمانی تورکیا بکات، نابێت ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە دەرەوەی ناتۆ نەخشە ڕێژ بکات، ئەندامانی ناتۆ وەك دەوڵەت بەتەنها هیچکامیان مەترسی هەڕەشەی دەرەکییان نییە، واتە ئەگەر دەوڵەتێکی ناتۆ بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی دەرەکی ئەوا هەموو هاوپەیمانی ئەتڵەسی لەبەردەم هەمان مەترسیدان، ئەم سیاسەتە هاوبەشەی ئاسایشی دەوڵەتانی ناتۆ وایکردووە کە هێزی سەربازی و سیاسەتی بەرگری بەدەست ژەنراڵەکانی سوپاوە نەبێت و بدرێتەوە بە سیاسییەکان و، وەزیری بەرگری سیاسەتمەدارێکی مەدەنی بێت نەك سەربازی ..تەنانەت لە هەندیك وڵاتی ناتۆ وەك فەرەنسا گەلێك جار پۆستی وەزارەتی بەرگری بە خانمێك سپێردراوە، ئەم بۆچوونەی



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا

**ئەمڕۆ لە جیهاندا کۆمەڵێک یاسا و بە های مرۆڤایەتی هەن کە قبوڵ ناکەن هیچ دەوڵەتێک ببێتە مەترسی بۆ سەر دراوسێیەکەی هەروەک چۆن لە عێراقی سەدام حوسێنیان قبوڵ نەکرد کاتێک کوێتی داگیرکرد**

ناتۆ بۆ سیاسەتی بەرگری لە چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی بەرگری هاوبەشدا رەنگدەداتەوە کە سیاسەتی بەرگری هەموو دەوڵەتانی ناتۆ پێکدەهێنێت، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە کاتێك تورکیا هەڕەشەی لەهەرێمی کوردستان دەکرد، باڵیۆز ڕیچارد هۆلبرۆگ پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەمی ناتۆ کە پێویستە هێزەکانی ناتۆ بچنە کوردستان و هەرێمی کوردستانی لە هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی بپارێزن، ئەمە لە کاتێکدا دەبوو تورکیا متمانەیەکی ئەوتۆی لای ناتۆ دروستبکردایە، لەبەر ئەوەی تورکیا یەکێکە لە ئەندامانی ناتۆ و دراوسێی ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستانی هەرگیز ناتۆ خەمی پاراستنی هەرێمی کوردستانی نەبوایە .

-٥ خافیر سۆلانا کە ئێستا ڕێکخەری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپایە و پێشتریش سکرتێری گشتی هاوپەیمانی ئەتڵەسی بووە، لەو کاتەی تورکیا هێرشی دەکردە سەر هەرێمی کوردستان، لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، کە رۆژی ٢٠٠٨/٣/١١ ئەنجامدرابوو و لە رۆژی ٢٠٠٨/٣/١٧ لەسەر لاپەڕەکانی گوڵان بڵاوکرایەوە، راشکاوانە نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە هێرشەکانی تورکیای بۆ سەر هەرێمی کوردستان پێ راگەیاندین و رێگە چارەی سەربازی رەتکردەوە و داوای لە حکومەتی ئەنقەرە کرد کە سیاسەتێکی لۆژیکییانە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بگرێتە بەر، ئەو دیمانەیەی گوڵان لەگەڵ بەڕێز سۆلانا لەو کاتە ناسکەدا بۆ ئەوە بوو راشکاوانە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئەو مەسەلە هەستیارە بە هاوڵاتییانی کوردستان بگەیەنین و لە هەمانکاتدا بە رێگەی کاری رۆژنامەوانی واقیعی هەرێمی کوردستان بخەینەوە بەردەم رێکخەری باڵای سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا، قسەکانی بەڕێز سۆلانا لەسەر لاپەرەکانی گوڵان نیشانەی هەڵوێستی دروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە لە رۆژی ٢٠٠٧ /١١/٥ ئەو رۆژەی بەڕێز ئەردۆگان چووبووە واشنتۆن بۆ ئەوەی تیشکی سەوز لە کۆشکی سپی وەربگرێت، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی راشکاوانە هەڵوێستی حکومەت و گەلی کوردستانی بۆ هەموو جیهان ئاشکرا کرد، راستە بەڕێز ئەردۆگان لەو سەردانەیدا توانی ئەمەریکا بەوە رازی بکات کە هێرشێکی سنووردارو کورت خایەن بۆسەر هەندێك ناوچەی سنووری هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام پەیامەکەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و پابەندبوونی بەو پەیامەوە رای گشتی ئیدارەی ئەمەریکی و هاوپەیمانی ئەتڵەسی و یەکێتی ئەوروپای گۆڕی و تەنها دوای یەك هەفتە لە دەسپێکی هێرشەکە، رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە سەردانێکیدا بۆ ئەنکەرە راشکاوانە بەسەرۆکی دەستەی ئەرکانی تورکیای راگەیاند: (ئێمە هەرەشەتان لێ ناکەین بەڵام قبوڵیش ناکەین ئەم هێرشانە درێژە بکێشێت و ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێکبچێت، سەرۆك بۆش داوا دەکات ئەم هێرشانە بە زوویی کۆتایی بێت و هیوادارم لەم پەیامە تێبگەن) بێگومان لەسەرەتادا ژەنراڵەکانی سوپا بە تایبەتی ژەنراڵ یەشار بیوکانیت بەجۆرێك وەڵامی دایەوە و گوتی: (کاتێکی کورت بۆ کشانەوە لەوانەیە رۆژێك بێت لەوانەشە ساڵێك بێت) بەڵام جیهان ئەم تەفسیرەی لە بیوکانیت وەرنەگرت و هەر بیوکانتیان ناچار کرد (نەك حکومەتی تورکیا) لە ماوەی یەکدوو رۆژدا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت وبەبێ ئاگاداری حکومەت سوپاکەی لەهەرێمی کوردستان بکشێنێتەوە، ئەوەی لەو رووداوە پێویستە ئەنقەرە و هەولێر پەندی لێوەربگرن ئەوەیە:

- دەبێت هەولێر زیاتر پابەندبێت بە بنەماکانی پاراستنی رێژی هاوسێیەتی و سەلماندنی کە فاکتەرێکی ئیجابییە بۆ ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی، بێگومان ئەمەش لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی پاراستنی پەیوەندی باشی هاوسێیەتییە .

• ئەنقەرە دەبێت بزانێت ئەمڕۆ سەنگ و پێگەی دەوڵەتان و ڕێزگرتنی بنەما سەرەکییەکانی یاسایی نێودەوڵەتییە، ڕاستە نەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڵکو تەواوی سوپای عێراقیش ناتوانێت ڕێگری لە سوپای تورکیا بکات، بەڵام ئەمڕۆ لە جیهاندا کۆمەڵێك یاسا و بە های مرۆڤایەتی هەن کە قبوڵ ناکەن هیچ دەوڵەتێك ببێتە مەترسی بۆ سەر دراوسێیەکەی هەروەك چۆن لە عێراقی سەدام حوسێنیان قبوڵ نەکرد کاتێك کوەیتی داگیرکرد و هەروەها ئێستاش لە ئێران قبوڵ ناکەن کە هەڕەشە لە دراوسێکانی و ئاسایشی هەرێمەکە بکات .

٦- تورکیا هەندێك نیگەرانی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان هەیە، کەنەك هەر مافی ئەو نیگەرانییانەی نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەوەی تورکیا ئێستا لێی دەترسێت، سبەینێ دەبێتە فاکتەرێکی ئابووری و بازرگانی بۆ بوژاندنەوەی ئابووری تورکیا :

• تورکیا نیگەرانی پیشاندەدا لەسەر گەڕانەوەی شاری کەرکوك بۆسەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بیانووی بۆ ئەم نیگەرانییە وەهمییەی ئەوەیە ئەگەر کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا تورکمانەکان دەچەوسێنرێنەوە، ئەمە لە کاتێکدا زۆر پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە، نابێت لە کوردستاندا وشەی کەمینە بۆ هیچ نەتەوەیەك بەکاربهێنرێت و نەتەوە بە ژمارەو کەم و زۆری نییە، نەتەوەکانی کوردستان کەم بن یان زۆر نەتەوەن و دەبێت هەموو مافەکانیان پارێزراوبێت، ئەم سیاسەتەی سەرۆکی کوردستان لە بنەڕەتەوە بواری بۆ نەتەوە پەرستی نەهێشتەوە و هاوڵاتیانی کوردستانی بە جیاوازی نەتەوە و ئاینەوە فێری نیشتمانپەروەری کرد، تەنانەت ئەو گروپانەشی کە بە ناوی جیاوازەوە لەلایەن ئەنقەرەوە بۆ زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوە پەرستی تەمویل دەکرێن و بەردەوام هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان هاوڵاتییانی کوردستاندا دروست بکەن، لە هەندێك لە کۆبوونەوە تایبەتییەکانی خۆیاندا ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە کردووە، (ئەگەر کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا تورکمانەکانی کەرکویش وەك تورکمانەکانی هەولێر دەبنە بەشێك لە دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو جیاوازییە نامێنێت کە ئێستا هەیە، ئەمەش واتە ئەوەی ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین کە تورکمان بەشێکی جیاوازبێت لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، ئەو ئامانجە بەدەست ناهێنین، بەڵام ئەگەر بەشێك بین لە حکومەتی عێراق ئەوا ئەو جیاوازیانە بەردەوام دەبن و تەمویلی تورکیاش بۆ گروپەکانی بەرەی بەناو تورکمانی بەردەوام دەبێت) هەندێك لە شارەزایان ئەم تێڕوانینانەی بەرەی بە ناو تورکمانی کە تارادەیەك تێڕوانینی بەشێك لە دەسەڵاتی تورکیایە بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان بە سیاسەت و تێڕوانینێکی کورتبینانەی دەزانن و پێیان وایە گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان هەموو کاتێك پاراستنی بۆرییە نەوتەکانی کەرکوك جیهان دەبێت، بەڵام لکاندنەوەی کەرکوك بە حکومەتی ناوەندی بەغداوە واتە گرێدانەوەی بۆرییە نەوتەکانی کەرکووکە بە بانیاس و شەتولعەرەبەوە، هەربۆیە تورکیا لە لکاندنەوەی کەرکوك بە حکومەتی بەغداوە بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری دەکەوێتە خانەی گومان و دڵەڕاوکێی سیاسی، بەڵام بەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەرهەرێمی کوردستان تورکیا بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری مسۆگەر دەبێت، ئەمەش نەك هەربۆ گواستنەوەی نەوتی کەرکوك بەڵکو بۆ وەبەرهێنان و دەرهێنانی نەوت و ئەوجا گواستنەوەی ئەو نەوتە بەرهەمهێنراوە لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ناو تورکیاو دابینکردنی پێداویستییە پەترۆلییەکانی ناوخۆی تورکیا، هەروەها لە ڕێگەی تورکیاشەوە بۆ بازارەکانی جیهان.

• ئەم پەیوەندییە ئابوورییە ئەگەر تورکیا وەك خۆی سوودی لێوەربگرێت بازرگانییەکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە کۆڵ حکومەتی ئەنقەرە دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە هەلی کار هەم بۆ هێنانی کەلوپەل بۆ کوردستان و ناردنە دەرەوەی نەوت، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا دروست دەبێت، هاوڵاتییانی کوردی باکوور خۆیان هەوڵدەدەن کەشوهەوای ئەو بوژانەوە ئابورییە و ئەو هەلی بازرگانیکردنە تێکنەچێت و دەیپارێزن، لەم حاڵەتدا حکومەتی ئەنقەرەش بۆئەوەی زیاتر لە جێبەجێکردنی بنەماکانی یەکێتی ئەوروپا نزیك ببێتەوە هەوڵدەدات باری نائاسایی لەو ناوچانە هەڵبگرێت و ڕێز لەبنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بگرێت.

بۆ زیاتر هەڵوەستە کردن لەسەر ئەم پرسە گرنگەو تاوتوێکردنی ئەو نیگەرانی و وەهمانەی سیاسەتی حکومەتی تورکیایی لە ئاراستەی حوکمرانی مەدەنی دوورخستۆتەوە و سیمایەکی میلیتاری بە دەسەڵاتی سیاسی تورکیا داوە، بۆ ئەم ڕاپۆرتە چەند پسپۆڕێکی شارەزا لەسەر دۆسیێی تورکیا بەشدارییان کردووە کە ئەمە دەقی بۆچوونەکانیانە.



سەرۆکی کۆریای باشوور لە پێشوازی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**تورکیا هەندێک نیگەرانی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان هەیە، کەنەک هەر مافی ئەو نیگەرانییانەی نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەوەی تورکیا ئێستا لێی دەترسێت، سبەینێ دەبێتە فاکتەرێکی ئابووری و بازرگانی بۆ بوژاندنەوەی ئابووری تورکیا**

**تورکیا لە لکاندنەوەی کەرکوک بە حکومەتی بەغداوە بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری دەکەوێتە خانەی گومان و دڵەڕاوکێی سیاسی، بەڵام بەگەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەرهەرێمی کوردستان تورکیا بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری مسۆگەر دەبێت**

پرۆفیسۆر محەمەد نورەدین ئەو پسپۆڕە بەناوبانگەی جیهانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە هەر بە بیستنی ناوەکەی تورکیات بیر دەکەوێتەوە.

پرۆفیسۆر محەمەد نورەدین بێجگە لەوەی چەندین کتێبی زۆر بەناوبانگی نووسیووە لەوانە:

١- ترکیا- الصیغة والدور

٢- ترکیا في زمن التحول: قلق الهویة و صراع الخیارات

٣- ترکیا الجمهوریة الحائرە

هەروەها بەردەوامیش لەسەر پرسی تورکیا بۆ رۆژنامە عەرەبییەکان دەنووسێت، محەمەد نورەدین لە ماوەی تەنگژەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا چەند جارێکی دیکە راوبۆچوونی خۆی بۆ گوڵان دەربڕیووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆچوونەکانی جێگەی بایەخی خوێنەرانی گوڵانە، جارێکی دیکە لەسەر دوا گۆڕانکارییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و هەروەها سەردانی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ عێراق و دیداروکۆبوونەکانی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کوردستان پەیوەندیمان پێوە کرد و بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



**پرۆفیسۆر محەمەد نورەدین**
**پسپۆر لەسەر دۆسێی تورکیا و کورد لە لوبنان بۆ گوڵان:**

# ئەگەر ئەردۆگان بە هەولێرەوە بگەڕێتەوە بۆ تورکیا دەبێتەوە سەردانێکی نەوعی

**زۆر لایەن هەن داوا دەکەن سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەهەولێردا بگەڕێتەوە**

*** وا بڕیارە سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی بەغدا بکات و چاوەڕوان دەکرێت کۆبوونەوەیەکی دۆستانە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات، تا چەند ئەو کۆبونەوەیە دەبێتە هۆی ئاسای کردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر؟**

- دوو ئاڕاستە هەیە لە تورکیادا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، یەکێکیان لە حکومەتی پارتی داد و گەشەپێداندا بەرجەستە بووە و خوازیاری درێژەپێدانی پەیوەندییە سیاسییەکانە لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەمان لە لێدوانێکی عەبدوڵا گولەوە بیست پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك کۆماری تورکیا، بۆ نموونە دوای ئەوەی بوو بە سەرۆکی کۆماری تورکیا بانگهێشتی جەلال تاڵەبانی کرد بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات، راستە وەك سەرۆك کۆمار بانگهێشت کرا، بەڵام ئەو سەرکردەیەکی دیاری کوردەکانە، ئەمە بەرجەستەبوونی سیاسەتی کرانەوەی ئەو حکومەتە بوو. هەروەها راوێژکاری سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە بەغدا چاوی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوت. لە لایەکی دیکەوە سوپای تورکیا پێی وایە هەرێمی کوردستان، یان کوردەکانی عێراق هانی رێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە دەدەن، هەر بۆیە رێگری کرد لەوەی ئەو رەوتە سیاسییە لە نێوان ئەنقەرە و هەولێر دەست پێبکات. ئەگەر سەرۆك وەزیرانی تورکیا چاوی بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەوێت لە بەغدا، ئەوا ئاماژەیەکی گەورەیە و دەنگدانەوەیەکی دیاری کراوی دەبێت، بەڵام ئەگەر لە هەولێر چاوی پێ بکەوێت ئەوا دەبێتە هەنگاوێکی نەوعی، لە راستیدا زۆر لایەن هەن داوا دەکەن سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە رێگەی گەڕانەوەیدا بە هەولێردا تێپەڕێت، من نازانم ئایا ئەردۆگان بەو شێوەیە بیر دەکاتەوە یان نا، لەبەر ئەوەی رەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەو هەنگاوە، لەبەر ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان بە بارودۆخێکی یاسایی دژواردا تێدەپەڕێت و هەڕەشەی قەدەغەکردنی لەسەرە. ئەگەر ئەوەش رووبدات ئەم هەوڵانە بێ ئاکام دەبن و زیندووکردنەوەیان کاتێکی زۆر دەخایەنێت. لەبەر ئەوە هێشتا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ئاست هەرێمی کوردستان و عێراقدا هێشتا بە تەواوەتی جێگیر نەبووە، چونکە بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا روون نییە و ئاڵۆزە، هەر بۆیە رەنگە پێویست بەوە بکات چەند مانگێك یان ساڵێك چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی رواڵەتی سیاسەتی تورکیا لە ئاست عێراق و کوردستاندا روون بێتەوە.

## هەڵوێستی تورکیا پەیوەندی بەوەوە نییە ئەم هەرێمە دیموکراسییە یان نە بەڵکو پەیوەندی بەترسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوەهەیە

***بوونی ئەزموونێکی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە ببێتە سەرچاوەی خۆشحاڵی بۆ تورکیا، بەڵام بە پێچەوانەوە تورکیا هەوڵی لە ناوبردنی ئەو ئەزموونە دەدات، (راو بۆچوونی)و، ئێوە چیە لەو بارەیەوە؟**

- راستە لە تورکیادا دیموکراسی هەیە و هەڵبژاردنی ئازاد و نەزیە و شەفاف هەیە و هەر پارتێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت دەتوانێت حکومەت پێك بهێنێت و یاساکان دەربکات، بەڵام دیموکراسی بە تەنیا سازدانی هەڵبژاردنەکان نییە، لەبەر ئەوەی ئەبێت ئەو حزبانە خۆیان لەگەڵ خواستی دامەزراوەکانی تردا بگونجێنن، ئەوانەی دەسەڵاتی فیعلیان بەدەستەوەیە. بۆ نموونە زۆرجار پارتە حکومڕانەکان بە هۆی دەستێوەردان و کودەتای سەربازییەوە لە دەسەڵات لادراون. کەواتە کەلێنی گەورە هەیە لە پرۆسەی دیموکراسیدا، من پێم وایە ئەمە زیانی زیاتر بە دیموکراسی و پرۆسەی گۆڕانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت کە زۆرجار نەبوونیشی باشترە. ئەگەر دیموکراسی راستەقینە لە تورکیادا هەبووایە دووچاری ئەو هەموو هەژان و ناسەقامگیرییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییانە نەدەبووەوە. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی تورکیاوە هەبێت لە ئاست هەرێمی کوردستاندا، ئەوا مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نییە ئەو هەرێمە هەرێمێکی دیموکراسییە یان نا، بەڵکو پەیوەندی بە ترس و نیگەرانی تورکیاوە هەیە کە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی، یان هەرێمێکی فیدراڵی لە باکووری عێراقدا، دەبێتە نموونەیەك بۆ کێشەی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی کوردەکانی تورکیا، واتە نیگەرانە لە یەکپارچەیی خاکەکەی.

هەر لەبەر ئەوەی تورکیا کێشە ئەتنی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانی چارەسەر نەکردووە، وەك کێشەی ئەرمەنییەکان و کوردەکان و کێشەی قوبرس و هتد، ئەوا هەمیشە سڵ لە رەشەبای گۆڕانی دەرەکی دەکاتەوە، من پێم وایە بە شێوەیەکی فیعلی ئەو کێشانە بوونیان هەیە، بۆ نموونە تا ئێستا یۆنان داواکاری مێژوویی و جوگرافی لە تورکیا هەیە لە دەریای ئیجە و تەنانەت لە خاکی تورکیادا، تاوەکو ئەو کێشانە بە شێوەیەکی ریشەیی چارەسەر نەکرێت، هەرچەندە هیچ لە ئاسۆدا ئەو چارەسەرە بەدی ناکەین، ئەوا هەمیشە تورکیا هەست دەکات لە ژێر هەڕەشەی دەرەکیدایە.

## لە تورکیا دەسەڵاتی راستەقینە بەدەست سوپاوەیە

*** تورکیا وێڕای ئەوەی هەموو کێشەکانی ناوخۆیین بەڵام هەوڵدەدات وەك هەڕەشەی دەرەکی بیخاتە روو، ئەمە لەکاتێکدا وەك ئەندامێکی دێرینی ناتۆ تورکیا هەرگیز ناکەوێتە ژێر هەڕەشەی دەرەکی ئایا تورکیا بۆ هەوڵدەدات شتێکی وەهمی دروست بکات کە لەبنەڕەتدا بوونی نییە ؟**

-من پێم وایە ئەندامێتی تورکیا لە رێکخراوی ناتۆدا، تورکیا لە هەڕەشەکان ناپارێزێت، لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە پتر پەیوەستە بە بارودۆخی ناخۆیی تورکیاوە، بوونی تورکیا بە ئەندام لەو رێکخراوەدا بۆ ئەوە بوو ببێتە بەرەی پێشەوە لە دژی فراوانبوونی شیوعییەت لەو سەردەمەدا، هەروەها وەك خەزێنەی سەربازەکان لە تورکیا دەڕوانرێت، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا داوای لە تورکیا کردووە هێزی زیاتر بۆ ئەفغانستان بنێت، هەرچەندە ئەمەریکا هەڵوێستی تورکیای لە عێراقدا لەبەرچاو نەگرت نە لە مەسەلەی داگیرکردنی عێراق و نە لە مەسەلەی فیدراڵیزم و نە لە مەسەلەی کەرکوکدا، بەڵکو کەلێنێکی گەورە هەبوو لە سیاسەتی نێوان ئەو وڵاتانەدا، بەڵکو ناکۆکی لە نێوانیاندا لەم رووەوە هەبوو. ئەگەر پرسیار بکەین، بۆچی دامەزراوەی سەربازی دەسەڵاتی راستەقینەی بەدەستەوەیە، مەسەلەکە پەیوەندی بە رۆڵی سوپای تورکیاوە هەیە لە رزگارکردنی تورکیا و یەکخستنی ئەو وڵاتە لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە. ئەو کاتە کێشەی کورد و ئەرمەنی و ناکۆکی لەگەڵ یۆنان و کێشەی قوبرس هەبوون و سوپا بە تاقە هێزی بەرگریکار و پارێزەری تورکیا دادەنرا، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەم کێشانە تا ئێستا ماون و چارەسەر نەکراون، هەر بۆیە دامەزراوەی سەربازی هەمان رۆڵ دەبینێت. هەروەها سوپای تورکیا رۆڵی خۆی لە دەستوور و یاساکانی تورکیادا چەسپاندووە، لە هەمو کودەتا و دەستێوەردانەکانیدا لە ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا، پشتی بەو بڕگە یاساییانە دەبەست کە مافی دەستێوەردانی پێ دەدا ئەگەر هاتوو کۆماری تورکیا و عەلمانییەتی ئەو وڵاتە بکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. هەر بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە دەسەڵاتی فیعلی بەدەستەوە بێت.

## دامەزراوەی سەربازی و عەلمانییە توندڕەوەکانی تورکیاو هەروەها زۆربەی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا دژی بە ئەندام بوونی تورکیان لە یەکێتی ئەوروپادا

*** لە کاتەوەی ئەتاتورك کۆماری تورکیای نوێی دامەزراند، خەونی ئەوەی تورکیا ببێتە بەشێك لە رۆژئاوا سەریهەڵداوە، سوپای تورکیا خۆی بە پارێزەری کۆماری تورکیا دادەنێت بەڵام رێگریشە لەبەردەم ئەم خەونەی**



**ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی تورکیاوە هەبێت لە ئاست هەرێمی کوردستاندا، ئەوا مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نییە ئەو هەرێمە هەرێمێکی دیموکراسییە یان نا، بەڵکو پەیوەندی بە ترس و نیگەرانی تورکیاوە هەیە کە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی، یان هەرێمێکی فیدراڵی لە باکووری عێراقدا، دەبێتە نموونەیەک بۆ کێشەی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بە تایبەتی کوردەکانی تورکیا**

### ئەتاتورکدا ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- راستە مەسەلەی پەیوەندی تورکیا بە یەکێتی ئەوروپا، یان کۆمەڵەی ئەوروپاوە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزرێنەری کۆماری تورکیای نوێی مستەفا کەماڵ ئەتاتۆرک، کاتێك دەستی بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك چاکسازی کرد، کە کاتی خۆی بە شۆڕشێك دادەنرا لە دژی نەریتی کۆن و تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانەوە. ئەمەش بە هەنگاوی یەکەم دادەنرا بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە شارستانییەتی رۆژئاوا. مەسەلەی بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا لەسەر ئیستیجابەی هەردوولایان وەستاوە، بەڵام تۆپەکە لە گۆڕەپانی تورکیادا دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی تورکیا داوا دەکات لەو یەکێتیەدا وەربگیرێت، هەمیشە بەرپرسی پێشووی کاروباری فراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا رای دەگەیەنێت کە تورکیا وەك بووكێك وایە کە داوای دەستی زاواکە دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە تورکیا هەموو مەرجەکانی یەکێتییەکە بهێنێتەدی کە بۆی دادەنرێت. یەکێتی ئەوروپا چەند پێوەرێکی بۆ تورکیا داناوە بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆکانی ئەندام بوون بکات، کە بریتیین لە دوو کۆمەڵە، یەکەمیان بریتی بوو لە پێوەرەکانی کۆپنهاگن، کە پەیوەندیان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسییەوە هەبوو. تورکیا ئەم پێوەرانەی لە سەردەمی حکومەتی داد و گەشەپێداندا هێنایەدی، بۆیە دەست بە گفتووگۆکانی وەرگرتنی تورکیا کرا وەك ئەندام، کۆمەڵەی دووەمی ئەو پێوەرانە نزیکەی ٣٥ تا ٣٦ مەسەلە لە خۆدەگرن، بەڵام حاڵی حازر یەکێتی ئەوروپا مەرجی تری لە سەر تورکیا داناوە، لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵە پێوەرە، وەك کردنەوەی ئاسمان و بەندەر و فرۆکەخانەکانی تورکیا لە بەردەم قوبرسی یۆنانیدا، هەربۆیە ئێستا تورکیا هەمان گەرم و گوڕی پێشوی نییە بۆ دەست پێکردنەوەی گفتوگۆکان، لە لایەکی دیکەوە چەند هێزێکی ناوخۆی تورکیا بەرهەڵستی ئەو بیرۆکەیە دەکەن، وەك دامەزراوەی سەربازی و عەلمانییە توندڕەوەکان. هەروەها زۆربەی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا دژی بە ئەندام بوونی تورکیان، دیارترین رەمزیان بریتیە لە سارکۆزی، لەبەر ئەوەی لە لێدوانێکی چاوەڕوان نەکراودا رای گەیاند ناکرێت دەوڵەتێك لە یەکێتی ئەوروپادا وەربگیرێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، من پێم وایە ئەمە رەنگدانەوە و دەربڕی جەوهەری هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپایە، لەبەر ئەوەی پێشتر دەوترا تورکیا خاوەنی دانیشتوانێکی گەورەیە و لە روی جوگرافیەوە سەر بە ئەوروپا نییە، کەواتە ناکرێت بە تەنیا بەرپرسیاریتی سەرنەکەوتنی گفتوگۆکان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا بخرێتە ئەستۆی تورکیا. هەردوولایان بەرپرسن بە چاوپۆشین لەوەی رێژەی بەرپرسیارێتی هەر



لایەکیان چەندە.

## تا ئێستاش تورکیا پێی وایە پێدانی مافە رۆشنبیرییەکان بە کوردەکان سەرەتای کۆتایی یەکپارچەیی تورکیایە

*** ئایا بەرای تۆ بەرپرسیاری زیاتر ناکەوێتە سەر دەسەڵاتی تورکیا، لەبەرئەوەی تۆ لەپرسیاری پێشوودا بەرپرسیاریەتییەکەت بەشکرد؟**

- من پێم وایە دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین کێ دەسەڵاتی راستەقینەی تورکیای بە دەستەوەیە، هەموو دەزانین ئەو دەسەڵاتە بە دەست دامەزراوەی سەربازی و دادگای دەستووری و چەند دەزگایەکی ترەوە، ئەمەش ئاستەنگ لە بەردەم بەرەوپێشچوونی هەوڵەکان دروست دەکات بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، لەبەر ئەوەی ئێستاش ئەو دامەزراوانە بە عەقڵییەتی باڵادەستی تورکیا و خەمی پاراستنی یەکپارچەیی تورکیا بیر دەکەنەوە، کە هەر لە سەردەمی ئەتاتۆرکەوە بۆیان ماوەتەوە، هەموومان دەزانین ئەتاتورك نکۆڵی لە بوونی کوردەکان و عەرەبەکان و ئەتنیەکانی دیکەی دەکرد، پێی وابوو تەنیا تورکەکان لە تورکیادا دەژین و بانگەشەی ئەوەی دەکرد بەختەوەرە ئەوەی بڵێت من تورکم. تا ئێستاش تورکیا پێی وایە پێدانی مافە رۆشنبیرییەکان، نەك مافە سیاسییەکان، بە کوردەکان سەرەتای کۆتایی یەکپارچەی تورکیایە. هێزە توندڕەوەکانی تورکیا بۆیە بەرهەڵستی وەرگرتنی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا دەکەن، لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی پێدانی مافە رۆشنبیری و سیاسییەکان بە کەمینە و ئەتنیە جیاوازەکان، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پارچە پارچە بوونی خاکی تورکیا، بەو شێوەیە ئەوەی ئەوروپا نەیتوانی لە رێی داگیرکارییەوە بیکات لە رێی بە ئەندام بوونی تورکیاوە لە یەکێتی ئەوروپادا دەیکات، کە بریتیە لە دابەشکردنی خاکی تورکیا. بوونی تورکیا بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە دەستکەوتێك بۆ عێراق، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە دراوسێی ئەوروپا. بەڵام تاوەکو گۆڕانێکی رێشەیی لە سیستمی حکومڕانێتی تورکیا روونەدات، واتە تاوەکو ئەو دامەزراوانەی ئاماژەمان پێکردن دەسەڵاتی راستەقینەیان بە دەستەوە بێت ئەوا ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین تورکیا بە ئەندام وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەگەرچی لە سەدا ٤٧ی دانیشتوانی تورکیا پشتگیری لە حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان دەکەن و ئەم پارتە بە سەر حکومەت و پەرلەماندا باڵادەستە، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە بە دەست ئەو دەزگایانەوەیە و هەڵدەستن بە لە ناوبردنی هەموو چاکسازی و دەستکەوتەکان

●●●

**زۆر لایەن هەن داوا دەکەن سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە رێگەی گەڕانەوەیدا بە هەولێردا تێپەڕێت، من نازانم ئایا ئەردۆگان بەو شێوەیە بیر دەکاتەوە یان نا، لەبەر ئەوەی رەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەو هەنگاوە، لەبەر ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان بە بارودۆخێکی یاسایی دژواردا تێدەپەڕێت و هەڕەشەی قەدەغەکردنی لەسەرە**

●●●



**پرۆفیسۆر نیوفوتیس لۆزیدیس**
**پسپۆڕ لە چارەسەری کێشە ئەتنییەکان لە زانکۆی پادشایەتی بەلفاست بۆ گوڵان:**

# تەنیا دیموکراسی دەتوانێت هەرێمی کوردستان لە هەموو مەترسی و هەڕەشەکان بپارێزێت

**پرۆفیسۆر نیۆفوتیس لۆزیدیس ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی پادشایەتی لە بەلفاست و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سروشتی ئەتنییەکان و کێشە ئەتنییەکان، هەروەها پسپۆڕە لە بەڕێوەبردنی کێشە نەتەوەیی و ئەتنییەکاندا.**

**پرۆفیسۆر نیوفوتیس کە بە رەگەز یۆنانییە لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە، هەربۆیە پێی وایە یەکێك لە مەرجەکانی بە ئەندامبوونی تورکیا گۆڕانکارییە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و رەفتاری باشی تورکیایە لەگەڵ دراوسێکانی.**

**لەم بوارەشدا خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە، یەکێك لە کتێبەکانی بە ناونیشانی (لە پرۆسەی فۆرمەلەکردنی سیاسەتی ئاشتییانە و وەرچەرخانی ناسیۆنالیستدا، کۆترەکان دژی هەڵۆکانن)**

**نیوفوتیس وەك پسپۆڕێك لەم بوارەدا لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانە، بۆ قسەکردن لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر نیوفوتیس کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

### مەرجی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا گۆڕینی سیاسەتی دەرەوە و باشکردنی پەیوەندییەکانە لە گەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا

*** تورکیا وەك دەوڵەتێکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش ئێمە خۆشحاڵ دەکات، لەبەر ئەوەی تورکیا دەکاتە دەوڵەتێکی ئەوروپی و دیموکراسی، بەڵام ئەوەی ئێستا جێی داخە ئەوەیە تورکیا بە شێوەیەکی دیموکراسی رەفتار ناکات لە کاتێکدا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا دەدات، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- مەرجەکانی ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپادا بریتییە لە گۆڕینی سیاسەتی دەرەکی و گۆڕینی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا. ئەوەی پەیوەندی بە وەرگرتنی تورکیاوە هەبێت وەك ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، ئەوا هێشتا ئەو پرسە یەکلانەکراوەتەوە و چەند وڵاتێکی ئەوروپا بەرهەڵستی بە ئەندام بوونی تورکیا دەکەن، بۆ نموونە سەرۆکی فەرەنسا سارکۆزی و راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مارکێز پێیان وایە هێشتا تورکیا لە پێگەیەکدا نییە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، هەروەها دەبێت تورکیا بە پرۆسەیەکی چاکسازیدا بڕوات بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێك کە شایستەی ئەندامێتی بێت، لەبەر ئەوە ئاڵۆزییەکانی ناو ئەوروپا و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی تورکیا رێگرن لەوەی تورکیا بە ئەندام وەربگیرێت، واتە هێشتا ئەوە یەکلانەبۆتەوە ئایا تورکیا بە ئەندام وەردەگیرێت یان نا.

### ئەندامییەتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا پێگەی ناوچەیی تورکیا بەهێز دەکات

***بەڵام ئێمە وەك هەرێمی کوردستان و عێراقییەکانیش خۆشحاڵ دەبین رۆژێك زووتر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، هەروەها حەزیش دەکەین تورکیا بیسەلمێنێت یەکێك لە دراوسێکانمان دەوڵەتێکی ئەوروپییە؟**

- تورکیا لە بەر خاتری دەوڵەتە دراوسێکانی هەوڵی ئەوە نادات ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵکو بەرژەوەندییە نیشتمانییە ستراتیژییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت، هەموو دەوڵەتانی دیکەی جیهانیش بەم شێوەیە رەفتار دەکەن، لە روانگەی تورکیاوە بوون بە ئەندام لەو یەکێتییەدا پێگەی ناوچەیی تورکیا بەهێز دەکات، واتە تورکیا هەوڵ دەدات بە هۆی ئەندامێتییەوە لەو یەکێتییەدا ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت. ئەمە تەحەددایەکی گەورەیە لەبەردەم یەکێتی ئەوروپادا.

### کێشەی کورد لە تورکیادا کێشەیەکی سیاسییە و پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسیش هەیە.

***کاتێك سەیری کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا دەکەین، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە تورکیا جیاوازییەکی بەرچاوی نییە لە گەڵ وڵاتە ئیسلامییەکانی تردا، لە رووی پاراستنی مافی کەمینەکان و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا تورکیا دەست پێشخەر بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی لە رێی دیالۆگەوە، وەك کێشەی کورد، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- لە راستیدا پێویستە گۆڕانێکی گەورە لە تورکیادا رووبدات لە رووی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکانەوە، بەڵام دەبێت ئەو راستییەشمان لەبەرچاو بێت کە یەکێتی ئەوروپا چوارچێوەیەکی روون و ئاشکرای نییە بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی کەمینەکان، وڵاتانی ئەوروپا داوای رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد چوارچێوەیەکیان نییە بۆ هێنانەدی و دابینکردنی مافی کەمینەکان. لەبەر ئەوە نابێت لەو رووەوە یەکێتی ئەوروپا بکرێتە مۆدیلێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەکان لە تورکیادا. هەر بۆیە زەحمەتە قەناعەت بە تورکیا بکرێت کە هەوڵ و کۆشش بخاتەگەڕ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە، لە لایەکی دیکەوە کێشەی کورد لە تورکیادا کێشەیەکی گەورەیە، کێشەیەکی

بەرچاوە، کێشەیەکی سیاسییە و پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی هەیە. لـــە لایەکی دیکەوە هەر یەکە لە وڵاتانـــی ئەوروپا کارنامە و ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە و رەنگە کێشـــەی کـــورد لە ئەولەوییاتی کاری ئەو وڵاتانەدا نەبێت و ئەو وڵاتانە بە کێشەگەلێکی دیکەوە سەرقاڵ بن ئەوەش جێی داخە.

## دیموکراسی دەتوانێت کوردستان لە هەموو هەڕەشەیەک بپارێزێت

***بوونی ئەزموونێکی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە ببێتە ســـەرچاوەی خۆشحاڵی بۆ تورکیا، بەڵام بە پێچەوانەوە تورکیا هەوڵی لە ناوبردنی ئەو ئەزموونە دەدات، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەو بارەیەوە؟**

تورکیا ئەجێنـــدا و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها هەوڵی داوە فشـــار بخاتە سەر هەرێمی کوردســـتان، بەڵام من پێموایە ئەو رێگەیەی کوردەکان لە هەڕەشەکان دەپارێزێت، سەرچاوەی ئەو هەڕەشانە هەر چییەك بێت، تورکیا بێت یان هەر لایەنێکی دیکە، بریتییە لە دیموکراسی، ئەوەی کوردەکان لە تەحەدداکان دەپارێزێت بریتییە لە دیموکراســـی، دیموکراسی قەڵغانێکی گەورەیە بۆ پاراستنی کوردەکان، واتە دەبێت کوردەکان پابەندبن بە بەهاکانییەوە و بە شێوەیەکی دیموکراسی رەفتار بکەن. بەڵام کورد لەرووی ئەمنییەوە هەڕەشەی لەســـەرە، لەبەر ئەوە رەنگە پێویستیان بە بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی باش بێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، بەڵام رەنگە دەوڵەتە دراوسێکان لەو رووەوە ئیستیجابەیان نەبێت، لە راستیدا نموونە و پێشینەی مێـــژووی زۆرە کە زۆرێك لە دەوڵەتـــان دامەزراندنی پەیوەندییان لەگەڵ هەندێ لە هەرێمـــە ئۆتۆنۆمییەکاندا رەتکردۆتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو دەوڵەتانە گەیشتوونەتە قەناعەت کە هەڵوێستیان بگۆڕن، لەبەر ئەوە دەبێت کوردەکان هەوڵ بدەن قەناعەت بە تورکیا بکەن کە کوردســـتان خەڵاتێکی جیۆپۆلەتیکی گەورەیە بۆ تورکیا، لەبەر ئەوەی هەرێمێکی دیموکراسییە و تورکیا لە دەوڵەتە نادیموکراســـییەکانی ناوچەکە دادەبڕێت، لەبەر ئەوەی رەنگە یەکێتی ئەوروپا رایبگەیەنێت کە خوازیار نین دەوڵەتێك ببێتە ئەندام لە یەکێتییەکەماندا کە دراوســـێکانی نادیموکراسی بن وەك ئێران و عێراق، بەڵام کوردستان ئەم حاڵەتە پێچەوانە دەکاتەوە بۆ تورکیا و تورکیا دەتوانێت رایبگەیەنێت کە بڕوانن یەکێك لە دراوسێکانی ئێمە کوردستانە کە هەرێمێکی دیموکراسییە و ســـەرچاوەی گیروگرفت نییە بۆ ئێمە. لەبەر ئەوە رەنگە پێویست بکات سەرکردەکانی ئێوە لە داهاتوودا ئەو ئاڕاستەیە بگرنەبەر.

## هێشتا ناسەقامگیریی ناوخۆیی لە تورکیادا هەڕەشە لە سیستەمە سیاسییەکە دەکات.

***تورکیا هەوڵدەدات کێشەی کورد لە چوارچێوەی پەکەکە سەیربکات و بە شێوەی سەربازی و پێشێلکردن و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستانەوە چارەسەری بکات نەك لە رێی گفتوگۆوە، تیڕوانینی ئێوە چییە؟**

- تورکیا گۆشەنیگا و تێڕوانینی خۆی هەیە، ئەوەش جێی داخە تا ئێستا گفتوگۆ ئەنجام نەدراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، لە راستیدا پێویستە هەردوولا چەند هەنگاوێکی دیاریکراو بنێن بۆ ئەوەی بگەنە سازشـــێك، کەواتە پێویســـت بە هاوکاری دەکات لە نێوان هەردوولادا. لەبەر ئەوە دەبێت هـــەردوولا رێگە نەدەن دەنگە تونـــدڕەوەکان زاڵ بن، پێدەچێت حکومەتی تورکیا ئامادەی گفتوگۆ بێت، بەڵام چەند سنووربەندییەکی تەقلیدی هەیە لە ناو تورکیادا لەبەردەم هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەو چەشنەدا، وەك قەیرانی سیاســـی و دەستووری لەو وڵاتەدا. کێ دەزانێت، رەنگە هێشتا هەلومەرج و کاتەکە کامڵ نەبووبێت بۆ ئەوەی بگەنە سازشـــێك، بگەنە چارەسەرێك. لەبەر ئەوەی هێشتا ناسەقامگیرییەکی ناوخۆیی لە تورکیادا کە هەڕەشە لە سیستەمە سیاسییەکە دەکات.

## دیموکراسییەتی تورکیا ماوەیەتی کامڵ بێت

***مێژووی دەوڵەتە دیموکراسییەکان پێمان دەڵێن کە هەرگیز شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموکراســـییەکاندا هەڵنەگیرســـاوە، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە هێشتا تورکیا نەبووبێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی، ئەگەرنا هێرشی نەدەکردە سەر هەرێمی کوردســـتان، بۆچی تورکیا هەمیشە هەست دەکات لە ژێر هەڕەشەی دەرەکیدایە؟**

- ئەوە راستە کە هەمیشە ئاشتی هەبووە لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا و شەڕ لە نێوانیاندا هەڵنەگیرساوە، هەربۆیە تا ئێستاش شەڕێکی گەورە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا روونەداوە. لە لایەکی دیکەوە نابێت ئەو راســـتییەمان لە بیر بچێت کە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە ئارادایە نەك دیموکراسییەکی کامڵ و تەواو، واتە ئەگەری هەیە ئەم قۆناغە راگوزەرییە ناکۆکی و ئاڵۆزی لێبکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەوە سیاقە جیۆپۆلیتییەکە و بارودۆخە ناوخۆییەکان زۆر جار وا دەکەن هەردوولا بە شێوەیەکی توندوتیژانە رەفتار بکەن، من پێم دەبێت ســـەرکردەکانی هـــەردوولا پێکەوە کۆببنەوە و گفتوگۆ بکەن لە پێناو چارەســـەرکردنی کێشە ئەمنییەکان و پەرەپێدانی بازرگانی و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، لەبەر ئەوەی هەر چوونی تورکیا بۆ ناو قوڵایی خاکی کوردستان بە گران لە سەر تورکیا رادەوەستێت، لە لایەکی دیکەوە کوردستان پێویستی بە تورکیا دەبێت لەبەر ئەوەی تورکیا دەروازەیەکە بۆ کوردستان و تورکیا دەتوانێت کوردستان گۆشەگیربکات، هەر بۆیە دەبێت بگەنە رێککەوتنێك یان سازشێك کە تێیدا هەردوولا هەندێ لە دەستکەوت و ئامانجەکانی خۆیان بەدەست بهێنن.

## دەبێت هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە سەیری گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا بکات

***وا بڕیارە ســـەرۆك وەزیرانی تورکیا ســـەردانی بەغدا بکات و چاوەڕوان دەکرێت کۆبوونەوەیەکی دۆســـتانە لەگەڵ ســـەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات، تا چەند ئەو کۆبوونەوەیە دەبێتە هۆی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر؟**

- تورکیا دووچاری قەیرانی سیاســـی گەورە بۆتەوە، بە راست و دروستی نازانرێت تورکیا چ بڕیار و سیاسەتێك دەگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژانە، بۆ نموونە لە کێشـــەی قوبرسدا، تا ئێستا دیار نییە تورکیا چ بڕیارێـــك لەو بارەیەوە دەدات، ئەمەش کێشـــەیەکە رێگری دەکات لەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لەبەر ئەوەی قوبرس و یۆنان مافی ڤیتۆکردنی بە ئەندام وەرگرتنی تورکیایان هەیە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر لە مێژووی سیاسی ناوچەکە بڕوانێت ئەو راستییەت بۆ ئاشکرا دەبێت کە بـــە قەیرانی یەك لە دوای یەکدا تێپەڕیـــوە، لەبەر ئەوە ئەگەر چاوەڕوانی چارەســـەربوونی ئەو قەیرانانە بکەین بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین، ئەوا رەنگە هەرگیز کاتێکی گونجاو بۆ گفتوگۆ نەدۆزینەوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە **زۆرجار لە بارودۆخەکە دژوار و سەختەکانیشدا دەکرێت گفتوگۆکان ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنن و دەرئەنجامێکی خوازراویان لێ بکەوێتەوە،** هەر بۆیـــە دەبێت ئێوە زۆر جیددیانە لەو گفتوگۆیانە بڕوانن و ئەجێندای تایبەتی خۆتان هەبێت و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆتان لەبەرچاو بگرن و ئامانجتان خۆشگوزەرانی و خزمەتکردنی خەڵکەکەی خۆتان بێت. بەڵام من پێموایە ئەوەی پەیوەندی بە کێشـــەی کوردەوە هەبێت ئەوا دامەزراوەی ســـەربازی لە تورکیا خاوەنی دوا بڕیارە لەو بارەیـــەوە، هەر بۆیە ئەگەر هەردوو سەرۆك وەزیران گەیشـــتنە رێککەوتنێك و دامەزراوەی سەربازی تورکیا قبوڵی کرد، ئەوا رەنگە ســـەرەتایەك زۆر باش بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکان و گەیشتن بە سازشـــێك کە هەردوولا قەناعەتییان پێ هەبێت مسۆگەر دەبێت.

●●●

**سەرۆکی فەڕەنسا سارکۆزی و راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مارکێز پێیان وایە هێشتا تورکیا لە پێگەیەکدا نییە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، هەروەها دەبێت تورکیا بە پرۆسەیەکی چاکسازیدا بڕوات بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێک کە شایستەی ئەندامێتی بێت**

●●●

●●●

**زۆرجار لە بارودۆخەکە دژوار و سەختەکانیشدا دەکرێت گفتوگۆکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و دەرئەنجامێکی خوازراویان لێ بکەوێتەوە**

●●●

**پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆ کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرس داکۆتای تایبەتمەندە لەسەر کێشەی ئەتنیەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی و نامەی ماستەرەکەی لەسەر فیدرالیزمی بۆسنیاو هەرزە گۆڤینیایە، لەم بوارەشدا چەندین کتێب و توێژینەوەی هەیە کەیەکێك لە کتێبەکانی بەناونیشانی ((ناسنامەی گروپە ئەتنیەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا))یە**

**پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی لەسەر ئەم بوارانە وەك پرۆفیسۆر کاریکردووەو توێژینەوەی ئەنجامداوە:**

**١-بزووتنەوەی ریفراندۆم لەکوردستاندا: هەلێکی سیاسی و ناسنامەی نەتەوەیی، لەم توێژینەوەیەدا بەڕێز ئازاد بەرواری هاوکاری کردووە.**

**٢-هەڵوەشانەوەی چیك و سلۆڤاکیا**

**٣-سەربەخۆیی تیموری رۆژهەڵات**

**٤-فیدرالیزمی بۆسنیاو هەرزە گۆڤینیا**

**٥-جیۆپۆلێتیکی یەکێتی سلۆڤییا، رووسیا، بلوروسیا**

**٦-شەڕی ناکرنۆ کەرەباخ لەنێوان فەرەنسا و ئازەربایجان**

**ئەمەو چەندین توێژینەوەو دیراساتی دیکەی هەیە لەسەر مەسەلەکانی دیموکراتی و بونیادی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە سەربەخۆدا.**

**بۆ قسەکردن لەسەر تورکیاو پەیوەندی نێوان هەولێرو ئەنقەرەدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی کرد و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



**پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆ**
**پرۆفیسۆر لەکێشە ئەتنیەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی نۆرس داکۆتا بۆ گوڵان:**

# هەتا تورکیا کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر نەکات سیاسەتی دەرەوەی باش نابێت

## هەتا ئێستاش لەنێوان پارتی دادوگەشەپێدان و دامەزراوەی سەربازی تورکیادا ناکۆکی هەیە

*** هەموو چاودێرێکی باردۆخی سیاسی تورکیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نزیکبوونەوەی تورکیا یان بە ئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئەورپا خزمەتێکی گەورە بە ئایندەی تورکیا دەکات و دەروازەیەك بۆ هەموو کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی تورکیا ئاوەڵا دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە تورکیا بەبایەخەوە هەوڵ بۆ ئەم ئامانجە نادات ؟**

- سەرەتا من لە گەڵ ئەو لێکدانەوەیەدانیم کە تورکیا دەبێتە دەوڵەتێکی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، بە لای کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا، چەند کۆسپ و ئاستەنگێك هەن، یەکەم، کێشە و قەیرانێکی ناوخۆیی هەیە لە تورکیادا، بە تایبەتی کە هەوڵی قەدەغەکردنی پارتی دادوگەشەپێدان دەدرێت، ئەمەش بە فیعلی دەرگا بە رووی ئەندام بووندا دادەخات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت تورکیا بە کۆی دەنگی وڵاتانی ئەوروپا بە ئەندام وەربگرێت، بەڵام نزیکەی لە سەدا هەشتای خەڵکی ڤییەنا بەرهەڵستی بە ئەندام بوونی تورکیا دەکەن، فەرەنسا بە روونی راگەیاندووە کە خوازیاری ئەوە نییە تورکیا بچێتە پاڵ یەکێتی ئەوروپا. لە لایەکی دیکەوە ناکۆکی هەیە لە نێوان پارتی داد و گەشەپێدان و دامەزراوەی سەربازی لەو وڵاتەدا، واتە یەك هەڵوێست نین لە ئاست ئەگەری بوون بە ئەندام، بۆ نموونە ئایا پارتی داد و گەشەپێدان ئامادەیە ئەو حکومەتە عەلمانییە پێکبهێنێت کە یەکێتی ئەوروپا خوازیارێتی، لە لایەکی دیکەوە سوپای تورکیا بەردەوامە لە سەر سەرکوتکردنی کوردەکان، واتە لە کاتێکدا کە دەدوێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا بەڵام ئەو مەرجانە ناهێنیتەدی کە پێویستە بۆ وەرگرتنی تورکیا وەك ئەندام لەو یەکێتیەدا.

## سیاسەتی دەرەوەی تورکیا رەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆی ئەو وڵاتەیە

*** بەڵام ئەگەر سیاسەت لەدەستی دامەزراوەی سوپا بێتە دەرەوە وحکومەت، حکومەت بێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیاشدا روودەدات، ئایا چاوەڕێی ئەم گۆڕانکارییە دەکرێت ؟**

- لە راستیدا من پێم وایە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا مەحکومە بە بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار سیاسەتی دەرەوە رەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆییە، بە دڵنیاییەوە کێشەی کوردیش کاریگەری و رەنگدانەوەی لە سەر هەلومەرج و واقیعی سیاسی ناوخۆی تورکیا دەبێت، واتە رەنگە لە ئایندەدا تورکیا و عێراق کێشەیان هەبێت لە رووی چۆنییەتی مامەڵەکردن لە گەڵ پرسی کورددا، لە لایەکی دیکەوە تورکیا دەتوانێت ببێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ هەناردەکردنی بەرهەمەکان بۆ دەرەوە. بەڵام دووبارەی دەکەمەوە سیاسەتی ناوخۆی تورکیا سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دەستنیشان دەکات.

***ئایا هەر ئەم رەفتارانەی سیاسەتی ناوخۆی تورکیا واینەکردووە، هەتا ئێستاش تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەرامبەر رێزگرتن لەمافی کەمینەو مافەکانی مرۆڤ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت؟**

ترس و نیگەرانی تورکیا ئەوەیە گەشـەکردن و بەرەوپێشچوونی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردسـتان لە رووی کەلتوورو خاکەوە، بە چەشـنێك کە ئەگەری دروسـتبوونی دەوڵەت و سەرهەڵدانی سـەربەخۆیی لێبکەوێتەوە، ناسـنامەی تورکیا وەك گەلێکی یەکگرتوو و یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەخاتە ژێر گومانەوە.

بەرژەوەندی ئەمەریکا لەوەدایە
دامەزراوەی سەربازی تورکیا تورە نەکات

**•بەڵام تورکیـا زیاتر لەنیوسـەدەیە ئەندامـی ناتۆیە، چۆن هەرێمێکی لاواز دەتوانێت هەرەشەبێت بۆ سەر دەوڵەتێکی گەورە کە ئەندامی ناتۆش بێت ؟**

- رێکخراوی ناتۆ تەنها پێکهاتەیەکی سـەربازی نییە، بەڵکو هەوڵی پەرەپێدانی بەهاگەلێکی دیاری کراو دەدات، بۆ نموونە هەوڵی پەرەپێدانی ئەو بەهایە دەدات کە دەبێت دامەزراوەی سـەربازی لە ژێر کۆنترۆڵی دەسـەڵاتی مەدەنیدا بێت. بـەڵام لەلایەکـی دیکـەوە بەرژەوەنـدی ئەندامـان و بە تایبەتی ئەمەریکا ئەوەیە کە دامەزراوەی سـەربازی تورە نەکات، لەبـەر ئەوەی ئەگەر هەسـت بکات هەرەشـەی لەسـەرە، ئـەوا کودەتـای سەربازی ئەنجام دەدەن، تورکیا بە رووی جیهانـدا دادەخەن، ئەمەش زیان بە ناتۆ و تورکیا و ناوچەکە دەگەیەنێت.

**تورکیاش هەمیشە هەوڵی بە تورکی هێشـتنەوەی تورکیا دەدات بۆیە دیموکراسییەتی کوردسـتان بـە هەرەشـە لەقەڵەم دەدات**

*** وەڵامەکانـی بەرێـزت زیاتر پرسـەکان دەورووژێنێت، بـە واتەیەکی دیکـە بوونی کیانێکـی دیموکراسـی وەك هاوسـێیەکی تورکیـا لەبەرژوەنـدی تورکیادایـە، ئـەوەی ئەم شـرۆڤەیە ئاڵۆز کردووە ئەوەیە تورکیا بە کیانە دیموکراسییە نیگەرانە ؟**

- دووبـارە دەگەرێمـەوە بـۆ بارودۆخـی ناوخۆی تورکیـا، ئەگـەر هەرێمی کوردستان سەرکەوتن بەدەست بهێنێـت ئەوا دەبێتە رەمزێك و رەنگە ببێتە هۆی جۆشـدان و جوڵاندنـی کوردەکانی تورکیـا. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر دیموکراسی لە عێراقدا هەبێت ئەوا شیعەکان رای دەگەیەنن کە لە بەرئەوەی زۆرینەن ئەوا دەبێت جڵەوی حوکم بە دەست ئەوانەوە بێت، سـوننەکانیش ئەمە رەت دەکـەن و ئەو کاتە ئەگەری هەڵگیرسانی شـەری ناوخۆیی دێتە ئاراوە و ئەو وڵاتە لێك دەترازێت و رەنگە کوردستان جارێ سەربەخۆبوون بدات. ئەمەش ئەوەندەی دیکە دەسـەڵات و دەسترۆیشتووی کوردەکان زیاد دەکات، تورکیاش هەمیشـە هەوڵی بە تورکی هێشـتنەوەی تورکیا دەدات، ئەمە بە هەرەشە دەزانێت، هەر بۆیە بەردەوام کەمینەکان سەرکوت دەکات.



**من پێم وانیە تورکیا هەسـت دەکات لـە ژێر هەرەشـەی دەرەکیدایـە، بەڵکـو بـە پێچەوانەوە تورکیا هەسـت دەکات لـە ژێر هەرەشـەی ناوخۆییدایە**، مـن دووبارەی دەکەمەوە بۆ تێگەیشـتن لە سیاسـەتی دەرەوەی تورکیا دەبێـت بگەرێینـەوە بـۆ بارودۆخی ناوخۆی تورکیا.

*** وا بریـارە سـەرۆك وەزیرانـی تورکیا سـەردانی بەغـدا بکات و چـاوەروان دەکرێـت کۆبوونەوەییەکـی دۆسـتانە لە گەڵ سـەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتاندا بکات، تا چەند ئـەو کۆبوونەویـە دەبێتـە هـۆی ئاسـایی کردنەوەی پەیوەندییەکانـی ئەنقـەرە و هەولێر؟**

- ئەگـەر دەرئەنجامی ئەو کۆبونەوانە لە گۆشـەنگیای تورکیـاوە ئیجابی بوون، واتە ئەگـەر نیگەرانییەکانـی تورکیایان رەواندەوە لە ئاسـت ئەگەری دابەشبوون و پارچە پارچە بوونی عێراق و ئەگەر زەمانەتی ئەوە بە تورکیا درا کە رێگا نادرێت هیچ ناوچەیەکی عێراق ببێتە شوێنی داڵدەدانی کوردەکانی تورکیا بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر تورکیا، ئەوا دەرئەنجامی خوازرا و ئیجابی لێدەکەوێتەوە.

**دەبێت تورکیا بە کۆی دەنگی وڵاتانی ئەوروپا بە ئەندام وەربگرێت، بەڵام نزیکەی لە سەدا هەشتای خەڵکی ڤیەننا بەرهەڵستی بە ئەندام بوونی تورکیا دەکەن**

**ئایا پارتی داد و گەشە پێدان ئامادەیە ئەو حکومەتە عەلمانییە پێکبهێنێت کە یەکێتی ئەوروپا خوازیارێتی، سوپای تورکیا بەردەوامە لە سەر سەرکوتکردنی کوردەکان**

**من پێم وانیە تورکیا هەست دەکات لە ژێر هەرەشەی دەرەکیدایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تورکیا هەست دەکات لە ژێر هەرەشەی ناوخۆییدایە**



**پرۆفیسۆر ریچارد بیولییت**
**ئوستادی زانستی سیاسەت له زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ گوڵان:**

# تورکیا خوازیارە دەوڵەتێکی دیموکراسی هاوسێی بێت بەڵام حەزدەکات ئەو دەوڵەتە عێراق بێت نەک کوردستان

**پرۆفیسۆر ریچارد بیولیت ئوستادی زانستی سیاسەته له زانکۆی کۆلۆمبیا و بەڕێوەبەری سەنتەری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسته له هەمان زانکۆ و، تایبەتمەنده لەسەر کۆمەڵگەی ئێران و تورکیا و کار لەسەر دیالۆگی نێوان ئیسلام و کریستیان دەکات.**

**بۆ قسەکردن لەسەر رازی نەبوونی کۆمەڵگەی کریستیانی ئەوروپا لەسەر بە ئەندام بوونی تورکیا له یەکێتی ئەوروپا و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ریچارد بیولیت کرد و بەڕێزی بەمجۆرە هاته ئاخاوتن.**

## سوپا حکومڕانی ناوچه کوردییەکانی تورکیا دەکات

***که باس له وەدەکرێت بۆچی تورکیا نابێته ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا، زۆربەی چاودێران دەڵێن باردۆخی ناوخۆی تورکیا ئاڵۆزەو ئەم ئاڵۆزییەش رێگره لەبەردەم تورکیادا، پرسیاری ئێمه ئەوەیه ئایا ئاڵۆزییەکانی تورکیا رێگەی چارەسەریان نییە؟**

- یەکێتی ئەوروپا داوای له تورکیا کردووه چەند هەنگاوێك هەڵبگرێت بۆ گرتنەبەری سیاسەتگەلێك که نزیکبن لەو سیاسەتانەی وڵاتانی ئەوروپا پیادەی دەکەن له بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان، تورکیا چەند هەنگاوێکی لەو بوارەدا هەڵگرتووه، بەڵام رەنگه فشاری زیاتری بخرێتەسەر له لایەن یەکێتی ئەوروپاوه بۆ ئەوەی تێکڕای ئەو چاکسازییانه بهێنێتەدی که پێویستن بۆ وەرگرتنی تورکیا له یەکێتی ئەوروپادا، بەڵام کێشەکه ئەوەیه **بارودۆخێکی سیاسی و ناوخۆیی ئاڵۆز له تورکیادا هەیه که وا دەکات هێنانەدی ئەو گۆڕانکارییانه له تورکیادا زەحمەت بێت.**

بارودۆخی ناوخۆی تورکیا بریتییه له دابەشبوونێك له ناو کۆمەڵگەی تورکیادا، بۆ نموونه بەشێکی بەرچاوی وڵاتەکه پشتگیری له حکومەتی ئێستای تورکیا دەکەن، بەڵام بەشێکی گەورەی دانیشتوانی وڵاتەکەش پتر پەیوەستن به تێڕوانینێکی سیاسی جیاوازەوه که دامەزراوەی سەربازی ئەو وڵاته پشتگیری لێدەکات. ساڵانێکی دوورودرێژه سوپای تورکیا خۆی به پاسەوان و بەرگریکاری تورکیا دەزانێت له دژی ئەوەی پێی دەڵێت تیرۆریزمی پەکەکە، هەر بۆیه ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا له ژێر سەرپەرشتی سوپای ئەو وڵاتەدایه. لەبەر ئەوه زەحمەته بۆ حکومەتێکی مەدەنی له سایەی ئەم بارودۆخه سیاسییه دژواره و له سایەی هەڵوێست و پێگەی سوپای وڵاتەکەدا بتوانێت داواکارییەکانی دامەزراوەی سەربازی رەت بکاتەوه. که من پێم وایه دەبێت هەڵوێستی سوپای تورکیا له ئاست بارودۆخی عێراقدا بگۆڕێت و پتر ئەو بارودۆخه قبوڵ بکات.

## دەبێت دان به هەوڵەکانی حکومەتی ئێستای تورکیادا بنێین که به ئاراستەیەکی ئیجابیدا خراونەتەگەڕ

***ئایا هەر ئەم سیاسەتەی عەسکەر واینەکردووه تورکیا وەك دەوڵەتێکی ئەوروپی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، ئایا تاکەی دەسەڵاتی سەربازی تورکیا هەوڵدەدات به پێشێلکردنی مافی کورد درێژه بەمانەوەی دەسەڵاتی خۆی بدات ؟**

- من پێم وایه له ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بارودۆخی کەمینەی کوردەکان له تورکیادا به شێوەیەکی بەرچاو باش بووه، بەڵام له هزری زۆرێك له تورکەکاندا هێشتا ترس و نیگەرانی هەیه به تایبەتی به هۆی ئەو توندوتیژییەی له کێشەی پەکەکەوه دەکەوێتەوه، لەبەر ئەوه دوودڵن لەوەی وەك شەریکێکی یەکسان مامەڵه لەگەڵ کەمینەی کوردەکاندا بکەن.

من پێم وایه بەله بەرچاوگرتنی توندوتیژی و باوردۆخی سەختی رابردوو، هەنگاو هەڵگرتن بۆ گۆڕینی ئەم هەل و مەرجه کارێکی زەحمەته و نابێت چاوەڕوانی ئەوه بکەین به رەوتێکی خێرا رووبدات، بەڵام من پێم وایه دەبێت دان به هەوڵەکانی حکومەتی ئێستای تورکیادا بنێین که به ئاراستەیەکی ئیجابیدا خراونەتەگەڕ.

## دەبێت ئەندامییەتی تورکیا له ناتۆ له چوارچێوەی شەڕی ساردا بخوێنرێتەوه

***بەڵام توركیا لەبەر ئەوەی ئەندامی ناتۆیە ئەگەر ئاڵۆزییە ناوخۆییەكانی چارسەربكات مەترسی هەڕەشەی دەرەكی نییە، بەڵام هەموو كات هەوڵدەدات ئاڵۆزییە ناوخۆییەكانی وەك هەڕەشەی دەرەكی پیشان بدات، ئایا ئەم چەند بە سلبی لەسەر توركیا دەشكێتەوە ؟**

- بوونی توركیا بە ئەندام لە ڕێكخراوی ناتۆدا دەبێت لە سیاقی شەڕی سارددا لێكبدرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئامانج لە دامەزراندنی ئەو ڕێكخراوە بریتی بوو لە پێكهێنانی هاوپەیمانێتییەكی ستراتیژیی لە دژی یەكێتی سۆڤییەت، لەبەر ئەوە بوون بە ئەندام لەو ڕێكخراوەدا هاوشان نەبوو بە هێنانەدی مەرجگەلێكی دیاری كراو. گریمانەی ئەوە دەكرا، ئەو ئەندامانە وڵاتگەلێكی دیموكراسی بن. ئەندامێتی توركیا لە ڕۆژگارەكانی كودەتای سەربازی و توندوتیژی لە نێوان پارتە سیاسییەكانی توركیادا درێژەی هەبوو، ئێستاش كە حكومەت هاوسۆزە لە گەڵ ئایندا هەر درێژەی هەیە. واتە بوونی توركیا بە ئەندام لە ناتۆدا كاریگەرییەكی گەورەی نەبووە لە سەر بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتە، شتێكی ناواقیعیشە ئەگەر چاوەڕوان بكەین بوون بە ئەندام لە ناتۆدا دەبێتە سەرچاوەی فشار بۆ ئەوەی توركیا گۆڕانكاری لە هەڵوێستەكانیدا بكات، من پێم وایە بوونی توركیا بە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپادا دەبێتە سەرچاوەی ئەو فشارە.

## توركیا خوازیارە دەوڵەتێكی دیموكراسی دراوسێی بێت بەڵام حەزدەكات ئەو دەوڵەتە عێراق بێت نەك كوردستان

***بوونی ئەزموونێكی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستاندا پێویستە ببێتە سەرچاوەی خۆشحاڵی بۆ توركیا، بەڵام بە پێچەوانەوە توركیا هەوڵی لە ناوبردنی ئەو ئەزموونە دەدات، ڕاو و بۆچوونی ئێوە چییە لەو بارەیەوە؟**

توركیا خوازیارە دەوڵەتێكی دیموكراسی دراوسێی هەبێت، بەڵام خوازیارە ئەو دەوڵەتە عێراق بێت نەك كوردستان، واتە ئەگەر دیموكراسییەتی هەرێمی كوردستان بەشێك بێت لە دیموكراسییەتێكی گەورەتر لە عێراقدا و لەو چوارچێوەیەدا بێت، ئەوا ڕەنگە توركیا زۆر نیگەران نەبێت، بەڵام سەرهەڵدانی دەوڵەتێكی كوردی، دیموكراسی بێت، دەبێتە سەرچاوەی نیگەرانی بۆ توركیا. حاڵی حازر توركیا دڵنیا نییە ئایندەی كوردستان چی دەبێت، لەبەر ئەوەی هێشتا كێشە دەستوورییەكانی پەیوەست بە فیدراڵییەتەوە یەكلانەكراوەتەوە.

***بەڵام پێت وا نییە بوونی كوردستانێكی ئارام دەبێتە بەربەستێك لە بەردەم ئەو توندوتیژییەی لە ناوەڕاستی عێراقدا هەیە لەوەی بگاتە توركیا؟**

- ئەو توندوتیژییەی لە ناوەڕاستی عێراقدا هەیە ئاراستەی هێزە داگیركارەكان و حكومەتی عێراق دەكرێت، نەك توركیا، واتە توركیا قوربانی ئەو توندوتیژییانە نییە، لەبەر ئەوەی هیچ هێزێكی لەو ناوچانەدا نییە. لە ڕاستیدا توركیا نیگەرانە لەو توندوتیژییەی لە خاكی هەرێمی كوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، مەبەستم لە بوونی پەكەكەیە لەو ناوچەیەدا، بە چاوپۆشین لەوەی ئایا ئەم بانگەشەیەی توركیا بانگەشەیەكی ووردە یان نا. كەواتە سیاسەتی توركیا لە ئاست كوردستاندا پەیوەندی بەو توندوتیژییانەوە نییەكە لە بەشەكانی دیكەی عێراقدا ڕوودەدات. بۆ زۆرێك لە خەڵكی جیهان، كوردستان هەرێمێكی سەقامگیر و دیموكراسی و سەركەوتووە، بەڵام بۆ دامەزراوەی سەربازی توركیا پێگەیەكە بۆ ئەو توندوتیژییەی لەو سنوورەوە دێت، ڕەنگە سوپای توركیا لەم تێڕوانینەیدا هەڵەبێت، بەڵام ئەم نیگەرانی و تێڕوانینە كاریگەرییەكی زۆری هەیە لە سەر هاوسەنگی ناوخۆی توركیا لە نێوان موحافیزكارەكانی سوپا و پێشكەوتووخوازەكانی ناو حكومەت.

## توركیا هەوڵدەدات ببێتە دیموكراسی بەڵام سوپا ئەو هەوڵانە بێ ئاكام دەكات

***ئەوە ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگرە كە دیموكراسییەتی كوردستان هەتا ئێستا ڕێگر بووە لەوەی ئاڵۆزییەكان زیاتر هەڵبكشێن، واتە دیموكراسی كوردستان هۆكارێك بووە بۆ ڕەواندنەوەی مەترسی دەرەكی لەسەر توركیا . ئایا بۆچی توركیا ئەمە لەبەرچاو ناگرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەو تیۆرەی پێی وایە شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموكراسییەكاندا سەرهەڵنادات بە شێوەیەكی گشتی بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا پەیڕەو نابێت كە لە پرۆسەی بنیاتنانی دیموكراسیدان. توركیا مێژوویەكی دوورو درێژی هەیە لە بنیاتنانی دیموكراسی، بەڵام هەمیشە هێزە سەربازییەكانی توركیا توانیویانە حكومەتە هەڵبژێدراوەكان بروخێنن هەر كاتێك ویستبێتیان. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانرێت بە توركیا بووترێت دەوڵەتێكی كامڵە لە ڕووی دیموكراسییەوە، لە كاتێكدا سوپای ئەو وڵاتە ڕۆڵێكی ئاوا بەرچاو دەبینێت لەو وڵاتەدا. ئەوەی پەیوەندی بە كوردستانەوە هەبێت، ئەوا دەكرێت بڵێین كوردستان لە قۆناغی هەوڵداندایە بۆ بنیاتنانی دیموكراسی، واتە ئەو پرۆسەیە دەستی پێكردووە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت بە دیموكراسییەتی كوردستانیش بووترێت دیموكراسییەتێكی كامڵە، ئەو شتە ئیجابییەی دەتوانرێت لە بارەی كوردستانەوە بووترێت ئەوەیە كوردستان هەوڵی ئەوە دەدات كە كۆمەڵگەیەكی ئاشتیخواز و گەشەكردوو بنیات بنێت لە هەلومەرجێكی سەخت و دژواردا.

*** وا بڕیارە سەرۆك وەزیرانی توركیا سەردانی بەغدا بكات و چاوەڕوان دەكرێت كۆبوونەوەیەكی دۆستانە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بكات، تا چەند ئەو كۆبوونەوەیە دەبێتە هۆی ئاسایی كردنەوەی پەیوەندییەكانی ئەنقەرە و هەولێر؟**

- ئەو چاوپێكەوتن و كۆبوونەوەیە ڕووبدات شتێكی گرنگ دەبێت، بەڕێز ئەردۆگان سەركردەیەكی ژیرە و هەوڵی هاوسەنگ ڕاگرتنی بەرژەوەندییە جیاوازەكانی ناو گۆڕەپانی سیاسی توركیا دەدات و ڕەنگە لە پێگەیەكدا بێت كە بتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ سەركردە كوردەكاندا بكات، ئەگەر ئەمەش ڕووبدات ئەوا بە تێپەڕبوونی كات دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی ئاڵۆزی و ناكۆكی سەربازی سەر سنوور، واتە من گەشبینم لە دەرئەنجامی ئەو كۆبوونەوەیە.

***دوا ووتەت بۆ گۆڤارەكەمان چییە؟**

من تەنیا ئەوەندە دڵنیم كە خەڵكی ئەمەریكا تەنیا هەواڵەكانی بەشەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەبیستن، نەك دەربارەی بارودۆخی ڕاستەقینەی كوردستان، بە داخەوە ئەوەی لە بارەی كوردەكانەوە دەبیستن ئەوەیە كە كوردەكان هەوڵی كۆنترۆڵكردنی نەوتی كەركوك و نیشتەجێكردنی خێزانە كوردییەكان دەدەن لە شاری موسڵدا، من پێم وایە دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئاشناكردنی خەڵكی ئەمەریكا و هاوڵاتیانی ئەمەریكا بە بارودۆخ و نیازی ڕاستەقینەی كوردەكان.

**بارودۆخێكی سیاسی و ناوخۆیی ئاڵۆز لە توركیادا هەیە كە وا دەكات هێنانەدی ئەو گۆڕانكارییانە لە توركیادا زەحمەت بێت**

**بوونی توركیا بە ئەندام لە ناتۆدا كاریگەرییەكی گەورەی نەبووە لە سەر بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتە**

**هەمیشە هێزە سەربازییەكانی توركیا توانیویانە حكومەتە هەڵبژێدراوەكان بروخێنن هەر كاتێك ویستبێتیان. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانرێت بە توركیا بووترێت دەوڵەتێكی كامڵە لە ڕووی دیموكراسییەوە**